

# کوشتنی فەرەج فۆدە

## هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میـانـڕەوی ئیسلامی!

نوسینی محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٩

# کوشتنی فەرەج فۆدە

## هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی مـیــانــڕەوی ئیسلامی!

**نووسینی: محەمەد هەریری**

**چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٩**

# پێشەکی

فەرەج فۆدە کەسێکی هەستیار بوو لەناو نێوەندێک لە هیستریای دینی، دەیزانی ئەو هیستریایە دینیە بە کۆمەڵە وڵاتەکەی بەرەو چ کارەساتێک دەبات، لە هەندێ لە پێشبینییەکانی فۆدە دەتوانی هەموو توندوتیژیەکانی قاعیدە و داعش بدۆزیتەوە، کە چۆن فۆدە پێشبینی کردووە.

بەڵام فۆدە هەر موعاناتی لە دەست ئیخوان وئیسلامییەکان نەبوو، بەڵکو بە دەست حزبە بەناو عەلمانیەکان و دەسەڵاتی عەلمانیش دەیناڵاند، کە لەبەر گەندەڵیان زۆر یاریدەدەر بوون بۆ دەرکەوتن وبەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی و دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانەکە.

دیاردەی ڕاستگۆیی و ئەستۆ پاکی فەرەج فۆدە، هێندە گەورە بوو، نیگەرانی خستبووە دلی سەرتاسەری ئیسلامییەکان، بە ئیسلامی حکومیشەوە، جونکە ئەزهەر و شەعراوی ومحمد غەزالی نزیک لە حکومەتیش دژایەتیان دەکرد بەر لە ئیخوان و الجماعة الاسلامية و جماعة الجهاد و باقی توندڕەوەکانی تر. بۆیە بەرلەوەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی فەتوای کوشتنی بدەن، احمد مەزروعەی جێگری سەرۆکی بەرەی زانایانی ئەزهەر فەتوای تەکفیر و هەڵگەڕانەوەیان دا!

بەو شێوەیە ئیسلامی سیاسی بە عمر عبدالرحمن و سەڵاح ئیسماعیلی جیهادی و بەناو ئیخوانە میانڕەوەکان، لەگەڵ ئیسلامی ڕەسمی حکومی بە ئەزهەر و غەزالی وشەعراویش، هەماهەنگ بوون و گەلەکۆمەیان لێکرد، نەیانتوانی بەرگەی فیکری فەرەج فۆدە بگرن، و وەڵامی دەنەوە بە وشە، لە جیاتی چەندین گەمژەی ساویلکەی دینیان فریودا بە گوللە وەڵامی فۆدەی شەهید بدەنەوە.

لە جیهانی ئیسلامیدا تەنها توندڕەو وتیرۆرستان یادی گەرم وگوڕیان بۆ دەکرێتەوە، بڕوانە چی بۆ سەید قوتب دەکرێت، کە جیهادی دەکرد بۆ هێنانەوەی حوکمی شەریعەتێک، کە تەنها کارەساتی کۆمەلایەتی وسیاسی لێدەکەوتەوە، چیش بۆ فەرەج فۆدە دەکەن، کە هەموو ئامانجی پێکەوە ژیان و دەوڵەتی هاولاتی بێ فەرق وجیاوازی، و نیشتیمانێکی دیموکراتی و پێشکەوتوخواز بوو.

کاتێ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەبیتەوە، مەگەر بڕیاری پێشوەختەت دابێ، دەنا دەگەیتە قەناعەتی تەواو، کە ئەوەی پێی دەگووترێت ئیسلامی میانڕەو تەنها وەهم و ئەفسانەیە. چونکە کەسێکیان لەوپەڕی میانڕەویەوە تا ئەوپەری توندڕەویەوە نەیانگووت، ئەو کابرایە نابێ تەکفیر بکرێ، ونابێ بکوژرێ و فەتوای کوشتنی بدرێ. هەموویان بەژداربوون لە ڕشتنی خوێنی فەرەج فۆدەی مەزن.

محەمەد هەریری

## بەشی یەکەم

# دەروازەیەک

## بۆ ژیان و بیری فەرەج فۆدە

# دەروازەیەک بۆ ژیان و بیری فەرەج فۆدە

فەرەج فۆدە نووسەرێکی میسرییە، لە ١٩٤٥/٨/٢٠ لە شاری دومیات لە میسر لە دایک بووە، هەڵگری ماستەر بوو لە زانستی کشتوکاڵی و دکتۆرا لە ئابووری کشتوکاڵیدا، لە زانکۆی عین شمس، دوو کوڕ ودوو کچی هەیە، لەسەر دەستی الجماعة الاسلامية لە ١٩٩٢/٦/٨ لە قاهیرە تیرۆر کرا. فەرەج فۆدە لە زۆر لە بڵاوکراوەکانی ئەوسای میسری دەنووسی بە تایبەتی گۆڤاری اکتۆبەر و ڕۆژنامەی الاحرار.

فۆدە کەسێکی قوڵبوەوەی ناو ئیسلامیات بوو، زۆر شارەزای مێژوو و تێکست و تەفسیر و فیقهی ئیسلامی بوو، کاریگەری خوێندنەوە زۆرەکانی هەتا لەسەر نووسین و زمانی قسەکردنی بە ڕاشکاوی بەجێ هێشتووە. دەتوانم بڵێم ئاستی شاعیریەتی نووسینی لە عەرەبیدا ئەگەر نووسیەکانی سەید قوتب تێپەڕنەدا، ئەوە شان لە شانیان دەدات. هەتا شاعیرێکی نابینای میسڕی هەیە سەلاح عبدوللا لە بەرنامەیەکدا تێکستێکی درێژی فەرەج فۆدەی لە یەکێ لە کتێبەکانی وەک شیعر لەبەر دەیخوێندەوە، لە ستایشی بلیمەتی زمانەوانی فەرەج فۆدەدا!

فەرەج فۆدە تەبەنای مەنهەجی لیبڕالی دەکرد و ڕەخنەی لە سادات دەگرت لەبەر گەشەکردنی ڕەوتە دینیەکان  لە سەردەمی ئەو، و ناوی نابوو بە ئینتیحاری ساداتی، کە یارمەتی ساداتیان دەدا بۆ سەرکەوتن بەسەر ناسڕییەکان و چەپرەوەکان، تا کۆنترۆڵی بەسەر نەما تا بەدەستی یەکێک لەوانە کوژرا. هەروەها فۆدە دژی ڕاپرسی بوو لەسەر تەبەناکردنی شەریعەتی ئیسلامی وەک تاقە سەرچاوەی شەریعەت یان سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکان

لە ساڵی ١٩٨١، فودە ئەو کارەی بە ئامادەکارییەک زانی بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی دینی.[1]

فەرەج فۆدە کەسێکی هەستیار بوو لەناو نێوەندێک لە هیستریای دینی، دەیزانی ئەو هیستریایە دینیە بە کۆمەڵە وڵاتەکەی بەرەو چ کارەساتێک دەبات، لە هەندێ لە پێشبینییەکانی فۆدە دەتوانی هەموو تووندوتیژیەکانی قاعیدە و داعش بدۆزیتەوە، کە چۆن فۆدە پێشبینی کردووە.

بەڵام فۆدە هەر موعاناتی لە دەست ئیخوان وئیسلامییەکان نەبوو، بەڵکو بە دەست حزبە بەناو عەلمانیەکان و دەسەڵاتی عەلمانیش دەیناڵاند، کە زۆر یاریدەدەر بوون بۆ دەرکەوتن وبەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی و دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانەکە.

لەلایەک دەسەڵاتی سیاسی قەبارەیەکی زۆر گەورەی بە شێخ شەعراوی دابوو، تا ئەو ڕادەیەی دیاردەی شەعراوی دروست کرد بوو. شەعراوی سەرەڕای شێوازی شەعبی و تەقلیدی و نزیکی لە خەڵکی سادە وبەسیتی میسر، بەڵام زۆرجار بیروڕای زۆر ترسناکی دەخستە مێشکی خەڵکە سەرسامەکەی، وەک ڕق لێبوونەوە لە مەسیحییەکان و ڕێزنەگرتنیان، یان مەرگدۆستی وبایەخ نەدان بە چارەسەری نەخۆشی بۆئەوەی بگەیتەوە لای خوا، دژایەتی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ، وحەڕامکردنی مامەڵەکردنی خەڵک لەگەڵ بانک، و پشتگیری کردنی لە کۆمپانیاکانی بەگەڕخستنی پارە [شرکات توظیف الاموال] کە بووە هۆی خواردنی پارەوپولێکی زۆری خەڵکی هەژار! وەسفکردنی مەلیک فەهد بە سێبەری خوا لەسەر زەوی:

---

[1] - محاكم التفتيش: ضحايا الفكر بين الماضي والحاضر، دار ابن رشد، دينا انور، ص ١٥

**یا ابن عبد العزیز.. یا فهد شکرًا**

**أنت ظل الله في الأرض**

**تحیا بك البلاد أمنًا وسرًا**

**و لێچواندنی سادات بە خوا، کاتێ لە پەرلەمانی میسری وەسفێکی خودای بۆ سادات بەکار هێنا و گووتی: نابێ ئەو پیاوە سادات لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ، شتێکم بە دەست با، دەمگووت: لا یسأل عما یفعل، پرسیاری لێناکرێ چی دەکات!**

**سەرەڕای ئەو سەربەدەسەڵات بوونەش، شەعراوی لە پەنا دەسەڵاتدا بە وتارەکانی ژێرخانیکی پان وبەرینی بۆ ئیسلامییەکان دروست دەکرد، لە ڕێگای هاندانی خەلک بۆ پاڵپشتیکردن لە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی! وەک دەسەڵاتی ساویلکە و گەندەڵی کوردستان لە باشوور کە لەبەر گەندەڵی دەستی هەموو هێزە دینییەکانی واڵا کردووە، بۆ ئەوەی تەواوی شەقامی کوردی بەرەو ئیسلامی سیاسی بەرن، بە مەرجێک ئەو ئیسلامی سیاسیانە ڕەخنە لەو دزی وتاڵانییە نەگرن!**

**ئەو وەزعە بوو فەرەج فۆدەی ناڕەحەت کردبوو، لەبەر دووربینی خۆی دەیزانی کاریگەری نێگەتیڤی ئەو دەست واڵاکردنەی وتاری شەعراوی و هاووێنەکانی چەندە گەورە و ترسناکە. لەو بارەیەوە گووتی: "ئەو ئاڕاستە میدیاییە هەڵەیە کە ئەوەی ناودەنرێ بە دیاردەی شێخ شەعراوی دروست کرد، کە تەلەفزیۆن ئەستێرەیەکی لی دروست کرد، بە سووربوونی لەسەر بایەخی چڕپێدانی و پێدانی ڕووبەرێکی ڕۆژانە پێی لە تەلەفزیۆندا." "من الخطأ في التوجه الإعلامي**

**ما أصبح يسمى ظاهرة الشيخ الشعراوي الذي يخلق منه التلفزيون نجما بإصراره على التركيز عليه وإعطائه مساحة يومية في التلفزيون"[2]**

**لە میسریش وابوو، هەیمەنەی وتاری دینی هێندە بالأبوو، فەرەج فۆدە سەرنجی دا، هەتا ژنەکانی ئەفسەرانی سوپا بە کاریگەری ئەو وتارە، یەک پارچە حیجاب لەبەر دەکەن! فۆدە گووتی "حیجاب خۆی لە خۆیدا**

**ترسناک نییە، بەلأم دەبیتە ترسناک ئەگەر ئاماژەیەک بێت بۆ حیجابی عەقڵ و دوای سەلەفیەت کەوتن."[3]**

**ساڵی ١٩٨٤ ئاسایی نەبوو لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی میسریدا، لەو ساڵەدا هاوپەیمانیەکی سەیر ڕوویدا لە نێوان دێرینترین حزبی لیبڕاڵی الوفد لەگەڵ ئیخوان المسلمین کە هەمیشە لە دژی یەک بوونە! بەلأم وەفد باری کەوتبوو وەک شێرێکی بەسالأچوو ڕێویەکان گاڵتەیان پێدەکرد، ئەویش دەیزانی وەبەرهێنانی هەستی ئایینی بەدەستی ئیخوانەکان ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵسانەوەیان لەو وەزعەی کە تێی کەوتبوون.**

**بێگومان کارێکی نابەجێی ڕەنگە بەسەر بازرگانانی سیاسەت بە ئاسانی بکرێ، بەلأم وا بە ئاسانی بەسەر هەموو خاوەن مەبدەئێک تێ ناپەڕێ، لە نێو ئەوانەش و بەڵکو لە سەرووی هەموویانەوە فەرەج فۆدە، کە ئەو کاتە ئەندامی حزبی وەفد بوو. فۆدە ڕازی نەبوو بە پاڵپشتی حزبەکەی بۆ شێخێکی سەلەفی وەک صلاح ابو اسماعیل، کە بە پاڵپشتی ئیخوان داوای جێبەجێکردنی فەوری**

---

[2] - **حوار حول العلمانية**

[3] - الحقيقة الغائبة، لە کتێبی قبل السقوط فۆدە بەشێکی تەواوی بۆ نەخۆشیە دەروونیەکانی بە ناونیشانی (الجماعات الدينية والأمراض النفسية) تەرخان کردوە.

شەریعەت بکات لە پەرلەمان، بۆیە فەرەج فۆدە دژی ئەو هەنگاوە وەستایەوە، فۆدە دژی هەر ڕۆڵێکی سیاسی بوو بۆ ئیسلامی سیاسی. ئەو هەڵوێستە بەرزەی فۆدە لەلایەن سەرکردایەتی هەلپەرستی الوفد هەرس نەکرا، و بەردەوام بوو لەو هاوپەیمانیەتە ناقۆڵایە، لە ئاکامدا فۆدە حزبی الوفدی جێهێشت، و حزبی المستقبل ی دامەزراند، کە حزبێکی دیموکراتی سێکیولار بوو، ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو میسریەکان بە هەموو دین و ڕەنگێکەوە، بەڵام تەمەن بواری نەدا.

دیاردەی ڕاستگۆیی و ئەستۆ پاکی فەرەج فۆدە، هێندە گەورە بوو، نیگەرانی خستبووە دلی سەرتاسەری ئیسلامییەکان، بە ئیسلامی حکومیشەوە، جونکە ئەزهەر و شەعراوی ومحمد غەزالی نزیک لە حکومەتیش دژایەتیان دەکرد بەر لە ئیخوان و الجماعة الاسلامیة و جماعة الجهاد و باقی توندڕەوەکانی تر. بۆیە بەرلەوەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی فەتوای کوشتنی بدەن، احمد مەزروعەی جێگری سەرۆکی بەرەی زانایانی ئەزهەر فەتوای تەکفیر و هەڵگەڕانەوەیان دا!

بەو شێوەیە ئیسلامی سیاسی بە جیهادی و بەناو ئیخوانە میانڕەوەکان، لەگەڵ ئیسلامی ڕەسمی حکومی بە ئەزهەر و غەزالی وشەعراویش، هەماهەنگ بوون و گەلەکۆمەیان لێکرد، نەیانتوانی بەرگەی فیکری فەرەج فۆدە بگرن، و وەڵامی دەنەوە بە وشە، لە جیاتی چەندین گەمژەی ساویلکەی دینیان فریودا بە گوللە وەڵامی فۆدەی شەهید بدەنەوە.

**لە جیهانی ئیسلامیدا تەنها توندڕەو وتیرۆرستان یادی گەرم وگوڕیان بۆ دەکرێتەوە، بڕوانە چی بۆ سەید قوتب دەکرێت، کە جیهادی دەکرد بۆ هێنانەوەی حوکمی شەریعەتێک، کە تەنها کارەساتی کۆمەڵایەتی وسیاسی لێدەکەوتەوە، چیش بۆ فەرەج فۆدە دەکەن، کە هەموو ئامانجی پێکەوە ژیان و دەوڵەتی هاوڵاتی بێ فەرق وجیاوازی، و نیشتیمانێکی دیموکراتی و پێشکەوتوخواز بوو.**

## بەشی دووەم

# دوو کتێبی هەرە گرنگی

**الحقيقة الغائبة [هەقیقەتی ونبوو]**

**ئەو کتێبەی فەرەج فۆدەی لەسەر کوژرا!**

**حوار حول العلمانية [گفتوگۆ دەربارەی سێکیولاریزم] دوا کتێبی فەرەج فۆدە پێش ڕەشکوژکردنی**

# کتێبی یەکەم:

## الحقیقة الغائبة [هەقیقەتی ونبوو]

## ئەو کتێبەی فەرەج فۆدەی لەسەر کوژرا!

### خوێندنەوەیەکی چڕ لە کتێبی الحقیقة الغائبة[4]

فەرەج فۆدە زۆر کتێبی پڕ بەهای فیکری هەیە، بەڵام ناکرێ هەموو کتێبەکانی بخەینە ڕوو، بۆیە پێم چاکە بە درێژی لەسەر دوو گرنگترین کتێبی فەرەج فۆدە هەڵوێستە بکەم، کە زۆر لە نووسەران کتێبێکیانی واتە ئەو کتێبەی نمایشی دەکەین، الحقیقة الغائبة بە هۆکاری سەرەکی کوشتنی فەرەج فۆدە دەزانن!

الحقیقة الغائبة کتێبێکی بچووکە لە ١٥٠ لاپەڕە، و سێ ٣ فەسڵ پێکهاتووە. لە ١٩٨٤ چاپکراوە بۆ یەکەمجار. ئەو کتێبە وەڵامێکی پڕ بە پێست بوو بۆ کتێبی الفریضة الغائبة ی محمد عبد السلام فرج ی کە ئەمیری کۆمەڵی جیهاد بوو، ئەو کتێبەی کە بنچینەی فکر وکاری تیرۆرستە ئیسلامیەکانی داڕژتبوو. کتێبی الحقیقة الغائبة ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پوچەڵکردنەوەی کتێبی الفریضة الغائبةی محمد عبد السلام فرج، کە لەو سەردەمەدا هەزاران پێی فریویان خواردبوو، کەمەرکێشی دەکردن بەرەو بیری تیرۆریزم. هەروەها پاڵنەرێک بوو بۆ بلاوبوونەوەی فکری تەنویری و ڕێزگەڕاندنەوە بۆ عەقڵ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی نوی بۆ مێژوو.

[4] الحقیقة الغائبة، الطبعة الثالثة ١٩٨٨، دار الفکر للدراسات و النشر و التوزیع، قاهرة – باریس. لە مەودوا لەناو نووسینەکە ئاماژە بۆ ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دەکەین.

الحقیقة الغائبة کتێبێکی زۆر گرنگ بوو بۆ خوێندنەوە، بۆ ئەوەی هەموو هەقیقەتە بزرکراوەکان بزانیت. کتێبەکە لە کاتی خۆی لەگەڵ دەرچوونیدا وەک بوومەلەزەیەکی فیکری بوو، هەرایەکی زۆریشی لەناو ئیسلامییەکان نایەوە! هەتا تیرۆرستەکانی زیاتر لێ وروژاند تا بە کوشتن وەڵامیان دایەوە وەک عادەتی هەمیشەیی تیرۆرستان.

# پێشەکی کتێب...ل٥-٩

فەرەج فۆدە لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: "ئەو باسە لەلایەن کەسانێکی زۆر ڕەت دەکرێتەوە، چونکە حەز دەکەن گوێیان لەوە بێت کە پێیان خۆشە، چونکە دەروونی مرۆڤ سوکنایی دێت بەوەی ئارەزووی لێیە، و عاشقی ئەوەیە لەسەری گیرساوەتەوە، زەحمەتە شتی تر تێبگات، هەتا ئەگەر زانیشی هەقە، یان هەقی تیادا بەدی کرد. خراپترین شت لە خوێنەری ئەو کتێبە ڕووبدات، ئەوەیە بەر لە دەست بەخوێندنەوە کردنی دژایەتی بکات، یان ئامادەی ستەم لێکردنی بێت، لەوەش خراپتر هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی هەبێت، لەگەڵ سووربوونی پێشوەختی لەسەر بیرنەکردنەوە و بەکارهێنانی عەقڵ." ل٥

ئینجا دەڵێت "ئەو کتێبە باسی مێژووە، خاوەنەکەی بانگەشەی ئەوە ناکات کە پسپۆر بێت تیایدا، یان سوارچاکی مەیدانەکە بێت، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکات کە خوێنەرێکی بە ئارام وسەبری ئەو بابەتەیە، شیکارێکی بە سەبریەتی بە وردی، رەخنەگریەتی بە لۆژیک، ئارەزووی هەڵگێڕ و وەرگێڕی هەیە، ناتوانێ قەڵەمی درێژ بکات بۆ شوێنێ، تەنها ئەو شوێنیەی قەڵەمی پێ دەگا، ناتوانێ ئەندێشەی تاودا بە تێپەڕاندنی هەقیقەت بە خستنە سەر و لێ کەمکردنەوە بە بێ بایەخی. ئەو کارەی کە زۆرانێک دەیکەن لە خاوەن مێژوو و ناوی ناودار، خاوەن قەڵەم و فیکر و مەنهەج و لێکۆڵینەوە، کە تەنها ئاسوودەییان لەو شوێنە دەدۆزنەوە کە خوێنەر تیایدا ئاسوودەیە، ئەو کارە دەکەن بێ ئەوەی ڕێز وحورمەتی مێژوو یان عەقڵ یان هەتا نەقڵ بگرن". ل٥

فۆدە دەڵێت "هۆکاری سەرەکی ئەو باسە، کە من هەرگیز پێویستم پێی نەبوو، ئەوەیە کەسانێک بانگەشە دەکەن بۆ گەڕانەوەی خەلافەت، نەک بە گاڵتە و گەپ، بەڵکو زۆر بە باوەڕ و جدیەتەوە، بۆیە ناچارم دەکەن کێش ببمە ناو

باسەکە، نە هەر بۆ ئەوان بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە قەدر وڕێزمان دەزانن، هەتا ئەگەر ئێستاش نکوڵیمان لێکرا بێت، ئەو نەوەیەی داهاتوو هەقمان پێدەدەن، هەتا ئیدانەکەرانیش ئیدانەمان بکەن ئێستا، ئەوان دەزانن کە ئێمە ترسنۆکی کپی نەکردین وتەقسیرمان نەکرد..." ل٦

دەڵێی فەرەج فۆدە لەو دێرانە ئایندە دەخوێنیتەوە، چونکە بەڕاستی ئێستا جەماوەرێکی زۆری گەنج و لاوی میسر و جیهانی عەرەبی وئیسلامیش ڕێز و سەرسامیەکی زۆریان هەیە بۆ شەهیدی فیکر و قەڵەم فەرەج فۆدە.

ئینجا دەڵێت: " ئەوە باسی تاریخ و سیاسەت و فیکرە، نەک باسی دین و ئیمان و عەقیدە، باسی موسڵمانانە نەک باسی ئیسلام، بەرلەوەش باسێکە بۆ خوێنەرێک کە سەدەی بیستەم دەژێت، و باسی ڕووداوگەلێکی بۆ دەکرێت بەر لە سێزدە سەدە ڕوویانداوە، کە ئەوەش قورسە بۆ تێگەیشتن و...باسێکە لەوانەیە هەڵە بکات بەبێ قەسد، یان بیپێکێ بەبێ نیەت... لەوانەیە دەرگایەک بکاتەوە کە زۆر بە داخراوی هێشتومانەتەوە، کە دەرگای هەقیقەتەکانی مێژووە، لەوانەیە ئەندامێکی گرنگی فەرامۆشکراومان زیندووکاتەوە کە عەقڵە، لەوانەیە ئامرازێکمان بخاتەوە گەڕ کە زۆر دەمێکە فەرامۆشی دەکەین کە لۆژیکە..."ل٦

"هەر لە سەرەتاوە دەڵێم بۆیان نییە نکوڵی لەو سەرچاوانە بکەن کە گەڕاینەوە بۆیان، چونکە ئەوانە هەمان ئەو سەرچاوانەن کە ئەوانیش بۆ شتگەلێک بۆی دەگەڕێنەوە، ئەگەر لەبەرژەوەندیان دابێت. ئەگەر هەردوولامان پێکەوە ئەو سەرچاوانە فەرامۆش بکەین، هیچ شتێک لە مێژووی ئیسلامدا نامێنێتەوە، هیچ حوجەتێک لە دەستیان نامێنێتەوە، هیچ بەڵگەیەک لە نووسینەکانیان نامێنێتەوە، هیچ ئەسڵ و سەنەدێک و دۆکیۆمێنتکردنێک بۆ لۆژیکەکانیان نامێنێتەوە... " ل٧

# بەشی یەکەم الحقیقة الغائبة...ل٩–٣٩

لە بەشی یەکەمی کتێبەکە کە هەر بەناونیشانی الحقیقة الغائبة یە، نووسەری گەورە فەرەج فۆدە بارودۆخی ئەو کاتەمان بۆ دەگوازێتەوە، کە کتێبەکەی تێدا نووسراوە ودەڵێت: ' لەو باسەدا ئامانجم بوو کە زۆر ڕوون بم، ڕاشکاو بم تەواوی ڕاشکاوی، دەتوانم بڵێم کە ڕوون وڕاشکاوی ئەو بابەتە تایبەت و دەگمەنە، چونکە زۆر چەم ڕژانە ئەو ڕوبارە، چەمی ترس، چەمی موزایەدە، چەمی چاوەڕوانی کردنی هەموو ئەگەرێک، لە دوای هەموو ئەو چەمانەش، بەنداوێکی گەورە دەردەکەوێت، کە خۆی لەو حیکمەتەی میسریەکان دەنوێنێت کە دەڵێت: کل باب یأتیک منه الریح، سده و استریح! [هەر دەرگایەک بای جاڕسکەری لێهات، دایخەو ئاسوودە بە!]

ئەوە بۆ بایەک، ئەی چی دەڵێی کاتێ ڕەشەبای تەکفیرکردنت بۆ هەڵدەکرێ؟!، دەیەها تۆمەت بە گوێت دابدرێت، هەرە بچوکەکەیان کە تۆ گومانکەریت، پرسیارگەلێک لە شێوەی: ئایە موسڵمانێک ئەو قسانەی لێوە دەردەچێت؟! کەسانێکی دڵ قفڵدراو بەرەنگارت بنەوە، عەقڵگەلێکی ئاسوودە بە ئیجتیهاداتی سەلەف لێت بێتە وەرام... " ل١١

هەروەها دەڵێت: "ئەوە باسی دنیایە هەتا ئەگەر وەک باسی دین هاتە بەرچاوت، باسی سیاسەت و حوکمە هەتا ئەگەر وەک کاروباری عەقیدە وئیمان نیشانیان دایت... ئەوە قسەی کەسانێکە بەدوای حوکمەوەن نەک ئاخیرەت، بەدوای دەسەڵاتن نەک بەهەشت، بە دوای دنیان نەک دین، بە هەوەستی خۆیان تەفسیر و لێکدانەوە بۆ وتەکانی خوا دەکەن لەبەر غەرەزێکی ناو دڵیان، بە هەوەستی خۆیان لێکدانەوە بۆ حەدیسەکان دەکەن لەبەر نەخۆشیەکانی ناو دلیان، لە هەموو دۆڵێک دەڵەوەڕێن، تەکفیرکردن بێت ئەهلەن، و لەناوبردن

و ڕوخاندن بێت سەهلەن، لەپێناو گەیشتنیان بە دەسەڵات و سەڵتەنەت، دەست لە خوێنی برا دینییەکانیشیان ناپێرێزن، یان گوێ نادەنێ بەسەر لاشەی ئیمانداره ڕاستگۆکان بپەڕنەوە.

ڕەنگە خوێنەر ئێستا تێگەیشتبێت من بابەتێکی نزیک بۆ زەینی ئەو باس دەکەم،... کاتێ لە هەڵبژاردنە سیاسیەکان و سەندیکایەکان ئاڵاگەلێک بەرزدەبێتەوە بە دروشمەکانی {ئەی دەوڵەتی ئیسلام بگەڕێوە، ئیسلام تەنها چارەسەرە، ئیسلامیە ئیسلامییە} ئەو ئاڵایانەی کە نازانیت دینییە یان سیاسییە، بەڵام دەرەنجامێکت بە دەست دەگات، کە هەردوو دین و سیاسەت، دوو ڕووی یەک دراون، هەروەها دەزانیت کە ئەو دروشمانە، گوزارشێکی سۆزیارانەیە لە دروشمە کۆنەکانی ئیخوانی موسلمین، کە دەڵێن ئیسلام دین و دەوڵەتە، موسحەف و شمشێرە...هتد. بەرلەوەی لێم بپرسی: تۆ نکوڵی لەوە دەکەیت؟! پێمباشە هەردوو رایەکەت بۆ بخەمە ڕوو، کە هەردووکیان قابیلی کۆشش و ئیجتیهادن، بەڵکو پێویست بە ئیجتیهاد و کۆشش کردنن، مەبەستم لە کۆششی فیکرییە لە گەڕان بەدوای [الحقیقة الغائبة] هەقیقەتە ونبوەکاندا." ل١١–١٢

"ڕا وگۆشەنیگای یەکەم، دەلێت کە کۆمەڵگای میسری، کۆمەڵگایەکی جاهیلییە یان دوورە لە دینی دروست و ڕاستیەکانی دین. لە نێوان گووتەی جاهیلیەتی کۆمەڵ و گووتەی دووری کۆمەڵگا لە دینی ڕاست و دروست، هەڵوێستی گووتەبێژەکان لە نێوان پەڕگیری بۆ خاوەن گۆشەنیگای یەکەم و میانڕەوی بۆ خاوەن گۆشەنیگای دووەمدا خۆی بەیان دەکات، بەڵام لەوەدا هەردووکیان هاوبەشن، کە یەکەم خاڵی چارەسەر لە جێبەجێکردنی یەکسەر و فەوری شەریعەتی ئیسلامیی خۆی دەدۆزێتەوە! لەو خاڵەدا ناکۆکیەکانیان لەگەڵ یەک لەبیر دەکەن سەبارەت بە کۆمەڵگا، هەردوولا داواکاری جێبەجێکردنی

شەریعەتن بە فەوڕی وبێ دواخستن، وجەخت لەوە دەکەنەوە کە جێبەجێکردنی [فەوری و دەسبەجێ] چاکبوونی [فەوری و دەسبەجێ] کۆمەڵگای بەدوادا دێت، و چارەسەری [فەوری و دەسبەجێ] ی کێشەکانی بەدوادا دێت! " ل١٢

**٢**

"دەربارەی گۆشەنیگای دووەم بێگومان پێچەوانەیە لەگەڵ گۆشەنیگای یەکەم، واتە دەبێ دژی جێبەجێکردنی یەکێک لە بنەماکانی عەقیدە بێت، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە، کە گۆشەنیگای دووەم، پێچەوانەی ئیسلام ناکات، بەڵکو تەبایە لەگەڵی، لە دەرەوەش سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە پاڵتۆکەی ئەو دێتە دەرەوە، لە هەڵگەڕاوەیەک لە ئیسلامەوە دەرناچێت، بەڵکو لە عاشقێکی بەها بەرز وو جوانەکانی ئیسلامەوە دەردەچێت...ل ١٢–١٣

تۆ بڕوانە ئەو زمانە جوان و پڕ ڕێزەی فەرەج فۆدە کە ڕەنگە هەتا لایەنگرانیشی تووڕە بکات، بڕوانە ئەو هەموو ڕێز و نەرمییەی بەرامبەر خودی ئیسلام و بەهاکانی! پیاوێکی وا ژیر و بەڕێز موستەهەقی ئەوە بوو توندڕەوان و میانڕەوان بە غەزالیشەوە گەلەکۆمەی لێبکەن؟!

## "گۆشەنیگای دووەم پشت دەبەستێتە سەر چەند ئەگەرێک، دەتوانین بەو شێوەیەی خوارەوە بیانژمێرین:

یەکەم: کۆمەڵگای میسری، کۆمەڵگایەکی جاهیلی نییە، بەڵکو یەکێکە لە نزیکترین کۆمەڵگاکانە بۆ ئیسلامی ڕاست ودروست لە هەقیقەتدا نەک ڕواڵەت...

دووەم: پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو بیانوو و ئامرازێکە بۆ ئامانجێک کەس لە بانگەشەکەرانی تەتبیقی شەریعەت نکولی لێناکات، ئەو ئامانجەش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەوان دەڵێن جێبەجێکردنی شەریعەت  و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دوو ڕووی یەک دراون!

باسەکە لێرەدا دەچێتە مەیدانێکی نوێوە، کە مەیدان و گۆڕەپانی هەقیقی خۆیەتی، ئەویش گۆڕەپانی سیاسییە، لێرەدا پرسیارێکی سادە سەر بەرزدەکاتەوە، کە دەڵێ: ئەوانە ئەگەر دروشمی دەوڵەتی ئیسلامی بەرز دەکەنەوە، بۆچی بەرنامەیەکی سیاسی تێر وتەسەل بۆ جۆری حوکمکردن پێشکەش ناکەن، تێیدا باسی شێوازی سیستمی حوکم و سیاسەتی و ئابووری و کێشەکانی پەروەردە وفێرکردن و نیشتەجێ بوون و دەیان کێشەی تر لە ڕوانگەی ئیسلامیدا بخەنە ڕوو.

ئینجا فۆدە دەڵێ زۆر پێدراوی نوێ هەن کە دەبێتە تەحەدای گەورە بەرامبەر لایەنگرانی تەتبیقی شەریعەت، وەک بابەتەکانی دۆزی ئافرەت و مافەکانی، ئابووری نوێ و دەیان بابەتی تری کە لە پێشوودا نەبووە و هیچی دەربارەی نازانن. فۆدە پێیوایە ئەو هەموو بابەت و کێشە نوێیانە ئەو جیهانە نوێیە ناکرێ بە فقهێک بەڕێوە ببرێ کە لە سەدەی دوومی کۆچی تێناپەڕێ!" ل١٣-١٤

"ئەوان هەتا کێشە کۆنەکانیشیان بە تەواوی چارەسەر نەکردوە، ئینجا چۆن کیشە نوێکانیان پی چارەسەر دەکرێ! بۆ نمونە لە بواری مەرجەکانی خەلیفە، حەدیسێکیان دروستکردوە کە دەبێت خەلیفە لە قوڕەیش بێ! بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بوایە، سعد بن عبادەی خەزرەجی خۆی بەربژێر نەدەکرد بۆ خەلیفایەتی، و ئەبوبەکر و عومەر و ابو عبیده بن الجراح یش ئەو هەموو گفتوگۆیە لۆژیکیانەیان لەگەڵ نەدەکرد، ئەگەر ئەو حەدیسە ڕاست با، بە ئاسایی حەدیسەکەیان دەهێنایەوە و پێویست بەو هەموو دەمدەمانێیەی نەدەکردا!" ل١٨

هەتا سەعدی کوڕی عیبادە تا دەمرد یان تا جنۆکە دەیان کوشت، وەک عەقڵیەتی خوڕافی ئیسلامی مێژوویی وا بانگەشە دەکات! دژی بەیعەتدان بە ئەبوبەکر نەدەبوو!

"هەتا لە شێوازی هەڵبژاردنی خەلیفەش تەنها لە ئەزموونی ڕاشدینەکان و سەرەتای ئەمەویەکان شەش شێوازی دیاریکردنی خەلیفە هەیە! واتە بنەمایەک نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، هەروەها ماوەی حوکمداری خەلیفەش تا مردنە، ئەوەش کێشەیەکی گەورەتر! هەر بۆیەش هەمیشە کێشەیەکی زۆر لەسەر دیاریکردنی خەلیفە و ماوەی حوکمڕانی خەلیفە لە مێژووی ئیسلامیدایە! دەڵێن خەلیفەکان پەیمانی ئیلتیزامکردن بە کیتاب وسونە وعەدل دەدەن، ئەگەر

**پێچەوانەیان کرد، ئەوە لادەبرێن! ئەوەش تەنها قسەیە و سەدان خەلیفە پێچەوانەی کیتاب وسونە وعەدلیان کردوە، بۆ ئەوەی لاببرێن!" ل٢٠**

**"یان دەڵێن شورا و ئەهلی پرس وڕا، خەلیفە قەدەغە دەکەن لە ستەمکردن! بەڵام کێشەکە ئەوەیە خودی شورا کێشەی لەسەرە، کەمینەیەک دەڵێن خەلیفە پێویستە گوێ بگرێت لە شورا و ئەهلی پرس وڕا! بەڵام زۆربەیان دەڵێن خەلیفە پێویست ناکات و ناچار نییە گوێ لە شورا بگرێت!" ل٢٠-٢١**

# فۆدە چۆن بەڕێزەوە باسی بکوژەکانی دەکات!

ئینجا فەرەج فۆدە لە بڕگەیەک بە جۆرێک ناوی شێخ محمدی غەزالی دەهێنێت، لەکاتی خوێندنەوەیدا گریانم هات، گووتم ببینە ئەو بیرمەندە گەورەیە بە چ جۆرێ لە ڕیز و ڕەوشتەوە باسی غەزالی و زانای تری ئیسلامی دەکات، وادەزانێ گەیشتوتە قەناعەت بە دیموکراتیەت کە پێچەوانەی ئیسلام ناکات، منیش وا تێیگەیشتبووم!

غەزالی یش هەتا پاش کوشتنی فەرەج فۆدەش قسەیەکی مرۆڤانەی بۆ نەکرد، هەر لەوێوە من زانیم ئەوەی پێی دەڵێن میانڕەوی ئیسلامی تەنها وەهمێکە و بەس! دەنا ماقول نییە پیاوێک هەموو جیهان بە میانڕەوی دەزانێت، ڕەخنەی لە هەموو کلتور وتوراسی دینی دەگرت، بەڵام کاتێ دادگا لێیان پرسی ڕات چییە لەسەر کردەی کوشتنی فرج فودە؟!

گەڕایەوە بۆ هەمان ئەو توراسەی کە ڕەخنەی لێدەگرت، تەنها بۆ لێدانی عەلمانیەک و پشتگیری کردن لە توندڕەو وتیرۆرستێکی ئیسلامی تا لە سێدارە نەدرێت، گووتی: ئەوەی ئەو کارەی کردوە، کاریکی کردوە دەبوایە دەوڵەت بیکردبا، ئەو کەسە کاری دەوڵەتی پێشێل کردوە، ئەو کارەش هیچ سزایەکی لەسەر نییە! یانی کوشتنی فرج فودەی لە بنەڕەتدا بە هەق زانیوە، چونکە بە کافری زانیوە، و پێی ئاساییە هەر کەسێ ئەو کوشتنە بکات، هەرچەندە کاری دەوڵەتیشە، بەڵام خراپیش نییە کەسێک جێبەجێی بکات!

فۆدە دەڵێ: "هەندێ لە بانگخوازە دڵسۆزەکان زانیان کە دووچاری هەڵومەرجی کۆمەڵگا نوێکان بوونەتەوە، کە سەلەف دووچاری نەهاتبوون، و دیموکراتیەت بە مانا نوێکەی، مانای حوکمی گەل بە گەلە پێچەوانە ناکات لەگەڵ جەوهەری

ئیسلام، ودەستکەوتەکانی باوەڕداران بە دیموکراتیەت، کە شێوازی حوکمی پەرلەمانی، و هەڵبژاردنی ئازادی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لێکەوتەوە، ناکرێ لەگەڵ جەوهەری ئیسلام و گیانی ئازادی لە هەردووکیان دژایەتی بکات، لەو زانایانەش ئوستادی گەورە خالید محمد خالید و زانای پایەبەرز محمد الغزالي، بەڵام بەروەڕووی تەوژمێکی گەورەی بەهێز لە ڕەتکردنەوە بوونەوە، لەبەر فراوانی ئاسۆیان و تێگەیشتنیان لە جەوهەری عەقیدەیان." ل٢١

سەرانی تەوژمی ئیسلامی شۆڕشگێڕ و تەقلیدیەکان "تێکڕا دژی ئەو ڕایانەی غەزالی و ئەوانیتر وەستانەوە، بێ جیاوازی نێوان توندڕەوان و میانڕەوان، عومەر تەلمسانی [ئیخوانی] و عومەر عەبدولڕەحمانی [جەماعەتی جیهادی ئیسلامی] دژایەتی خۆیان نیشان دا بۆ گووتەی حوکمی گەل به بیانووی ئەوەی حوکم تەنها بۆ خوایە، و ڕێگەدان بە پەرلەمان بە هەقی یاسادانان واتە سەندنی مافێکی موقەدەسی خودا، کە خودا بە یاسادانەری تاک و تەنیا دادەنرێت لەو عەقڵیەتە ئیسلامییە!

یان دەڵێن دیموکراتیەت لەوانەیە دەقێکی شەرعی بەتاڵ بکات بە ڕای شەخسی، بەو جۆرە هەر بەربەستێک کۆتایی دێت، بەربەستێکی تر قووت دەبێتەوە، ئەوانەی تەنها پابەندن بە ئیجتیهادەکانی سەلەف زۆر خراپ تۆقیون. لەلایەک لەگەڵ گیانی سەردەم بەریەک دەکەون، لەلایەکی تر بەر ڕەتکردنەوەی عەقڵ دەکەون.." ل٢١

فۆدە پێیوایە ئەو شەریعەتە ناتوانێ حوکمی سەردەمی نوێ بکات، تەنها دەتوانێ لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی یان بە مانایەکی وردتر دەوڵەتێکی دینی ئیسلامی حوکم بکات، ئەو دەوڵەتەش پێویستی بە بەرنامەیەکی سیاسی هەیە، کە وردترین وردەکاری وبنەماکانی کاروبارە ورد ودرشتەکان دیاری بکات،

ئەوانیش لە سایەی ئەو فیقهە کۆنە وەستاوەوە، زۆر لەوە بێ دەسەڵاترن بتوانن بەرنامەیەکی وا پێشکەش بکەن، دەیانەوێ لەو کارە گرنگە ڕاکەن، بە سەر ئێشاندنمان بە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەسبەجێ کە بێ یەک ودوو بەرەو دەوڵەتیدینی ئیسلامیمان دەبا، ڕاست وچۆپ دەست دەکوتین، بێ چرایەکی فیکری یان ئیجتیهادێکی ڕۆشن، جا چی دەبێ بابێ و چ ڕوو دەدات بابدات!

"سێیەم: دەمەوێ گووتەیەک تاوتوێ بکەم لە گووتەکانی ئەوانەی بانگخوازی جێبەجێکردنی شەریعەتن، دەڵێن جێبەجێکردنی فەوری و دەستبەجێی شەریعەت، چاکسازی فەوری و دەستبەجێی بەدوادا دێت، و چارەسەری دەسبەجێی هەموو کێشەکانی بەدوا دا دێت.

بەڵام من بۆت دەسەلمێنم کە کە چاکی کۆمەڵگاو چارەسەری کێشەکانی بە حاکمی موسڵمانی چاک نەبەستراوەتەوە، و بە پابەندی موسڵمانانیش بە عەقیدەوە بە دروستی وتێگەیشتنەوە بەند نییە. هەروەها بە جێبەجێکردنی شەریعەت نییە بە دەق و ڕوحیدا.، بەڵکو بەندە با کاروباری تر کە لە شوێنی خۆیدا بۆتان باس دەکەم، بەڵگەشم لەوەدا لۆژیک، ڕووداوەکانی مێژووە، لەو دوو بەڵگانەش چاکتر دەست ناکەون، بەڵگە مێژوویەکانم لە گەشەدارترین چاخی ئیسلام هێناوەتەوە لە ڕووی عەقیدە وئیماندا، کە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینە." ل٢٢

# ٣

"تۆ لەبەردەم سی ساڵی لە ساڵەکانی هیجری [وردتر ٢٩ ساڵ و پێنج مانگ] کە تەمەنی خەلافەتی ڕاشدینە، بە خەلیفە ابوبکر [٢ ساڵ و ٣ مانگ] دەستی پێکرد، ئینجا عومەر [١٠ سال و شەش مانگ و ١٩ ڕۆژ] ئینجا عوسمان [١١ ساڵ و ١١ مانگ و ١٩ ڕۆژ] کۆتایی عەلی [ ٤ ساڵ و حەوت مانگ] دەتوانی بە یەقینێکی زۆرەوە بڵێی خەلافەتی ئەبوبەکر دوو ساڵ و ٣ مانگی لە شەڕی نێوان سوپای خۆیی و هەڵگەڕاوەکان، هەروەها خەلافەتی عەلی ٤ ساڵ و ٧ مانگی لە جەنگی نێوان سوپای خۆیی و ئەوانەی دژی دەرچوون، لە سەرووی هەموویانەوە عائیشە و تەڵحە و زوبێر لە شەڕی الجمل، و شەڕی معاویە لە صفین و دەیەها شەڕی تری دژی خەواریج سەرف کرد.

لەو دوو خەلافەتە خەمەکان و پەرۆشیەکانی جەنگ زۆر گەورەتر بوون لە خەم و کێشەکانی دەوڵەت و پتەوکردنی بنەماکانی. ئینجا کورتی ماوەی ئەو دوو خەلافەتەش، لەلایەک بوەستێ کە بە هەردوکیان ٦ ساڵ و ١٠ مانگ بوون، تەنها خەلافەتی عومەر و عوسمان دەمێنێتەوە، کە نمونەی دەوڵەتی ئیسلامە لە گەشترین ئەزموونیدا کە هەردوکیان ٢٢ ساڵ ونیوی خایاند، کە ماوەیەکی سەروزیادە بۆ هەردوو سەردەمەکە [ ١٠ ساڵ و نیو ، و ١٢ ساڵ] بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی جوان و سەرکەوتوو.

وەک دەزانن عومەر و عوسمان نزیکترین هاوەڵ بۆ دڵی پێغەمبەر بوون، هەردووکیان مژدەی بەهەشتیان پێدرا بوو، بە تایبەتی عومەر هەڵوێستی زۆر گەورەی هەیە لە سەرخستنی ئیسلامدا، و بەرزکردنەوەی، ئەو هەڵوێستانە هەر لە کتێبی مێژوودا گەواهی بۆ نادرێ، بەڵکو خودی قورئان شاهێدی بۆ دەدا، کاتێ هەندێ لە ئایەتەکانی بۆ پاڵپشتیکردنی ڕای عومەر هاتنە دابەزین، ئەوەش شانازیەکی گەورەیە، عوسمانیش سەرەڕای هەڵوێستی خێرخوازی، دوو جار زاوای پێغەمبەر بوو. بە نسبەت کۆمەڵگاکەش، کۆمەڵگای سەحابە و کەس وکاری پێغەمبەر بوون...بە کورتی لە سایەی پیغەمبەرایەتی دەژیان و ڕێگایان گرتبوو. بە نسبەت شەریعەتەشەوە ئەوە پێویست بە گوتن ناکات کە بە میسالیترین شێوە شەریعەت جێبەجێ دەکرا!" ل٢٢–٢٣

## عومەر سەرکەوتوو بوو، عوسمان نوشوستی هێنا

عوسمان خەڵکی بەرەو ناکۆکی برد لەسەر خۆی، ئەهلی پرس وڕاش یەک دەنگ بوون لەسەر پێویستی لادانی بە خۆشی و بە کوشتن و ترشی. هەتا ڕیز و هەیبەتێکی وای لەناو سەحابەش نەمابوو، ناویان لێنابوو بە [نعثل] نەعسەل، نەعسەلیش ناوی کابرایەکی ڕیش گەورەی مەسیحی بوو، کەڕیشی وەک عوسمان بوو، پێیان دەچواند، وەک ئاماژەیەک بۆ لادانی لە ئیسلامدا وەک نەعسەلی مەسیحی، هەتا عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر دەیگووت: نەعسەل بکوژن، نەفرەتی خوا لە نەعسەل! ل ٢٠–٢٤

"کە کوژراش بۆ دوو ڕۆژ هەر کەس نەبوو بینێژی، کە چەند کەسێک ویستیان نوێژی لەسەر بکەن، کۆمەڵێ سەحابەی ئەنسارِ نەیانهێشت نوێژییشی لەسەر بکەن، نەشیان هێشت لە گۆڕستانی بەقیع بنێژرێ، جەستەی مردووی بەردباران کرا، و هەتا سەحابەیەک بەناوی عمیر بن ضابئ بەپێ چووە سەر لاشەی عوسمان و پەراسوێکی شکاند، لە کۆتاییدا لە گۆڕستانێکی جووەکان ناشتیان، بە پێی گێڕانەوەی الطبري.

دەبێت ئەوە چ تووڕەیەک بێت هانی سەحابە بدات بەو شێوەیە پڕ قەسوەت وسوکایەتیە مامەڵەی عوسمان بکەن، و هیچ ڕیزێک بۆ مێژوو و نزیکی لە پێغەمبەر و ٨٦ ساڵی تەمەنی دانەنرێ و دەیان هۆی تر دادەنێن؟!

بێگومان توڕەیەکی گەورەیە، و ڕوداوێکە بە ڕوونترین شێوە گوزارش دەکات لە ڕای موسڵمانان لە فەرمانڕەوایان، پێیان وابوو ئەو ڕایەش کار لە ئیسلامیان ناکات لە دوور ونزیکەوە، چونکە عوسمان ڕوکنێک نییە لە ڕوکنەکانی ئیسلام، بەڵکو مرۆڤێکە ڕاست دەکات وهەڵە دەکات، هیچ

پارێزبەندیەکی پیرۆزی نییە جیاوازیکاتەوە لە موسڵمانانی تر، بۆیە ناتوانی لەگەڵ من نەپرسی و وەڵام نەدەیتەوە:

- ئایا عوسمان کاتێ کرایە خەلیفە یەکێ لە هەرە موسڵمانە باشەکان نەبوو، موژدەپێدراو بوو بە بەهەشت، و یەکێ لە شەش کەسەکانی ئەهلی پرس ورِا بوو، یەک لەو دوو کەسە نەبوو کە موسڵمانان لەوباوەڕە بوون کە خەلافەت نابێ لێیان دەرچێت، واتە عوسمان وعەلی؟
- وەڵام : بەڵێ...
- ئایە موسڵمانان لە بەرزترین پلەی پابەندبوون نەبوون بە عەقیدە، و نزیکترین خەڵکانێک بوون بۆ سەرچاوەی یەکەم ودووەمی ئیسلام کە قورئان وسونەیە. بەڵکو زۆربەیان گوێزەرەوەی ئەو دوو سەرچاوەیە بوون بۆمان؟
- وەڵام: بەڵێ"..ل ٢٦
- ئایە شەریعەت تەتبیق نەدەکرا لە سەردەمی عوسمان؟
- وەڵام: بەڵێ ...
- ئایە ئەو هەموو هەل ومەرجە لەبارانەی پێشوو [خەلیفەیەکی ساڵح و موسڵمانی سەحابەی چاکترین موسڵمان، و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی] بوونە هۆی چاکبوونی ئەحوالی خەڵک؟ بوونە هۆی چاکبوونی فەرمانڕەوایی؟ بوونە هۆی هاتنەدی دادپەروەری؟ وباڵکێشانی ئەمن و ئەمان؟
- وەڵام: نەخێر....! ل ٢٧

لێرەدا دەگەینە کۆمەڵێ دەرەنجام، پێکەوە دەیخەینە ڕوو، بەڵکو کێشەی لێکدانەوەمان بۆ چارەسەر دەکات، و وەڵامی ئەو پرسیارە موحەیەرەمان دەداتەوە: بۆ؟

## دەرەنجامەکان:

**دەرەنجامی یەکەم: دادگەری بە چاکی فەرمانڕەوا نایەتە دی، بە چاکی خەڵکیش نایەتە دی، بە جێبەجێکردنی شەریعەتیش نایەتە دی، بەڵکو بە بوونی [سیستمی حوکم]، مەبەستم لەو دسپلینانەیە [ زەوابتانەیە] کە موحاسەبەی حاکم دەکات ئەگەر هەڵەی کرد، ڕێگای لێ دەگرێت، ئەگەر سنووری بەزاند، لادەبرێت ئەگەر لە بەرژەوەندی جەماعەت دەرچوو. لەوانەیە ئەو خاڵە کۆنترۆڵانە لەناو ناخی کەسانێک بن، لە ویژدانی فەرمانڕەواوە سەرهەڵدەن، وەک عومەر، بەڵام ئەوە بە دەگمەن ڕوو دەدات، بۆیە ئەوە بنەماییە وپشتی پێ نابەسترێ، دەبێت ئەو وەزعە بەیاسایی ڕێکبخرێ.**

**هەموو سەرکردە و خاوەن ڕایە موسڵمانەکان هەوڵێکی زۆریان لەگەل عوسمان دا، وئاگاداریان کردەوە لە دەرچوون لە بنەماکانی دادگەری، و دەرچوونی لە بنەما دروستەکانی ئیسلام، بەڵام هیچی لە سیاسەتی نەگۆڕی...لێیان توونند کرد هەر سوودی نەبوو، دوایی گەمارۆیان دا، وداوای دەست هەڵگرتنیان لێکرد لە حوکم، چونکە سیستمی حوکم وبنەمایەکی پێشینە نەبوو لەو بوارە تا پابەند بێ پێی، بۆیە وەڵامە بەناوبانگەکەی دانەوە: بەخوا جلێ داناکەنم خوا لەبەری کردبم! مەبەستی حوکمڕانی واز لێ ناهێنم چونکە خوا پێیداوم! ل٢٧**

**عوسمان دەیگووت ئەوانە هیچ خەلیفەیەکیان سزا نەداوە لەسەر کارەکانیان، بۆچی دەیانەوێت سزای من بدەن؟! ئینجا دەیگووت خۆ من خورتیم لێ نەکردوون بەیعەتم پێ بدەن، تا ئێستا لێی پەشیمان ببنەوە؟! یانی وایدەزانی بەیعەت بۆ هەتاهەتاییە و بواری کێشانەوەی تێدا نییە!**

**کەوابوو هیچ بنەمایەک نەبوو، هیچ سیستمێکی چاودێری نەبوو، کارەکە هەمووی بەند بوو بە ویژدانی فەرمانڕەوا، ئەگەر خۆی دادگەر و زاهید بوو دەبێتە عومەر، ئەگەریش دادگەر نەبوو و دەستی بە حوکمەوە گرت دەبێتە عوسمان. ل ٢٨.**

## سیستمی حوکمی ئیسلامی لە گۆشەنیگای عوسمان لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزراوە:

- خەلیفایەتی بۆ هەتا هەتاییە.
- کەس مافی ڕەخنە و موحاسەبە و سزادانی خەلیفەی نییە، ئەگەر هەڵەی کرد.
- بەیعەت پێدانی خەڵک یەک جارە و بۆ هەتا هەتاییە، پاشگەزبوونەوەی لێ نییە.

بەڵام ئەو پرسیارە موحەیەرە هەر دەمێنێتەوە، ئایە بنەمایەکی ئەلتەرناتیڤ هەیە؟ یان سیستمێکی فەرمانڕەوایی ڕوون وئاشکرا لە ئیسلامدا هەیە؟ ئایە هیچ بنەمایەک لە قورئان وسونەت هەیە، چۆنیەتی بەیعەتدانی موسڵمان بە خەلیفە و فەرمانڕەوا دیاری بکات، و ماوەی بەیعەتەکە دیاری بکات، شێوازی لابردنی فەرمانڕەوا لەلایەن خەڵکەوە دیاری بکات، و ماف بە خەڵک بدات بەیعەت بکێشنەوە، ومافی لێپرسینەوە و سزادانی فەرمانڕەوا لەسەر هەڵەکانی بە خەڵک بدات، ئەو هەقە لە چوارچێوەی یاسا ڕێکبخات؟ ل٢٩

ئەو پرسیارە گرنگ و مەزنانە نەک نەخرایە ڕوو لە هیچ سەردەمێک و خەلافەتێک، بەڵکو ئەو پرسیارانە بەدرێژایی مێژووی خەلافەتەکانی ئیسلامی ونبوون و نوقمبوون لەناو هەزاران نەرێتی ملهوڕی و توغیان و تاغوتەکان.

٤

## دەرەنجامی دووەم:

جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی بە تەنها جەوهەری ئیسلام نییە، سەرەڕای جێبەجێکردنیشی ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا. لە تەتبیقی شەریعەت ترسناکتر، دانانی بنەمای حوکمڕانی دادپەروەر و گونجاوە لەگەڵ ڕوحیەتی ئیسلام، دیتمان شەریعەت تەتبیق دەکرا، فەرمانڕەواش کەسێکی پیاوچاک بوو، خەڵکەکەشی کۆمەڵگایەکی ساڵح وچاک و ئیماندار بوو، ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، لەبەر نەبوونی ئەوەی نەبوو، ئەوەی بزانم ئێستاش ئەو شتە بوونی نییە و ونبووە. ل٢٩–٣٠

## دەرەنجامی سێیەم:

تۆ ئەگەر لە سەردەمی عوسمانەوە بپەڕیتەوە بۆ سەردەمی ئێستامان، دەبینی هیچ شتێک نەگۆڕاوە، و نوێ نەبۆتەوە، چ بە نسبەت چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا، یان بە نسبەت بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات ئەگەر لایدا، لە گۆشەنیگای ئیسلامییەوە، سەرەڕای ئەوەش تەتبیقی شەریعەت دەبەستنەوە بە چارەسەری هەموو کێشەکان، پرسیار لە من و لە خۆت بکە.

- چۆن کرێدەست بەرزدەبێتەوە و نرخی شتومەکەکان دادەبەزێت ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ کرا؟
- چۆن کێشەی ئاڵۆزی نیشتەجێ جارەسەر دەبێت تەنها بە جێبەجێکردنی شەریعەت؟

- چۆن كێشەی قەرزە دەرەكیەكان تەنها بە جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی چارەسەر دەكرێت؟
- چۆن كەرتی گشتی دەگۆڕێت بۆ كەرتێكی بەرهەمهێنەر، بە جۆرێک هاوئاست بێت بە قەبارەی وەبەرهێنانی لە سایەی جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی؟ ل٣٠

ئەوە تەنها چەن سامپل و نمونەیەكن لە پرسیارەكان، لەسەر ئەوانەیە كە داوای جێبەجێكردنی شەریعەت دەكەن بە فەوری، گوایە چارەسەری فەوری كیشەكانی كۆمەڵ دەكات، وەڵامدەنەوە، ئەگەر ئەوان هەوڵی وەڵامدانەوە بدەن، خۆیان لەناو تەنگژەیەک دەدۆزنەوە، كە ئەو گفتوگۆیەی لەسەر دەكرێت، ئەویش دانانی بەرنامەیەكی سیاسی كامل وهەمە لایەنەیە.

چونكە لێبراویان بۆ داهێنانی [نەقلی] لە ئیجتیهادەكانی سەدەی دووەمی هیجری، ڕەنگە بەرەو ئاڵۆزكردنی زیاتری كێشەكانیان بەرێت لە جیاتی چارەسەری. بۆ نمونە تێڕوانینی تەسكیان بۆ چەمكی ڕیبا [سوو] ئەگەر لە جیهانی ئەمڕۆدا جێبەجێ بكرێت دەبێتە هۆی پشێویەكی گەورە لە بازاڕی بۆرسە، ڕەنگە ئەوەش ناچاریان كات پەنا بۆ فرت وفێڵ ببەن كە ڕوخسارەكانی لە ئەزموونی بانكە ئیسلامییەكانەوە دەبینین، كە لەوانەیە ببێتە هۆی وێرانی لەجیاتی گەشەسەندن، بێ بازاڕی [الكساد] لە جیاتی بەهەرمێن و برەودان.

## دەرەنجامی چوارەم:

پێویستە ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان ڕاکردن و ڕووبەڕوو بوونەوە، پاشەکشێ و پێشکەوتن، ڕواڵەت و جەوهەر، چونکە کۆمەڵگا ناگۆڕێت و موسڵمانان پێش ناکەون تەنها بە درێژکردنەوەی ڕدێن، تاشینی سمێڵ، ئیسلام مەیانخوازی سەردەم ناکات بە لەبەرکردنی جلی پاکستانی لەلایەن گەنجەکانمان، ڕوخساری ئیسلامی میسر شارستانی نادرەوشێتەوە تەنها بەناوگۆڕینی گەنجان بە خەزعەل و عەنبەسە. بەگەر کاروانی پێشکەوتن کەوتنی زانستی بە بەکارهێنانی سیواک نابێت لە بری فلچەی ددان، یان چاو ڕەشکردن بە کل، یان بەکارهێنانی دەست لە کاتی نانخواردن، یان بایەخدان بە باسگەلی بێ ئەرزشی وەک پەیکەر و بت و وێنە، کات بەفیڕۆدان لەسەر جیاوازی لە جۆنیەتی چوونە ئاودەست، ئایە بە پێی ڕاست یان چەپ دەبێت، یان سەردەمی دەرکەوتنی مەهدی مونتەزیر، و شوێنی دەرکەوتنی مەسیحی دەجال، ئەو شتانە هەمووی توێکڵن.

بەڵام سەیر لەوەدایە ئەو باسگەلە پووچانە، بیر وزەینی گەنجان و هەندێ بانگخوازانی سەرقاڵ کردووە، زیاتر لە خەریکبوون بە ناوەرۆکی دین و هەقیقەتی. جەوهەرێک کە ناکرێ هەڤدژی بکات لەگەڵ پێشکەوتن بە هەر حاڵ. دین هەقیقەتێکە لە هەمبەر ئەو شتە بچووکانە ناوەستێ، دەبێ دانی پێدا بهێنم ئەی خوێنەری بەڕێز کە من زۆر خەمبارم، زامدارم بە ڕاستی نەک بە مەجازی، کاتێ دەبینم مێشکی گەنجانمان پڕ بووە لەو شتە هیچ و پووچانە، ودەبینم سەرکردە خاوەن تەماعەکانیان، لەوانەی بانگەشەی زیندووکردنەوەی ئیسلام دەکەن، ئەو بنەما و شتە هیچ وپووچانەیان لەلا پتەوتر دەکەن، نەک هەر ئەوە بەڵکو لەوەش تێیدەپەڕێنن بۆ بانگەشەکردنی بۆ وازهێنان لە [ زانستی

دانراو] العلوم الوضعية  یان کارو کردەوەی [عەلمانی] و لێدابڕان بۆ پەرستکاری بە تەنها.

ئایە ئەوە ڕوخساری هەقیقی ئیسلامە، ئایە بەو جۆرە بەرەو ڕووی تەحەداکانی سەدەی  بیست و یەکەمین دەبینەوە، ئایە ئەوانەی وا خراپ ڕابەرایەتی خۆیان و شوێن کەوتەکانیان دەکەن، بە کەڵکی ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگا دێن، ئایە بانگەشەی دەوڵەتی دینیان لێ قبوڵ بکەین، لە کاتێکدا تەنها دەستیان بە توێکڵەوە گرتووە، هیچ لە عەقیدە نازانن جگە ڕواڵەتی نەبێ کە هیچ ڕەگێکی نەبێ لە کتێبی خوا... ل٣١– ٣٣

"ئەوانە خەڵکانێکن ڕقیان لە کۆمەڵگایە، هەقیوایە کۆمەڵگاش ڕقی لێیان بێتەوە، ئەوان کۆمەڵگایان تێهەڵدا، هەقە تێیان هەڵدەنەوە، مەحکومیان کرد بە نەفامی و جاهیلیەت، بۆیە هەقە ئیدانە بکرێن بە دەمارگرژی و مێشک داخراوی، لە دژی دەرکەوتن هەقە مامەڵەیان بکات بەوەی خۆیان هەڵیانبژاردوە، واتە مامەڵەی دەرچووان لە دژی شەرعیەت و یاسا، خۆیان کردە وەصی و وەکیل بەسەر هەمووان، لە کاتێکدا ئەوان لە هەموو خەڵک زیاتر پیویستیان بە مامەڵەی خستنە ژێر چاودێری کردنە [المحجور عليهم].

ئەوانە لە ئەوەل وئەخیر خراپەیان کرد دەرهەق بە خودی ئیسلام، کاتێ بانگەشەی ئەوەیان کرد کە تێیدا نییە،  ئەوەی لێی نیشانیان دا، خەڵکی لێ وەدوورخستەوە و ڕقیان لێیبوەوە، خراپترین لێدوانیان دا بە ناوی، بە دەمارگرژی نیشانیان دا لە کاتێکدا دینی سەماحەت ولێبوردەییە، تۆمەتباریان کرد بە جمود لەکاتێکدا دینی پێشڤەچوونە، وەسفیان کرد بە دینی داخراو، لە کاتێکدا دینی کرانەوەیە بەسەر زانست وجیهان، چەندین نەخۆشی دەروونی

**خۆیان تێکەڵ بەو دینە کرد، کە دین ڕەتی دەکاتەوە و ئێمەش ڕەتی دەکەینەوە وەک موسڵمان".ل ٣٣**

**چوارەم: خاوەنی ڕای تەتبیقی فەوری ودەسبەجێی شەریعەتی ئیسلامی، بەشێکیان دوژمنایەتیکی قووڵیان هەیە بۆ دیموکراتیەت، یان هەر لەبەر بێ باوەڕیان پێی، یانیش وەک زۆربەیان لەبەر نیەت چاکی وفریوخواردنیان، کە حەماسەتیان پاڵیان پێوە دەنێ بە فشار خستنە سەر ئەنجوومەنی گەل تا ڕازیبن لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەت دەسبەجێ، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لە ژێر هەڕەشەی هەڵکێشانی شمشێری دین ئەگەر ڕەتیان کردەوە یان ساردیان لێکرد. هەندێکیان ئەنجوومەنی گەلیش تێدەپەڕێنن، ویەکسەر داوا لە سەرۆک کۆمار دەکەن، کە شەریعەتی ئیسلامی یەکسەر جێبەجێ بکەن. مەسەلەکە وەک ڕوونم کردەوە مەسەلەی شەریعەت نییە، بەڵکو مەسەلەی هەڵبژاردنە لە نێوان دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی، ئەو هەڵبژاردنەش وەک لە پێشوودا گووتم، لە نێوان ئەلتەرناتیڤێکی ڕوون وڕاشکاو و تەتبیق کراوە کە دەوڵەتی مەدەنییە، و ئەلتەرناتیڤێکی تر کە خاوەنەکانی خۆیان سەخڵەت نەکردوە ومێشکیان ماندوو نەکردوە بۆ ڕوونکردنەوە و داڕشتنی کە دەولەتی دینییە... ل٣٤**

٥

## بەشی دووەم

## خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی ڕاشدینیەکان...ل٣٩–٧٣

**لەو بەشەدا باسی کارەسەتەکانی شەڕی خۆبەخۆی سەحابەکان دەکات، و باسی کوشتنی عوسمانمان بەبیر دەهێنێتەوە، دەڵێت نازانی ئیدانەی کێ و بەرگری لە کێ بکەیت، ئیدانەی عوسمان بکەیت یان شۆڕشگێڕان! باسی عبدالرحمن بن عوف دەکات چۆن خەڵکی هاندەدا لە دژی عوسمان و هانی عەلی و سەحابەی تری دەدا، باسی تەڵحە دەکات چۆن دەیگووت: بیکوژن بەرلەوەی دەسەڵاتی فراوانتر ببێت. [عاجلوه قبل ان يطغى ملكه]! ل٤١**

## سەرەتای شەڕی خۆبەخۆی موسڵمانان لە ئەبوبەکرەوەیە!

**بەو شێوەیە ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، موسڵمانان کوژران بە شمشێری موسڵمانان، سەحابە کوژران بە شمشێری سەحابە، ماناکانی ئەو ڕووداوانە تا ئەمڕۆش لە مێشکمان ماوەتەوە، و خەومان دەزڕێنێ. حالەتەکەی شەڕی خۆ بە خۆ هێندە گەورە بوو، هەتا فەقیهەکان چەندین باب یان لە کتێبەکانیان تەرخان کردوە بۆ ئەو شەڕانە بەناوی [ شرعة قتال اهل القبلة] شەرعی جەنگان لە دژی ئەهلی قیبلە، واتە مەشروعیەتی شەڕی موسڵمان لە دژی موسڵمان، کوشتنی موسڵمان بە دەستی موسڵمان..**

**هەندێ کەس ئەو شەڕ وشۆڕە دەباتەوە سەرەتای سەردەمی عەلی، بەڵام بە رای ئێمە سەرەتای ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەبوبەکر، کاتێ لە شەڕەکانی هەڵگەڕانەوە وردەبینەوە، لە نێوان شەڕی لە دژی هەڵگەڕاوان لە**

ئیسلام، و شەڕی لە دژی ئەوانەی تەنها ڕازی نەبوون زەکات بدەنە ئەو یان بدەنە بەیتولمال، لە جیاوازی کردنیش لە نێوان ئەو دوو لایەنە لۆژیکێکی سادەمان هەیە، دان دەنێین بە هەڵگەڕانەوەی لایەنی یەکەم، بەڵام پارێزگاری دەکەم لەناونانی لایەنی دووەم [ئەوانەی تەنها زەکاتیان نادا] بە هەڵگەڕاوە، چونکە شایەتمانیان دەهێنا، هەموو فەرزەکانیان بەجێ دەهێنا بەبێ نکوڵی لێکردن، و زەکاتیشیان دەدانە هەر کەسێکی موستەهەق نەک بە خەلیفە و خەزینەی دەوڵەت.

بەڵگەشیان لەوەدا ئەو ئایەتە بوو [ خذ من اموالهم ]، کە تایبەتە بە پێغەمبەر، و ئاڕاستەی پێغەمبەر کراوە، ونابێت کەسێکی تریش بگرێتەوە، هەتا ئەو کەسە خەلیفەی پێغەمبەریش بێت، ڕەنگە لەو وەستان وتێڕامانە هەڵوێست عومەر لە ئەبوبەکر بهێنینەوە زەینمان، کاتێ لێی دەپرسی بەڵگەت چییە لە شەڕی ئەوانەی هەردوو شایەتمانیەکە دەهێنن؟! ل٤٢

وەڵامی دەدایەوە: شایەتمانی [هەقی] خۆی هەیە، مەبەستی هەقی زەکاتدانە بە بیت المال، ئەوەش ئیجتیهادێکی زۆر لە خۆکردوو و ماندووکەرە، لەوانەیە عومەر لە کاتی گفتوگۆی لەگەڵ ئەبوبەکر، ئەو حەدیسەی پێغەمبەری لە زەینیدا بێت، کە دەڵێ: موسڵمان ناکوژرێت تەنها بەو سێ هۆیە نەبێ: ئەگەر زینای کرد دوای زەواج، یان هەڵگەڕاوە لە دوای ئیمان هێنان، یان وەک سزای کوشتنەوەی بکوژێک.

ئێمە پشتگیری ڕایەکەی عومەر دەکەین لەبەرئەوەی خۆشمان دەگرێتەوە کە لەو سەردەمە زەکات نادەینە دەوڵەت وبەیتولمال، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەدەینە خەڵکی هەژار، ئەگەر ئەبوبەکر لەبەر ئەو هۆیە کوشتاری لەگەڵ کردن، ڕەنگە خەڵکانێک لە دژی ئێمەش ڕاپەڕن بۆ کوشتار لە دژمان لەبەر هەمان هۆ، با

هەر شایەتمانیش بهێنین، با سوێندیش بخۆین کە پابەندین بە هەموو ئەرکانەکانی ئیسلام....ل٤٣

دەتوانین بڵێین بڕیارەکەی ئەبوبەکر سیاسی بوو، نەک دینی، لە سیاسەت پێکای، بەڵام لە دیندا نەی پێکا. ڕەنگە ئەبوبەکر بۆ بۆ هەمووانی سەلماندبیت کە سیاسەت جاروبار پێچەوانە دەکات لەگەڵ ئسولّ و بنەماکانی دین...کەسیش ناتوانێ بڵێ کە ئیجتیهادی ئوسڵێکە لە ئسولّی عەقیدەیە، یان کۆڵەگەیەکە لە کۆڵەگەکانی ئیمان...

ڕەنگە ئەوەی دەڵێن بەس بێ بۆ دابەزاندنی نەفرەتبەسەرمان لەوانەی سەحابە وەک قودسی ئەقداس دەبینن، وەک تەوتەم لێیان دەڕوانن، تەنها ئەو حەدیسەی پێغەمبەر بەبیری ئەوانە دەهێنمەوە کە دەڵێ: عەمار دەکوژرێ بە دەستی دەستەیەکی ستەمکار، کە حەدیسکی سەحیح و سابتە، چونکە هەموو بەبیریان هاتەوە کاتێ عەمار کوژرا!

سوپای عەلی شادومان بوون، سوپای معاویە دووچاری بومەلەرزە هاتن، هێمن نەبوونەوە تا معاویە وەڵامێکی زیرەکانەی دایەوە وگووتی: [ئەوانە کوشتیان کە هێنایانە دەرەوە]...ئەگەر حەدیسەکە وەک خۆی وەرگرین، ئەوە معاویە و عمرو بن العاص و مروان بن الحکم و عبیدالله بن عمر ستەمکار دەردەچن، ئەگەریش بە لێکدانەوەی معاویە قەناعەت بهێنین، ستەمکارەکان دەبنە هەندێ ناوی سەحابەی گەورە کە جورئەت ناکەین ناویان بهێنین!

هەر بۆیەش هەندێ لە زانا بلیمەتەکانی موعتەزیلە وەک واسڵ بن عەتا و عمرو بن عبید، کە زانیان ئەوە کاری سیاسەتە، لە ئێمە بە جورئەتتر بوون، ئیدانەی شەڕکەرانی الجمل و صفین یان کرد و گووتیان: [ ناشێ شایەدی عەلی و تەڵحە و زوبێر لەسەر چەپکێ پاقڵە قبول بکرێ] ل٤٤

# ئینجا باسی ئەزموونی خەلیفە عومەر دەکات

# لە مامەڵەکردن لەگەل دەقدا

سەرسامی خۆی بە بۆ حەزرەتی عومەر دەردەبڕێت، کە ئەو هاوکێشەیەی بە تیۆری و کرداری هەڵوەشاندەوە، بەرلەوەی ئەو قاعیدەیەش [لا اجتهاد في النص] دابنرێت، عومەر لە خودی نەصدا ئیجتیهادی دەکرد، بە بوێریەک تا ئەمڕۆش هەموو زانا و فوقەها و ئیسلامخوازەکانی تووشی نا هاوسەنگی کردووە! زۆریان ڕەتی دەکەنەوە کەوای کردبێت، و هەندێکیشیان گومان لە هەواڵەکان دەکەن لە ئەساسەوە، کە لەو بارەیەوە هاتوون. زۆریتر دەڵێت ڕاستە ڕوویداوە بەڵام لێکدانەوەی وای بۆ دەکات کە بەتاڵ بێتەوە لە ناوەرۆکی!

نمونەیەک لە گۆڕانکاریەکانی عومەر کە دەقی قورئانی ڕاشکاویشی لەسەر هاتبوو، سڕینەوەی هەقی [المؤلفة قلوبهم] بوو، کە لە ئایەتی:
[ إنما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين وفي سبيل الله وابن السبيل فريضة من الله والله عليم حكيم ( 60 )] التوبة.

هەر ئەوەندەش نا، عومەر زۆر کاری تری لەو شێوەیەی کردوە، وەک ڕاگرتنی سزای دەستبڕین لە ساڵی برسێتی، و نەسخ کردنی ئایەتی دابەشکردنی زەوی وزاری وڵاتانی داگیرکراو کە پێی دەڵێن ئایەتی الفيء، کە دەڵێت :" **وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ** ...﴾ بە پێی ئەو ئایەتە با، پێنج چواری ئەو زەوییانەش کە دەستی بەسەردا دەگیرا وەک غەنیمەت دابەش کرابا بەسەر موجاهیدە سەحابەکان، بەڵام عومەر ئەوەشی لەکار خست، و لە جیاتی پارە و پولی دەدانێ!
عومەر لەو سەردەمە با، ئەو ئایەتانەی ئیسقات کردبا وەک ئالوسی گوزارشی لێ دەکات بەو دەستەواژەیە لە تەفسیرەکەی، مەلاکانی جیهانی ئیسلامی

**تەکفیریان دەکرد! ئەی نابینی کەسێکی موسڵمان لە پاش عومەر پەیدا نەبۆتەوە جورئەتی ئەوە بکات بڵێت: چۆن عومەر ئەو ئایەتەی لادا لە کارپێکردن، بۆ ئەوەی نەسخ کرابێت، و تا پیغەمبەر وەفاتی کرد هەر جێبەجێ دەکرا، ئێمەش پاش هەزار و چوارسەد ساڵ دەڵێین ئەو چەند ئایەتە لادەدەین لە کار پێ کردن، چونکە زەمەنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، وەڵامی داخوازیەکانی سەردەم ناداتەوە!**

**بەو جۆرە بەڕای من عومەر یەکەم کەسە پرنسیپی کاتیبوونی ئەحکامەکانی داهێنا، و گووتی دەقەکانی قورئانیش ئەزەلی نین، جگە لە مەسایلی ئیعتیقاد نەبیت، ئەگەر جیهانی ئیسلام ڕێچکەی عومەریان گرتبا، ئێستا زۆر کێشەی چارەسەر کرابوون، و زۆر دەرگای گەورەی پێویستیان بەسەر خۆیان کردبوەوە، نەک لەسەر حەدیسێکی زەعیف، نەک ئایەتێکی قورئان، گوێی پێ نادەن ڕوبارێک خوێن بڕژێنن!**

**پاش ئەوەی فەرەج فۆدە بە درێژی باسی ئیجتیهادەکانی عومەر دەکات لە خودی دەقدا، بە پێچەوانە کردن و وەستاندن و لابردن! ئینجا دەگاتە ئەو دەرەنجامە و دەڵێت پرسیارێکی ڕوون و ڕاشکاو و لۆژیکی لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایە دەشێ عومەر بکەینە قودوەی خۆمان، دەقێک تەعتیڵ بکەین، یان ئیجتیهاد بکەین لەگەڵ بوونی دەقێک، و ئیجتیهادەکەمان بگاتە ڕادەی پێچەوانە کردنی، ئەگەر هۆکارەکەی نەما یان هۆیەکانی گۆڕان؟ ل ٧٤**

## ٦

## بەشی سێیەم

## خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی ئومەویەکان... ل٧٣–٩٣

**لە سەرەتای بەشی سێیەم دەڵێت: "پێویستە خوێنەر کە لە سەردەمی ڕاشدینەکان لەگەڵمان دەپەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئومەویەکان، زەین و عەقڵی ئامادە بکات بۆ گاڵتە، و ویژادانیشی بۆ پەژارە، چونکە قسە وباسی پاش ڕاشدینیەکان هەمووی پەژارەی پێچراوە بە گاڵتەجاری، یان گاڵتەجاری پێچراوە بە پەژارە، دەرگای داوێن پیسی و ڕابواردن فرە بوون، دەرگای ستەم و زەبردەستی وئیستیبدادیش هێندە زۆر بوون، قسەکردن لەسەری لە ژمار نایە..." ل٧٥**

## ئینجا باسی سێ چیرۆک دەکات کە گوزارش دەکەن لە گۆڕانی شێوازی حوکم لە هەر سەردەمێک...

**لە چیرۆکی یەکەمدا لە ساڵی ٢٠ هیجری کاتێ ئەعرابیەک بە عومەر دەڵێت: بەخوا هەر خوار وخێچیەکت لێ ببینین بە شمشێرەکانمان ڕاستی دەکەینەوە، عومەر پێی خۆش دەبێت ودەڵێت: سوپاس بۆ خوا کە کەسانێک هەن عومەر بە شمشێرەکانیان ڕاست دەکەنەوە ئەگەر هەڵەی کردا!**

**لە چیرۆکی دووەم لە ساڵی ٤٥ هیجری کابرایەک بە معاویە دەڵێت: بەخوا ڕاست دەبیت ڕاست بە، ئەگینا ڕاستت دەکەینەوە، معاویە دەڵێت: بەچی؟ دەڵێ: بە دار، معاویە دەڵێت: کەواتە ڕاست دەبینەوە!**

لە چیرۆکی سێیەم: لە ساڵی ٧٥ هیجری ڕوودەدات، کاتێ خەلیفەی ئەمەوی عبدالملک بن مروان لەسەر مینبەری پێغەمبەر لە مەدینە، لە پاش کوشتنی عبدوڵلای کوڕی زوبێر دەڵێت: سوێند بە خوا لە مەودوا هەر کەسەی فەرمانم پێبکات بە تەقوای خوا کردن لە ملی دەدەم.. لە تارخ الخلفاء السیوطی وەریگرتوە ل ١٩٥

فەرەج فۆدە دەڵێت چیرۆکی یەکەم ڕاستگۆیی فەرمانرەوا و گەل دەسەلمێنێت، چیرۆکی دووەم گوزارش دەکات لە یاریکردن بە وشە زیاتر لە گاڵتەجاریەوە نزیکە تا جدییەت، ئەوەی سێیەمیش دەیسەلمێنێ کە بێ حەوسەلەیی دەسەڵات گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی نەک بە دژایەتی کردنی خەلیفە تووشی کێشە دەبیت، بەڵکو بە تەنها بە گوتنی تەقوای خوا بکە، یان لە خوا بترسە خەلیفە هەڕەشەی کوشتنت لێدەکات!

# پەڕینەوە لە دەوڵەتی دینی بۆ دنیەوی!

فەرەج فۆدە دەڵێت ئەو خەلیفانە هەر زوو نایانتوانی لە جوغزی تەسکی دینی بمێنەوە بۆیە پەڕینەوە بۆ دەوڵەتێکی دنیەوی و ژیانێکی دنیەوی دوور لە دین. دینداری و پابەند بە دینیان تەنها بۆ فریودانی عەوامان نیشان دەدا، دوایی دوور لە چاوی ڕەعیەت هەر خەریکی جاریە و شەڕاب و هەڵەخەرجی و جەوروستەم بوون.

باسی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان دەکات وەک نمونە، دەڵێ هەرچەندە عەبدولمەلیک بە گەواهی سەحابە وزاناکان یەکێ لە چوار گەورەترین زانا و فەقیهی مەدینە بوو، بەڵام کاتێ هەواڵی بوونە خەلیفەیی پێگەیشت قورئان لە کۆشی بوو دەیخوێند، قورئانەکەی داخست وگووتی: ئەو ئاخیر کۆبوونەوەمان دەبێت لەگەڵ یەکتر!

ڕاستیشی کرد، قورئانی کۆچ کرد و شەیتانی حوکمی ڕەها کرد! ئەو عەبدولمەلیکە خوێنڕێژێکی وەک حەجاجی کوڕی یوسفی کردە دەستەڕاستی خۆی، کە بەناوهێنانی فریشتەش ڕادەکەن لە دڕندەیی وستەمکاریدا!

ناشتوانین ڕەخنە لە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بگرین لە گۆشەی عەقیدەوە، چونکە بە پێوەری سیاسەت و حوکم، حاکمێکی بە توانا بوو، دەوڵەتمەدارێکی مەزن بوو بە هەموو پێوەرێک، توانی ئاشووبی عبدالله بن زبیر دامرکێنێتەوە، ئەرمێنیای داگیر کرد، مەغریبی داگیرکرد، دەیان شاری بنیات نا، یەکەم دیناری عەرەبی لە سکەدا، زمانی دیوان و دایرەکانی دەوڵەتی لە فارسییەوە گۆڕی بۆ عەرەبی!

**ئەو عبدالملک بن مروانەی نافع دەربارەی دەڵێ: من لە مەدینەدا گەنجێکم نەدیت چوست وچالاکتر و فەقیهتر و لەخواترستر و پڕخوێنترین کتێبی خوا لە عبدالملکی کوڕی مەروان زیاتر! ابو زنادیش دەڵێت: فەقیهەکانی مەدینە چواربوون سعید بن المسیب و عبدالملک بن مروان، و عروة بن الزبیر و قبیصة بن ذؤیب! بە سەحابیەکی گەورەی وەک عبدالله ی کوڕی عومەریان گووت: ئێوەی شێخەکانی قورەیش چی نەماوە لەناوبچن، پرسیار لە کێ بکەین لەدوای ئێوە؟ گووتی: مەروان کوڕێکی هەیە [واتە عبدالملک] لەو پرسیاری خۆتان کەن! تاریخ الخلفاء للسیوطي ص ٢١٦**

**کەسێکی وا فەقیە و زانا و لەخواترس، کاتێ دینی بە سیاسەت تێکەڵ بوو، هەتا لەسەرەمەرگیش پەشیمان نابێتەوە، وا وەسیەت دەکات بۆ وەلیدی کوڕی کە دەبێتە خەلیفەی پاش ئەو: ئەی وەلید ترسی خوات هەبێ لەوەی بۆتی جێدەهێڵم [چەمکی حوکمڕانی بە پێی هەقی ئیلاهی] بڕوانە حەجاج [خوێنڕێژە ناودارەکە] ڕێزی لێبگرە، چونکە ئەو مینبەرەکانی بۆ ملکەچ کردن، ئەو شمشێرتە و دەست وبازووتە دژی دوژمنانت ئەی وەلیدا! گوێ لە قسەی کەس نەگری لە دژیدا، تۆ زیاتر پێویستیت بەوە، لە پێویستی ئەو بە تۆ! کە مردم خەڵک بانگ بکە بۆ بەیعەت پێدانت، ئەوەی سەری خراپ جوڵاند، بە شمشێر لەسەری دە!**

**ئینجا لە هۆش خۆی چوو، وەلید دەگریا لەسەری و بە ئاگا هاتەوە و گووتی: ئەوە چییە، وەک کۆیلە وکەنیزەک هەست وسۆزت دەجوڵێ؟! ئەگەر مردم قۆڵت هەڵکە لە منت نەکەوێ، و پێستی پڵنگ لەبەرکە، وشمشێرت بخەرە سەر شانت، ئەوەی نقەی کرد لە گەردنی دە، ئەوەشی بێ دەنگ بوو بە دەردی خۆیەوە دەمرێ!**

**تۆ بروانە پیاوێکی تابعی وبرادەری سەحابەکان و وا زانا بە قورئان وئیسلام وحەدیس و فیقهی ئیسلامی، و خەلیفەی موسڵمانان لەسەرە مەرگیش وا بێ ترس بیت لە ئاخیرەت، و دەستوری جەوروستەمی داڕێژێت بۆ کوڕەکەی؟! لەوە ناچێ هەر باوەڕی بە ئاخیرەت بووبێ؟ وەلیدیش بە جوانترین شێوە وەسیەتەکانی جێبەجێ کردا! ل٧٩**

**فۆدە پێیوایە ناکرێ باسی دەوڵەتی ئومەوی بکەین و باسی سێ خەلیفەی نەکەین، کە دوو یەزید ناو [یەزیدی کوڕی معاویە و یەزیدی کوڕی عبدالملک] و [وەلیدی کوڕی یەزید] دەڵێ هەموو دەزانین یەزیدی کورێ معاویە بکوژی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلییە، بەڵام لەوەش ترسناکتر کە مێژوونووسان لەسەری بازدەدەن بە خێرایی شەڕی الحرة یە!**

**یەکێ لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەی کە پێویستە باس بکرێ، هێرشی یەزیدی کوڕی معاویەیە بۆ سەر مەدینە، کاتێ خەڵکەکەی بەیعەتەکەیان هەڵوەشاندەوە، چووە شەڕەوە لەگەڵ خەڵکی مەدینە و کە ناسراوە بە شەڕی [الحرة] ئەلحەڕە لە ساڵی ٦٣ هیجری، واتە پاش نیو سەدە لە مەرگی پێغەمبەر! فەرماندەی سوپا فەرمانی کرد بە حەڵالکردنی مەدینە بۆ سێ ڕۆژ، دەگوترێ کە چوارهەزار وپێنج سەد کەس تیایدا کوژران، وهەزار کچ بێ بن کران، هەمووی بە فەرمانی یەزید بۆ سەرفەرماندەی سوپاکەی [مسلم بن عقبة] بوو...موسلم بن عوقبە بەوەندەش بەسی نەکرد سێ ڕۆژ مەدینە حەلال بکات، بەڵکو داوای لە خەڵکەکەی کرد، کە بەیعەت بدەن کەوا ئەوان کۆیلەی یەزیدن! ئەوەی پێچەوانەی کردو گووتی بەیعەت دەدەم لەسەر کیتابی خوا و سونەتی پیغەمبەر لە ملی درا!**

یەزیدیش کە گوێی لەو کارە بوەوە بە شیعر گووتی خۆزگە باوباپیرانم لە شەڕی بەدر ئاگادار بانە چۆن خەزرەجمان تۆقاندووە بە شمشێر!

لیت أشياخي ببدر شهدوا ..... جزع الخزرج من وقع الاسل

حين حطت بفناء بركها..... وستحر القتل في عبد الاشل

واتە باوباپیرە موشریکەکانی کە دژی خەزرەج بوون کە بەشێک بوون لە ئەنسارِ! کەچی هێشتا کەسانێک هەن کە ئەو دەوڵەتە بە ئیسلامی دادەنێن! ابن کثیر لە ڕووداوی کوشتنی حوسێنیش و گەیشتنی سەری براوی بە دەرباری یەزید، ئەو شیعرە باس دەکات کە یەزید خوێندوتیەوە، کە ئەگەر ڕاست بێ، مانای تۆڵەستاندنە لە خودی پێغەمبەر! ل ٨٠-٨١

بەو هەموو تاوانەوە زانا و فوقەهاکانی سەردەمی یەزید، حەدیسێکیان بۆ دۆزیەوە کەوا خودا بەخشیویەتی، وەک ابن کثیر دەڵێت: یەزید یەکەم کەس بوو غەزای قوستەنتینیەی کرد...لە حەدیسیش سەلمێنراوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: [اول جيش يغزو مدينة قيصر مغفور لهم] یەکەم سوپای غەزای شاری قەیسەر دەکات، خودا لێیان خۆش بووە!

## ٧

**ئینجا باسی یەزیدی کوڕی عبدالملک دەکات کە نۆیەمین خەلیفەی ئومەوی بوو، لە پاش عومەری کوڕی عبالعزیز هات، کە دوو ساڵی پڕ لە عەدل ودادپەروەری گوزەراند، بەڵام یەزید چوار ساڵی پڕ لە شەڕاب و داوێنپیسی و گۆرانی و ڕابواردنی بەسەر برد، هەر لەگەڵ بوونە خەلیفە[ چل زانا و فەقیهی هێنا شایەدی بۆ بدەن کە خەلیفە هیچ کیتاب و حیسابێک و ئەشکەنجەی لەسەر نییە!]**

**ئەو پیاوە شەو و ڕۆژ لە باوەشی سەماکەران و ژنە جاریە گۆرانیبێژەکان بوو، هەتا یەکیکیان ناوی حبابة بوو زۆری خۆشدەویست، ڕۆژێکیان لە ڕوداوێکدا کە مرد، بۆ چەندین ڕۆژ خەلیفە ماچی دەکرد و لێی جیانەبوەوە تا بۆنی کرد!**

**پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کاتێ ئەو کارانە خەلیفە دەیکات هەموو زانایانی گەورەی سەردەمی خۆی بێ دەنگ بوون، بەڵام ئەگەر هەژارێک بیکات بە جۆرەها شێواز سزایان دەدا؟!**

**یەزید لەسەردەمی حسن النصري و عمرو بن عبید و واصل بن عطاء دەژیا، یەکیان ورتەیان لێوە نەدەهات، و توقیەیان دەکرد؟!خەلیفەش تەقسیری نەبوو لەناردنی پارە و دیاری گرانبەها بۆیان! جاروبار ڕۆڵێکی دیاریکراویشیان دەگێڕا، مەوعیزەیان دەدایە خەلیفە، لەسەر قەبر و حەشر و نەشر، نەدەوێران باسی خەلافەت بکەن بە خراپی، یان خەلک هاندەن لە دژی خەلیفە، یان باسی حوکمکردن بە کوفر بکەن! ئەوانە لە دەرەوەی سیناریۆکە بوون! تەنها باسی مەرگ و حەشر ونەشر بوو، خەلیفەیش بە چاوێکی کز وداخراوەوە گوێی بۆ رادەدێران و جاروبار فرمێسکی درۆینەشی دەڕژاند، دەست وپێوەندەکانیش**

**هەواڵی گریانی خەلیفەیان لە ترسی خودا دەگایندە هەموو خەڵکی عاتیفی ودەبەنگی دینی!**

**بەڕای من هەر ئەو سێیەی کە فەرەج فۆدە باسیان دەکات موستەهەقی باسکردن نین، بەڵکو لەوان سەیر وسەمەرەتریش هەن، بۆ نمونە هەر کوڕەکەی خۆی وەلیدی کوڕی یەزید، کە وەسیەتی کرد پاش هیشامی برای ببێتە خەلیفە، لوتکەیەک بوو لە بەزاندنی هەموو سنورێکی ئاداب و ڕەوشتی ئیسلامی ونا ئیسلامی!**

**هەردەم سەرخۆش و دوودەگی وهاوڕەگەزباز بوو، دەلێن هیوایەتی تیرتێگرتن بوو لە قورئان!**

**سەرەڕای ئەو ڕەوشتانەش الذهبي بەرگری لێدەکات ودەڵێت: کوفر و زەندیقی وەلید ڕاست نییە، بەڵکو ناودار بوو بە شەڕابخواردنەوە و هاوڕەگەزبازی...جارێکیان باسی وەلید کرا لای المهتدي، یەکێک گووتی: ئەو زندیق بوو، المهتدي گووتی: بێ دەنگ بە، خەلافەتی خوا لەوە گەورەترە بیداتە زندیقێک!**

**واتە لای ئیمامی حەدیس زەهەبی تورکمانی منالبازی و ئەرەقخواردنەوە شتێکی ئاسایی و هەینە! یان پاکانەی بۆ دەکەن کە خوا خەلافەتەکەی نادا بە زەندیقێک!؟ بەڵام من دەبینم خودا ڕەحمی پێکردووین بەو خەلیفە زندیقانە، لە وێنەی وەلید و یەزید چونکە بەڵگەیەکی دەمکوتکەری داونەتینە دەست بۆ دەمکوتکردنەوەی موزایەدەچییەکان، کە قەناعەتیان وایە دەوڵەت لە دین جیا نابێتەوە، پێکەوە پەتی بەهێزی ئیسلامن، کەچی لە ڕاستیدائیسلام لە بەرزەکی بەرزاییە، و زیانی پێناگات تەنها بە دەستی موسڵمانان نەبێ، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو حاکمانەی بەناوی ئیسلام حوکم دەکەن، و خەڵکی**

**حوکمکراویش هیچ گەرەنتیەکیان نییە ئەگەر فەرمانڕەواکانیان ستەمیان کرد و گەندەڵیان کرد، چونکە بەیعەتەکەیان بۆ هەتا هەتاییە. شوراش ئەگەر هەبوو واجب و ناچاری نییە...! ل٨٦–٨٧**

**بەرلەوەی بچینە سەر خەلافەتی عەباسی، لەو باسەی خەلافەتی ئەمەوی گەیشتینە ئەو دەرەنجامانە:**

**یەکەم: خەلافەتی ئەمەوی تەواو جیابوو لە ڕاشدی، فتوحاتیکی زۆری تێدا ڕوویدا هەتا دەوڵەت سنوری گەیشتە هیند لە ڕۆژهەڵات تا ئەندەلوس ئیسپانیا لە خۆرئاوا... دەسەڵاتێکی توندوتۆڵ بوو کەس دژی ئەویتر ڕانەپەڕی لە خێزانی ئومەوی تەنها لە چەند ساڵی کۆتاییدا، یانی وەک دەوڵەتی عەباسی نەبوون کە پڕاوپڕە لە ڕاپەڕین لە ڕووی یەکتر، هەتا باوک کوڕی کوشتوە، و کوڕ باوکی کوشتووە. نەریتی چاوڕژاندنی خەلیفەکان و لابردنیان لە خەلیفایەتی زۆر باو بوو، لە ماوی ٧٦٧ ساڵی حوکمیان لە ٧٥٠ کۆچی تا ١٥١٧ ی کۆچی!**

# جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لای ئەمەویەکان!

**ئەوەی لە حوکم ودەسەڵاتی ئەمەویەکان ڕەچاو دەکرێ، ئەوەیە کە بە جیاکردنەوەی دین لە حوکم توانیان حوکمی خۆیان بکەن، وەک عبدالملک بە جوانترین شێوە گوزارشی لێکرد، کاتێ هەواڵی بوونە خەلیفاتی بۆ هات، و قورئانەی داخست وگووتی: ئەوە ئاخیر ڕۆژی کۆبوونەوەی من وتۆیە!**

**ئەمەویەکان دانەبزینە ئاستی گفتوگۆی ئەوانەی لەڕوانگەی دینەوە ڕەخنەیان لێدەگرتن، چونکە دەیانزانی دەسەڵات و دین پێکەوە کۆکردنەوەیان مەحاڵە! بۆیە پێویستە دەسەلاتداری ئەو سەردەمە وانەیەک لەوانەوە وەرگرێت، نابێت گفتوگۆ لەگەڵ دینییەکانی دژی بکات لەناو گۆڕەپان و بە چەکی ئەوان، یان سەما بکات لەسەر ئاوازیان، بەڵکو دەبێت پابەندیان کات بە گفتوگۆ لە گۆڕەپانی خۆی، چونکە جگە لە دەستوور هیچ بژاردەیەکی تریان نییە، هیچ چەکێکیش لە گۆڕێدا نییە جگە لە یاسا، هیچ ئاوازێکیش نییە جگە لە ئاوازی دیموکراتیەت و شەرعیەت...دەبێت شوکری خوا بکەن کە یەکێکی وەک یەزید مان تێدا نییە، یان توندڕەوەکی وەک وەلیدمان لەناو هەڵنەکەوتووە، و وەزارەتی ناوخۆ لە دەستی کەسێکی وەک حەجاج نییە، یان سەرۆکێک ناڵێت من حیساب وکیتابم لەسەر نییە! ٩٠-٩١**

# دژایەتی دەوڵەتی دینی بۆ هونەر وژیان!

دەرەنجامی دووەم: شیعر وئەدەب و هونەری تەلارسازی و گۆرانی، بەڵکو مەزهەبی فیقهی و ئیجتیهادی فەقیهەکان، لەگەڵ کۆتاییەکانی دەولەتی ئەمەوی دەرکەوت وگەشایەوە، لەگەڵ پاشەکشەی کۆت وبەندە شکلی و ڕواڵەتیەکانی دەوڵەتی دینی تا گەیشتە سەردەمی عەباسی یەکەم. وابزانم خوێنەر سەرنجی داوە لە پەیوەندی جەدەلی لە نێوان دونیایی بوونی دەوڵەت وگەشانەوەی فیکر و ئەدەب وزانست و هونەر و فیقە، چەند دەوڵەت دنیەوی بێت، ئەو هونەر و زانستانە زیاتر دەدرەوەشێنەوە، بە پێچەوانەش هەرچەندە دەوڵەتی دینی بە هێزتر بوو ئەو هونەروزانستانە دەپوکێنەوە، تەنها عیبادەتکاری و قسە وچیرۆکی ساڵحان و زاهیدان زۆر دەبێت

ئەوەش دەرەنجامی خۆم نییە، بەڵکو هەقیقەتێکی ڕوون وئاشکرایە، خەلافەتی ڕاشدین کە هەموو ڕۆژێک وجووڵەیەکی لە مێژوودا بۆمان تۆمارکراوە، بە توڵ و عەرزی ئەو خەلافەتە قەسیدەیەکی سەرنجڕاکێشەرمان نەبیستووە، هونەرێکمان نەبیستووە ویژدان بجولێنێ وبۆ نەوەکانیتر بمێنێتەوە...چونکە هونەر ئازادییە، ئازادیش بەشبەش ناکرێ، هونەرمەندیش نایابکاری ناکات تەنها ئەگەر هەستی بە ئازادی فیکری خۆی کرد، و ویژدانی ڕەها بوو، وهەستی بە ویژدانی خەڵکانیتر کرد کە پێشوازی لێدەکەن، ودڵیان پێی خۆشە، ئامادەن لە هەڵەکانی ببوورن، ژیان دۆستە نەک مەرگدۆست، کراوەیە بۆ نەغمە نەک بۆ هەڕەشە، ئەو سیفەتانەش پێموابی لە سروشتی دەوڵەتی دینی دا نییە، بەلکو بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی دین بە توندترین شێوە.

ڕەنگە یەکێ لە کێشەکانی بانگەشەکەرانی دەوڵەتی دینی ئەوەیە دەزانن کە ئەو دەوڵەتە هەموو داهێنانێک، کرانەوەیەک، و کۆششکاری مێشک و ئیجتیهادێکی

عەقڵ قەدەغە دەکات...ئەوەی خەلک پێی قبوڵە بە پێوەرەکانی دەوڵەتی دینی ڕەتکراوەیە!

گۆرانی ڕەتکراوەیە، مۆسیقا مەکروهە جگە لە دەفلێدان نەبێ، گۆرانی بێژی ئافرەت فاجیرات و نامصات و متنمصاتن، گۆرانی بێژانی کە گۆرانی بۆ ستایشی پێغەمبەر نالێن، فاسیقن موسڵمانان لە زکری خوا غافل دەکەن، و هانیان دەدەن بۆ فاحیشەکاری! وەرزشکردنی ژنان فتنەیە و وروژاندنی فتنەیە، تێکەڵبوونی ئافرەت بە پیاوان فسق وفجوری ئاشکرایە، نواندن درۆیە و نابێ بکرێ، وێنەی زیندوو کێشان حەڕامە، پەیکەر شیرکە، دیموکراتیەت ڕەتکراوەیە چونکە حوکمی بەشەرە نەک خوا، مامەڵەی مەسیحی وجوو بە یەکسانی ئەگەر مونکەر نەبێ مەکروهە، موالاتکردنیان پێچەوانەکردنی مەعلوم من الدین بالضرورەیە، ژن ویلایەتی نیە، ناموسڵمان ویلایەتی نیە!

بە کورتی دەبێ هەموو شتێ بڕوخێنن تا دەوڵەتی خۆیان لەسەر داروپەردووی ئەودا دامەزرێنن! بەڵگە نەویستە کە لە جەوێکی وادا باسکردنی ئازادی بیر لەغوەیە، باسی ئازادی بیروباوەڕ قسەی قۆڕە، بوژانەوەی ئەدەب وهونەر جۆریکە لە زیندەخەون کە لەگەل واقیعدا ناگونجێ، ڕەنگە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی دوورکەوتنەوەیان بێ لە داڕژتنی بەرنامەیەکی سیاسی هەمەلایەن، کەمترین مەوعیزە و وتەی قەبەی تێدا بێت، وبڕێکی چاک واقیعی بیت، بڕێکی ماقوڵ بۆ ڕیزگرتن لە عەقڵمان... ل ٩١-٩٢

٨

# بەشی چوارەم

## خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی عەباسییەکان...ل٩٣-١٣٧

دەوڵەتی عەباسی پێویستی بە پێشەکەش کردن نییە، چونکە لەسەردەستی دامەزرێنەرەکەی ابو العباس السفاح پێشکەش کرا! لە یەکەم ڕۆژی خەلافەتی لەسەر مینبەر گووتی: [خودا هەقی خۆمانی بۆ گەڕاندەوە، بە ئێمە کۆتایی پێهێنا، وەک چۆن بە ئێمە دەستی پێکرد، ئامادەبن من خوێنڕێژی ڕەهام، السفاح المبیح...] ئەو کابرایە سەلماندی کە شایەنی ئەو ناوەی خوێنڕێژییەیە، چونکە بە دوو بڕیار دەستی پێکرد کە پێویست بە هیچ قسەکردنێک لەسەر ناکات و نمونەیان لە هیچ مێژووەک نەبوون، بەکو دوای ئەویش کەس شتی وای نەکردووە! یەکەمیان:

دەرهێنانی جەستە و ئێسک وپروسکی خەلیفە ئەمەویەکان لە گۆڕەکانیان، جەڵدە لێدان و لە خاچ دانیان! ئینجا سوتاندنیان وبەبا کردنی خۆڵەمێشەکانیان!

ئینجا بڕیاری دووەم کاتێ داڵدەی ٩٠ لە بنەماڵەی ئومەویەکان دەدا، بەڵام شاعیرێکی دەربار بە سیناریۆ دێتە ژوورەوە بە شیعر دەڵێت نابێ لێگەڕێیت ئەوانە بژین چونکە ترسناکن بۆ دوارۆژ! هەر لەوێ السفاح ی خوێنڕێژ فەرمان بە کوشتنیان دەکات بە تێلای ئاسن لەسەریان دەدەن ودەیانکوژن، و هێشتا ئاە و ناڵەیان دێ کە سەفاح فەرمان دەکات بە ڕاخستنی سفرەی خواردن بەسەر جەستە نیوە مردووەکان و نانی خۆی لەسەر ئەو جەستانە دەخوا!

**ئەخر ئەو سادیزمە و نەخۆشییە لە هەموو مێژووی دکتاتۆرەکان بەو قێزەونییە نەبووە، کە لەلای نەوەی عەباسی مامی پیغەمبەر بووە!**

**دەبێ پرسیار لە ناوەرۆکی خەلافەتەکە بکەین کە دەڵێن ئیسلامییە و داوای گەڕانەوەی دەکەن سەرلەنوێ، ئایە ئیسلامییە بەڕاستی تا بە پێوەری ئیسلام بیپوین، یان تەنها ئیدیعایان کرد ئیسلامییە و سەلماندمان کە ئیسلامی نەبوون، یان حوکمێکی ئیستیبدادیە کە بە پۆشاکی دین خۆی داپۆشیبوو، بەلگەکەمان سەلمێندرا، و بەردێکی سێکیولارمان خستە دەمیان، کاتێ جیاوازی نێوان ئیستبدادی حوکمی دینی سەدەکانی ناوەڕاست، و سەدەکانی ئیستبداد و ئەشکەنجە و زەبردەستی مان بۆ کردن لەگەڵ سێکیولاریزمی سەردەمی نوێ، سەردەمی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ، وڕێزلێنان لە ئادەمیەتی ئادەمیزادەکان... ل١٠٠**

**یەک لە ڕەوشتە خراپەکانی سەفاح پەیمانشکێنی بوو، بەناوبانگترین دوو پەیمانشکێنی بریتی بوون:**

**لە پەیماندان بە ابن هبیرة ی سەرکردەی سوپای خەلیفەی ئومەوی مروان بن محمد، کە پاش خۆبەدەستەوەدانی بە ماوەیەک کوشتی! هەروەها کوشتنی ابو سلمة الخلال ی دامەزرێنەری دەولەتی عەباسی لە کوفە، کە سەرەڕای پەیمان پێدانیشی و خزمەتەکانیشی هەر کوشتی!**

**ئەو خەسڵەتەی بۆ ابو جعفر المنصوری براشی جێهێشت، کە لەو غەدارتر وبێ بەهاتر بوو! مرۆڤ کە ژینامەیان دەخوێنێتەوە سەیری لێدێت ئەوانە ماڵی ئامۆزاکانی پێغەمبەر بوون ئەوە ڕەوشتیان بوو، دەبێ ئەوانیتر چۆن بووبن؟!**

ابو جعفر المنصور دوو کەسی کوشت کە دامەزرێنەری هەقیقی دەوڵەتەکەی بوون، یەکەمیان مامی خۆی سوپاسالاری عەباسییەکان، کە لە دوا جەنگی لەگەڵ سوپای ئەمەویەکان سەرکەوت، عبدالله بن علي، دووەمیان ابو مسلم الخراساني، کە بە دامەزرێنەری یەکەمی دەوڵەتی عەباسی دادەنرێت و کوردیش بووا یەکەمجار مامی خۆی بە دەستی ابو مسلم الخراسانی کوشت، دوایش لە کارێکی پڕ غەدر و خیانەت لە کاتی داوەتکردنی ابو مسلم زۆر نا ئینسانانە ابو مسلمی کوشت بەبێ هیچ هۆیەک! گوێی نەدایە ئەو هەموو خزمەت و چاکەیەی کە ابو مسلم پێی کردبوون! لە کاتی کوشتندا ابو مسلم گووتی: مەمکوژە بمهێڵەوە بۆ دوژمنەکانت! مەنسوڕ گووتی: چ دوژمنێکم هەیە لە تۆ دوژمنتر بێ!

کە لاشەی لەویا کەوتبوو، جێنشینەکەی عیسا کوڕی موسا هاتە ژوورەوە و گووتی: کوشتت؟ گووتی: بەڵێ، گووتی: انا لله وانا اليه راجعون، دوای ئەو هەموو خزمەت و دەستپاکی وئەمانەتەی؟! مەنسوڕ گووتی: خودا دڵت بتوقێنێ! بەخوا لەسەر گۆی زەوی لەوە دوژمنترتان نەبووە، ئێوە چما خاوەنی هیچ بوون لە ژیانی ئەودا؟ ل١٠٣

ئە لەو گفتوگۆیەدا دەردەکەوێ، کە ابو مسلم لە چاکە و ئەمانەت پارێزی زیاتر، هیچیتری نەبوو بۆ ئەو دەوڵەتەی کە بە جەنگ و شمشێر و کۆشسی ئەو دامەزرا، و وەک هێلکەیەکی سپیکراو دایە دەستی ئەو عائیلە مشەخۆرەی عەباسیە، دووەم ابو جعفر المنصور دەیسەلمێنێ تەنها ترسی لە ابو مسلم بۆتە هۆی کوشتنی، بێ ئەوەی هیچی لێ ڕوودا بێت!

میکیاڤیلیەتی ابو جعفری مەنسوڕ گەیشتە ڕادەیەک، پاش نوشوستی هێنانی لە دەست بەسەر داگرتنی ئەندەلوس، شکستی سوپاکەی لەسەر دەستی عبدالرحمن ی کوڕی معاویەی کوڕی هیشامی ئومەوی، کە نەیتوانی بە هێز

ڕامی بکات، وەک چۆن چرچڵ لە شەڕی جیهانی دووەم گووتی، ئامادەیە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەهریمەن بکات بۆ شکستپێهێنانی نازیەت، ئەبو جەعفەری خەلیفەی موسڵمانان هەمان شتی کرد، کاتێ لەگەڵ دوو پاشای فەرەنجی [شارلەمان و بیین] هاوپەیمانی کرد لە دژی عبدالرحمنی خەلیفەی ئومەوی موسڵمان، کە هەتا ئەو هاوپەیمانیەش نەیتوانی شکستی پێ بێنێ! ل١٠٤

مەنسوور بەو کارەی پێش ماکیاڤیلیش کەوتبوەوە، بەر لەو بنەمای ئامانج پاکانە دەکات بۆ ئامرازی داهێنا، و بە ئاشکرا ڕەچاوی هیچ بەهایەکی ئیسلامیشی نەدەکرد لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆی!

دەگێڕنەوە کە جارێکیان دووچاری گفتوگۆیەکی درێژ هات، لەگەڵ محمد العلوي ناسراو بە [النفس الزكية] و ئیبراهیمی برای دەربارەی کێ پترتر مافی بوونە خەلیفاتی هەیە، لە ڕووی نەسەبەوە، لەگەڵ فەرامۆشکردنی تەواوی گەل و خەڵک، یان ئەوەی پێیدەگوترا ڕەعیەت! ئەو دوو برایە پییانوابوو ئەوان وەچەی علي و فاطمەن واتە نەوەی پێغەمبەرن، بۆیە هەقی زیاتریان پێیە بۆ بوونە خەلیفە، مەنسووریش پێیوابوو مام نزیکترە و هەقی زیاترە لە پسمام، بۆیە ئەوان هەقیان زیاترە! وەک بڵێی بەهای بەرز و تەقوا و ڕەوشتی بەرز بە ویراسەت بگوێزرێتەوە!

کاتێ ابو جعفری مەنسوور داوەتیکردن بۆ لای خۆی و گووتی ئەمانتان دەدەمێ مەترسن وەرن! محمد العلوي بەتەوسەوە وەڵامی دایەوە: چ جۆرە ئەمانێکمان دەدەیتێ: ئەمانی ابن هبيرة ؟ یان ئەمانی مامت عبدالله بن علي؟ یان ئەمانی ابو مسلم؟! کە خۆی و برای ابو العباس السفاح خیانەتیان لە پەیماندانی هەموویان کردبوو!

مەنسورِیش بە تەوسەوە باسی حسنی کوڕی عەلی کرد، کە چۆن خەلافەتی فرۆشتە معاویە بە جل وبەرگ و پارە، گەڕایەوە حیجاز و شوێنکەوتوانی خۆی دایە دەست معاویە، ئەو کارەی سپاردە کەسێکی ناشایستە! لەوەشدا مەنسورِ ڕاست دەکات، حەسەنی کوڕی عەلی توراسی ئیسلامی و عاتیفی عەوام و شیعەکان گەورەیان کردوە، دەنا کەسێکی ژنباز و دنیەوی و خۆشگوزەران زیاتر هیچیتر نەبوو. ئەو حەسەنە چوار چوار ژنی تەڵاق دەدا و دەهێنا!

هەتا شۆرەتی ئیمامی عەلیشی لەکەدار کردبوو، عەلی ناچار بوو لەناو عەشیرەتەکان بسوڕێتەوە وبڵێ کەس ژنی نەداتێ چونکە حەسەنی کوڕم مطلاق و مزواجە! واتە ژن زۆر دەهێنێ و زۆریش تەڵاق دەدات! بەڵام خەڵکی ساویلکەی بێ کەرامەت لە ئاست دیندا لەبەر خاتری خزمایەتی کردن لەگەڵ نەوەی پێغەمبەر ئامادەبوون بۆ سەعاتێکیش کچی خۆیانی بە حەسەن بدەن! عەلی باوکیشی بەو هەموو زوهد وتەقواوە، کاتێ مرد چوار ژن و ١٩ کەنیزەی لە پاش جێما!

حەسەن نامەیەکی ناردبوو بۆ معاویە داوای پارەیەکی زۆری کردبوو، بەڵام معاویە نامەیەکی بەتاڵی ناردبوو و لەژێرەوە ئیمزای کردبوو، بۆ ئەوەی حسن هەرچی بوێت بۆی جێبەجێ بکات، کە نامەکەی معاویە گەیشت، حسن پەشیمان بوەوە لە ناردنی نامەکەی، بۆیە داوای زۆر زۆرتر پارەی کرد، و لەسەر پێنج ملیۆن دیناری بیت المالی کوفە پێکهاتن! هەر حسن یش نا، بەڵکو عبدالله ابن عباس یش، کە هەموو پارەی بیت المال ی بەسرەی بردبوو، کاتێ والی ئیمام عەلی بوو، بە هەلی زانی داوای لە معاویە کرد لێی خۆش بێ وپارەکەی لێ داوا نەکاتەوە! ئەوە حەبری ئومەت و گەورەترین زانای ئیسلام بوو بە دوعای خودی پێغەمبەر، بەو شێوەیە ماڵی دزراوی بۆ خۆی حەڵاڵ کردبوو، وەک چۆن

**حسن ی کوڕی عەلیش لە جیاتی خەلافەت پێنج ملیۆن دیناری بە موفت وەرگرت!**

**مەنسوڕ زۆر بەرگەی گفتوگۆی نەگرت و هێرشی کردە سەر سوپای کوڕانی عەلەوی و تیایدا سەرکەوت و هەردوکیانی کوشت. سوپای مەنسوڕ قەناعەتیان بە خۆیان هێنا کە خوا سەری خستوون، سوپای محمد و ابراهیمی عەلەویش دەیانگووت ئەوە تاقیکردنەوەی خوایە، دەبێت سەبر گرن، خوداش پاداشتی سەبرگران دەداتەوە...لەو هەموو شەڕ وشۆرەش زانایەک یان فەقیهێک هەڵوێستێکی لەباریان نیشان نەدا، یان بەرگری لە هەق بکەن، سەرەڕای ئەوەی دەیان ئیمامی گەورە لە سەردەمی مەنسوڕ دەژیان لە وێنەی: ابو حنیفة، مالک، الاوزاعي، عمرو بن عبید، سفیان الثوري، عباد بن کثیر، جعفر بن محمد صادق، و کەسانیتریش...ل١٠٧**

# ٩

# لەناوبردنی ابن المقفع بە دڕندانەترین شێوە!

**دڕندەیی ئەو ئامۆزایەی پێغەمبەر تا ئەو ڕادەیە بوو، کاتێ نووسەرێکی مەوسوعی و ڕۆشنبیرێکی گەورەی فارسی سەردەمی خۆی، ابن المقفع نامیلکەیەکی بۆ بۆ مەنسوڕ نارد بە ناوی [رسالة الصحابة]، تیایدا ئامۆژگاری خەلیفە دەکات بە چاک هەڵبژاردنی یاریدەدەرانی، و سیاسەت چاکی لەگەڵ ڕەعیەت، ئیبن موقەفەع لەو نامیلکەیەدا لەوپەڕی نەرم ونیانی و ناسکی دڵی خەلیفەی ڕاگرتووە، [من م هەریری] خۆم ئەو نامیلکەیەم خوێندەوە دەبوایە پاداشت بکرێت لەسەر ئەو هەموو ئامۆژگارییە بە سوودانەی بۆ خەلیفە ولەسەر ئەدەبی بەرزی!**

**دیارە نەیدەزانی تەنها ئامۆژگاری کردنی خەلیفە تاوانە، وتەنها کاری ئەدیب ستایشی خەلیفەیە، پشتگیری کردنیەتی، ئەوەشی لەو ڕۆڵە دیاریکراوە تێیپەڕاند، دەبێ سزا بدرێ بە درندانەترین شێوە. مەنسوڕ بڕیاری سزادانی ابن المقفع بە بڕینی دەست وپێی پارچە پارچە و برژاندنی و دەرخواردنی!**

**ئەوە ئەو خەلیفەیە و ئەو شەریعەتەیەیە کە کە داواکارانی خەلافەت دەیانەوێت و گۆرانی بەسەر شورا دەڵێن، ئەو شورایەی هەر بەناو هەیە، و خەلیفە پێی پابەند نییە، و هێرش دەکەنە سەر عەلمانیەکان، و پێیان وایە دەوڵەتی دینی پەناگەیە، و حوکم بە ئیسلام عەدل وڕەحمەتە، ولە جێبەجێکردنی دەسبەجێی شەریعەت عەدل و ڕاستەڕێییە، و دیموکراتیەت جەوروستەم و حوکمکردنە بە هەوا و هەوەس....**

# شەڕاب و جاریە و بەندایەتی و بەچەبازی!

ئینجا فەرەج فۆدە باسی ئەو جەوە پڕ لە ڕابواردن و مەی خواردنەوەیەی سەردەمی عەباسیەکان دەکات، کە چۆن لەسەر فەتوای عێراقییەکان جۆرەها شەڕاب حەلال کرا، و ڕای ابو حنیفەش لەوەدا زۆر کاریگەرە، کە گووتی بەپێی مانای زمانەوانی تەنها ئەرەقی ترێ پێی دەڵێن الخمر، تەنها ئەوە حەڕامە. واتە ئەرەقی شتەکانیتری وەک خورما و هەنجیر و هەنگوین و هەتا مێوژیش حەلالە. بۆیە بەغدا و شارە گەورەکان پڕاوپڕ بوون لە مەیخانە. ابو حنیفەش ئەو ڕای لە عبدالله ابن مسعودی سەحابی وەرگرتبوو کە بە ئیمامی زانایانی ئەهلی عێڕاق دەناسرێت. خەڵکەکە گۆرانیشیان حەلال کردبوو بۆ خۆیان بەبێی فەتوای فەقیهەکانی حیجاز، سعودیەی ئێستا. ل ١١١

مەی و گۆرانی هەر بە تەنیا نەبوو، بەڵکو بازاڕ پڕاوپڕ بوو لە ئافرەتی جاریە و کۆیلە، لەبەرئەوەی ئیسلام نکوڵی لە کۆیلایەتی نەکرد و ئیدانە و قەدەغەی نەکرد، بەڵام خەڵکی هاندا بۆ ئازادکردنیان، ئەوەش دەرگایەکی گەورەی خێرکردن بوو، لایەنێکی گرنگی ڕوحی ئیسلام بوو، کە لەگەڵ جیهانی یەکسانی هەمووان دەگونجا، و گونجاو بوو لەگەڵ نەهێشتنی کۆیلایەتی لەسەرتاسەری جیهان، کەچی ئەگەر تەنها ڕوواڵەتی دەقەکان وەرگرین دەبێت نکوڵی لە یەکسانی بکەین، و دژی نەهێشتنی کۆیلایەتی بین.

بەڵام چونکە ئێمە ئەهلی ڕوح و جەوهەرین، لێکدانەوە بۆ هەڵوێستی ئیسلام لە کۆیلایەتی دەکەین، بەوەی کە دین تەنها بۆ سەردەمێک نەهاتووە، قورئان نەهاتووە بۆ زەمەنێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو کات وسەردەمێک هاتوون، ئەگەر ڕێگاشی بە کۆیلایەتی دابێت، بەڵام ڕێگای بە ئازادکردنیش داوە بە هاندانیشەوە، ولایداوەتە لای ئازادی...ئیسلام لە ڕێگەپێدانی بە کۆیلایەتی

ڕێگای داوەتە بە خاوەنەکانیان لەگەڵ جاریە مێیەکان ڕابوێرن و سێکس بکەن، ڕەچاوی ئەوەی کردوە منداڵەکان بدرێنە پاڵ باوکانیان، جاریەکان دوو سەرچاوەیان هەبوو، یەکەمیان کڕین و دووەمیان غەنیمە و دەسکەوتی جەنگ بوو، کە ئەوەیان زۆر بەرفراوان بوو لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامیدا، تا وای لێهاتبوو بازاڕ پڕی جاریەی ڕۆمی و فارسی و حەبەشی و شوێنی تر ببوو، وای لێهاتبوو نمایش واتە عەرز لە تەڵەب زیاتر بووا!

هەتا زۆرجار لە کتێبەکانی مێژووی ئیسلامی دەخوێنینەوە، کە دیاریدان بە جاریە زۆر باو بوو لەبەر زۆری وهەرزانی نرخیان! لە مێژوو دەخوێنینەوە کە فلانەکەس دوو جاریەی پێشکەشی بە فلان کردووە، بەڵکو مێژوو نووسان دەڵێن ئیمامی عەلی کە زاهیدترین و لە خواترسترینی خەلیفەکان، کاتێ مرد[چوار ژن و نۆزدە ١٩ جاریەی هەبوو ڕەزای خوای لێ بێت] البداية و النهاية لابن کثیر... ئەو ژمارەی جاریەکان بە دەیان بوو لە سەرەتای سەردەمی ئومەوی، ئینجا بوە سەدان لە سەردەمی یەزیدی کوڕی عبدالملک، دوایی بووە هەزاران لە سەردەمی خەلیفە عەباسیەکان، هەتا خەلیفەیەکی وەک المتوکل بە تەنها چوار هەزار جاریەی هەبوو، لە هەمووشیان پەڕیبوو یانی لەگەڵ هەموویانیش خەوتبوو لە ماوەی خەلافەتی کە چارەگە سەدەیەک بووا!

هەروەها سەرچاوەیەکیتری ڕابواردنی سێکسی شەرعی زەواجی موتعە بوو، کە مشتومڕی لەسەر بوو، سوونەکان پێیان حەڕام بوو، بەڵام شیعەکان پێیان حەڵاڵ بوو، هەتا ڕیوایاتی چەند سەحابەش هەر بە حەلالی دادەنا، هەتا سزای زەواجی موتعە ڕەجم نەبوو، لەبەر شوبهەی حەلالی وحەرامی!

لە جەوێکی وا پڕ سەرچاوەی سێکسی لە جاریە و ئاسانی زەواج هەتا یەکێکی وەک حەسەنی کوڕی عەلی چوار چوار ژنی دەهێنا و تەڵاقی دەدان، سەرەڕای

زەواجی موتعە، و هەرزانی کڕینی جاریەکان لەبەر زۆریان! کێ لەو جۆرە کۆمەڵگایە دەکەوێتە زیناوە، مەگەر بێ عەقڵێک نەبێ؟! کێ دەتوانی بڵێ سزای ڕەجمکردن سەختە لەو کۆمەڵگایە؟!

سەرەڕای سەختی شاهیدش دان لەسەر زینا کە دەگاتە ئاستی موستەحیل، هەتا لە سەردەمی عومەر کە والی کوفە المغيرة بن شعبة، تۆمەتبار کرا بە زینا لەگەڵ ام جمیل، ئەو ام جمیلە دەڵێن ژنێکی شۆخ وشەنگ بووە هەر بەسەر دەسەڵاتدارەکان سوڕاوەتەوە! لەو سەردەمەش ئەو دیاردەی سۆزانیەکانی دەسەڵات هەبووە! لەجیاتی موغیرە و ام جمیل ڕەجم بکرێن، شاهێدەکانیان دارکاری کردن، بۆیە تۆمەتی زیناکردن سەلماندنی نزیک بوو لە موستەحیل، چونکە دەبوایە ئەوەی شاهێدی دەدا، دەبوایە وردەکاری فیعلەکەی بینیبا وەک کلچوو لە ناو کلدان، یان وەک پەت لەناو بیردا! ئەوەش مەگەر کامێرا مانیش بە زەحمەت بیبینێ!

لێرە پرسیارێک لە خوێنەر دەکەین، هیوادارین بە ئینساف وەڵامدەنەوە: ئایە دەکرێ لە سزادا یەکسانی بکەین لە نێوان ئەوەی هەل ومەرجی ژیان فورسەتی فرەژنی بۆ ڕەخساندبوو، داگیرکاری و فتوحات هەلی دەستگەیشتن بە سەدان جاریەی بۆ ڕەخساندبوو، و ئیجتیهادی ابن عباس یان مەزهەبی شیعە هەلی موتعەی بۆ دەستەبەر کردبوو، لە نێوان ئەو گەنجانەی سەردەمی هاوچەرخمان کە ناتوانێ زەواجێکیش بکات لەبەر دەستکورتی لە مارەییدان، نەتوانینی کۆمەڵگا بۆ دەستەبەرکردنی خانەی هاوسەرگیری؟ ئەو دووانە بە یەکسانی مامەڵە دەکرێن؟

ئایە ئەو هەل ومەرجەی ژیانی هاوچەرخ نابێتە شەفیع بۆ گەنجانمان، وەک هەل ومەرجی برسێتی بووە شەفیع بۆ ئەوانەی دزیان دەکرد لە سەردەمی

عومەر؟ من لێرەدا بانگەوازی ناکەم بۆ زینا یان هەوڵی برەوپێدانی، وەک کەسانێک وادەڵێن لەوانەی ژیان تەنها لە چاویلکەی پیاو و ژنێک و شەیتانی سێیەمینیان دەبینن...ئێمە دەمانەوێ مامەڵە بە لۆژیک و عەقڵ بکەین لەگەڵیدا، وەک چۆن عومەر لە سزای دزی کردی، کاتێ ڕواڵەتی دەقەکە و سزاکەی تێپەڕاند، بەرەو پەیوەندی نێوان هۆکارەکان و ئەنجامەکان...

# بێ ڕەوشتی خەلیفەکان!

**ئینجا فەرەج فۆدە باسی ڕەوشتی چەند خەلیفەیەکی تری عەباسی دەکات وەک ڕەشید و مەئمون و موعتەسەم، بەڵام لەسەر الواثق دەوەستێ ودەلێ واسق دواهەمین خەلیفەی سەردەمی عەباسی یەکەمە، ناتوانم ئارام بگرم لەسەر ژینامەکەی، پێموابێ خوێنەر ناتوانێ بە ئاسانی ئەوەی باسی دەکەم دەربارەی لە بیری بکات، چونکە واسق ڕێگایەکی تەواو دەگمەن و نوێی لە خەلافەت گرتە بەر، شەش ساڵ حوکمی کرد، لە باوەشی ئەو مناڵ بۆ ئەو مناڵ دەیگوێزایەوە..ئەو عاشقی منداڵان بوو**

**هەموو ویژدانیان داگیر کردبوو، و هەست وسۆزیان تواندبوەوە، یەک لەو منالانە بەداخەوە میسری بوو ناوی [مهج] بوو، بە هەوەستی خۆی یاری بە هەست وسۆزی واسق دەکرد، ئەگەر لە خەلیفە ڕازی با، هەموو ژیانی خەڵک خۆش دەبوو، ئەگەریش نازی لەسەر خەلیفە کردبا هەموو ئومەت دەکەوتە مەشەقەت، قوربەسەر ئەوەی ئەو ڕۆژە چاوی بە واسق دەکەوت، یان بهێنرایە بەردەمی بۆ حوکم کردن بەسەریدا! ل ١٢٤**

**ڕەنگە ئەوانەی بێ ماندووبوون دووبارەی دەکەنەوە، کە شارستانیەتی خۆرئاوا ڕێگای بە لادانی سێکسی داوە، ئێستا دەزانن کە ئێمە تەنها ڕۆلمان گواستنەوە نەبووە لە خۆرئاوا، بەڵکو ئێمە پێشی ئەوانیش کەوتوینەتەوە، لەو بوارەی لادان و شزوزی جینسیەدا. ئایە خۆرئاوا فەرمانڕەوایەکی وەک الواثق ی هەبووە؟! ئایە لە هەموو مێژووی خۆرئاوا خادیمێکی وەک مهج هەبووە، وا مێشکی خەلیفە سەرخۆش کات و بێ ئاگای کات لە کاروباری دنیا، جگە لە کاروباری دین، هەموو عەقڵ و ویژدانی داگیر بکات و هەر خەریکی شیعری منالبازی وپێ هەڵدان بێ بە موهج!**

ئەگەرچی واسق سوارچاکی ئەو مەیدانەی بەچەبازی بوو، بەڵام بۆ ڕاستی دەبێ بگوترێ، کە هاوڕەگەزبازی لە سەردەمی وەلیدی کوڕی یەزید هەبوو، هەروەها لە سەردەمی الامین ی کوڕی هارونە ڕەشید، کە نێرە خەساوەکانی دەکڕی و زۆر ڕێزی لێدەگرتن هەردەم لەگەڵیان لە خەلوەتدا بوو و دژی ئافرەت وجاریەکان بوو، وەک چۆن واسق دڵی بە موهجەوە بەسترابوەوە، ئەمین یش دڵی بە منداڵێک بەسترابوەوە ناوی کەوسەر بوو...

## ١٠

ئەو حالەتی منداڵبازییە هەر تایبەت بە ئەمین و وەلید و واسق نەبوو، بەلکو هێندە باو بوو لە بەغدا، هەتا ابو حیان التوحیدي بۆمان باس دەکات کە لە بەغداد ٩٥ مناڵی جوانی لێبوو گۆرانیان بۆ خەڵک دەگووت، دەلێ مناڵێکی جوانی موسڵاوی لێبوو دنیای پڕی ناز وعیشوەت کردبوو، هەتا پیاوە ناسک و تەقوادارەکان و گەورە و بچوکی بەخۆی تووشی فیتنە کردبوو! دڵی لێ دەدزیت و دەیدایەتەوە، سەرخۆشی کردبوون بە ڕوخساری جوانی، وبە لێوی بە خەندەی، و بە گوفتی پڕ سیحر، و چاوی کاڵی و قەدی باریکی..

# مەرایی و ترسنۆکی زاناکانی ئیسلام!

ئەو هەموو شتانە دەقەومان کەچی زانا و فەقیهەکان ئەو خەلیفانەیان وەک ئاسمان موقەدەس کردبوو، سەرچاوەکانی مێژوو باسی ئەوە ناکەن مەلایەک، یان فەقیهێک فەتوای کوشتنی دابێت، یان کارەکانی بە حەڕام وەسف کردبێ، خراپترین شتێک کە کردبێتیان لە پاش مردنی خەلیفەیەکی منالْبازی وەک الامین، چەند شێعرێکی ئیدانەیان دژی نووسیوە، ئەویش چونکە خەلیفە مأمون ی پاش ئەو بە شەڕ سەرکەوت بەسەر ئەمین وبە هێز لایدا! فەقیهەکان نەک ئیدانەیان نەدەکردن، بەڵکو تەقدیسیشیان دەکردن.

بۆ نمونە ابو یوسف ی قوتابی ابو حنیفە لە پێشەکی کتێبە ناودارەکەی الخراج، دەربارەی خەلیفە هارون ڕەشید دەڵێت: "خودا بە فەزڵ ومنەتی خۆی خەلیفەکانی کردۆتە جێنشینی خۆی لەسەر زەوی، ڕوناکیەکی پێدان، تا ئەو تاریکایەی خەڵک ڕوناک کاتەوە، یان ئەو مەسەلەی لێیان ئالۆز دەبێت بۆیانی ڕوون کاتەوە.. ل ١٢٥–١٣١

ئینجا ئەگەر باسی سەردەمی خەلافەتی عەباسی دووەم بکەین، ئەوە زۆر لەوەی یەکەم بێ تامتر و کارەساتترە، ئەو کاتە سەردەمی خەلیفە لاواز و کلکەکان بوو، هێندە بێ سەنگ بوون سێ خەلیفە [القاهر و المتقي و المستكفي] لەیەک سەردەمدا لە دەسەڵات لادران و چاویان ڕژاندن و دەبینران سواڵیان دەکرد لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکاندا! دەڵێن قاهیر دەیگووت: خێرێکمان پێبکەن دەزانن من کێم!

ئینجا هەر ئەو قاهیرە لەکاتی دەستبەکاربوونیدا فەرمانی کرد بە تەحریمکردنی شەڕاب و، گۆرانی و خستنە زیندانیان، و دوورخستنەوەی نێرەموکەکان، و

شکاندنی ئامرازی مۆسیقا و فرۆشتنەوەی جاریە گۆرانیبێژەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی دەخواردەوە، قەت بە ئاگا نەدەهاتەوە، بەردەوامیش گوێی لە گۆرانی دەگرت! ل١٣٢

سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کردن، کەسانێک لەبەر نەزانی داوای گەڕانەوەی خەلافەت دەکەن!

لەو باسەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامانە:

یەکەم: ئەو خەلافەتەی پێی دەڵێن ئیسلامی، لە هەقیقەتدا خەلافەتێکی عەرەبی قورەیشییە، تەنها ناوی ئیسلامی هەڵگرتووە، بانگەوازی زیندووکردنەوەشی زیاتر گونجاوە بۆ مەنهەجی قەومیەتی عەرەبی، و دەعوەی یەکێتی نێوان وڵاتە عەرەبیەکان، ئەوەش تەنها دەعوەیەکی سیاسی ڕووتە.

دووەم: ئیسلام دینە و دەوڵەت نییە، ئەوەشی هاوڕامان نییە با بەڵگەی مێژوویی بهێنێتەوە، لە بەڵگەی مێژووش بە هێزتر نییە، با مەنهەجی خۆیمان پی نیشان دا لەسەر بنچینەی ئیسلام! ئەوەی تا ئێستا پێشکەشکراوە بەڵگەیە لە دژی لایەنگرانی ئیسلام دین ودەوڵەت، و قورئان وشمشێر. نەک هەر هێندە ئێمە پێمان وایە کە دەوڵەت بارگرانیە بەسەر ئیسلام، و کەموکورتیە بۆی نەک شتێکی بۆ زیادکردبێ، پاش ڕەشکردنەوەی ئەو هەموو لاپەڕانەش پێویستیمان بە بەڵگە هێنانەوەی تر نییە!

سێیەم: جیاوازی نێوان ئادەمیزاد و ئاژەڵ، مرۆڤ لە ئەزموونیدا فێر دەبێ، کەڵەکەی دەکات و [فەرهەنگ] الثقافەی لێ دروست دەکات، بەڵام ئەوانەی بانگەشەی گەڕانەوەی خەلافەت دەکەن، لەوەدەچێ زەنی خراپمان پێ ببەن، کاتێ داوامان لێدەکەن سەرلەنوێ شتێ تاقیکەینەوە کە سێزدە سەدە تاقیمان

کردبێتەوە، وەک بڵێی سێزدە سەدە بەس نەبێ، وەک بڵێی پێیان ناخۆش بێت لەسەر دوو پێ بڕۆین، دەیانەوێ لەسەر چوار پێ بڕۆین!

چوارەم: لای ئێمە سەلمێندراوە لە ڕێگای خوێندنەوەمان بۆ مێژووی ئیسلام، کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی بالاتر و ڕاقیتر دەژین بە هەموو پێوەرێکەوە، ولە سەرووی هەمووشیان پێوەری ڕەوشت، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر و مرۆڤانەترە لە بواری پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و گەل. ئێمە لەوەشدا قەرزاری فەرهەنگی مرۆڤایەتین، کە جەوهەری دین ڕەتی ناکاتەوە، هەروەها قەرزاری پرنسیپەکانی مافی مرۆڤین کە هەڤدژ نیین لەگەڵ مافەکان لە ئیسلامدا.

پێنجەم: مێژوو خۆی نوێ دەکاتەوە، وەک بڵێی هیچی نوێ نەبێ، بەڵام ئێمە پەند و وانەکانی وەرناگرین...ئێمە دژی مەنهەجی کۆپیکردنین، بەڵکو دەبێت ڕووداوەکانی مێژوو وەرگێڕین بۆ زاراوەکانی ئێستامان، وسوود لە وانەکانی وەرگرین بە شێوازی سەردەم..بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەت بێنێ کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، داوای لێدەکەین ئەو بابەتەی ابن الاثیر لە ژێر ناونیشانی [ذكر فتنة الحنابلة ببغداد] باسی فتنەی حەنبەلیەکان لە بەغدادا، تیایدا دەڵێ" لە ساڵی ٣٢٣ هیجری لە خەلافەتی الراضی دا، هێز و دەسەڵاتی حەنبەلیەکان لە بەغداد گەورە بوو، وایان لێهاتبوو بەسەر ماڵی سەرکردە و خەڵکی ئاساییین دادەدا، ئەگەر شەڕابیان دەست کەوتبا دەیانڕشت، گۆرانی بێژیان دیبا لێیان دەدا، ئامێرەکانی گۆرانیان دەشکاند، تەدەخولی کڕین وفرۆشتنیان دەکرد، ڕۆیشتنی پیاو لەگەڵ ژن و منداڵ یان قەدەغە کردبوو، ئەگەر بۆیانی نەسەلمێنرابا ژنەکە و منداڵەکە کێیە، لێیان دەدا و دەیانبردە لای شورتە وشاهێدی فاحیشەیان لەسەر دەدا، هەرایەکی زۆریان لە بەغداد نابوەوە."

**با پرسیارێک لە خوێنەر بکەین: چی دەبێ ئەگەر بەغدادمان گۆڕیەوە بە اسیوط، وحەنبەلیەکانمان گۆڕیوە بە گروپە ئیسلامییەکان، وساڵی ٣٢٣ هیجری مان گۆڕیەوە بە ١٩٨٦ ی میلادی، وسەرلەنوێ خوێندمانەوە؟ ئایە هەمان شت ڕوو نادات؟! ئەو کاتە ڕازی خەلیفەیەکی لاواز بوو، نەیدەتوانی ئامرازی هێز وشمشێر بەکار بهێنێت، بەڵام ئامرازی ئەو سەردەمەمان دەستوور و یاسا و دیموکراتیەتی سەرتاسەرییە، ئەو ئامرازانەش تەنها عەیبێکی هەیان بێت، بەکارنەهێنانیانە لە زۆربەی جاراندا.**

**شەشەم: گەشەکردنی گروپ وکۆمەڵی ئیسلامی و تەوژمە سیاسییە دینییە سەرەڕۆیەکان لە میسر، ڕەنگدانەوەی کاریگەری پەروەردە و فێرکردن و میدیایە لە کۆمەڵگاکەمان، کە هەمیشە بیرکردنەوە شوێکەوتەی ئاڕاستەکردنە، و پرۆگرامیش هەمیشە ئاڕاستەیەکی تاک لایەنەی هەیە، و ڕوێکی ڕاستی و هەقیقەت بە سەرتاپای هەقیقەت دادەنرێ. ئەوەی لەو کتێبە نیشاندرا، هەوڵێک بوو بۆ نیشاندانی هەمەلایەنی هەقیقەت، ئەوەش کارێکە هانی بیرکردنەوە دەدات، ئەوەش کارێکە بە پێچەوانەی شێوازی میدیایی باوە، کە تەنها لایەنی گەشەدار لە هەقیقەت نیشان دەدا، تەنها یەک ڕا دەردەخات، هاونیشتیمانیانیش بەرەو یەک ئاڕاستە پاڵ دەدات، لەو ڕێگایەوە ویژدانەکان ئامادە دەکات بۆ قبولکردنی سەرەڕۆیی، و زەین ومێشکی دادەخات لەبەردەم لۆژیکی گفتوگۆ.**

**حەوتەم: ئیسلام لەسەر دووڕیانێکە، ڕێیەکی ئەوەیە هەموومان بکەوینە ناو گۆماوی خوێن، لە ئەنجامی نەزانی و ئاسۆتەسکی، وبەرلەوەش لەبەر نەبوونی ئیجتیهادێکی ڕۆشن وتەنویری، و ڕێیەکی تر ئەوەیە ئیسلام و سەردەم پێک بگەن، ئەوەش هێندە قورس نییە، تەنها ڕێگەی ئیجتیهادی مونەوەر، و پێوانەی ئازایانە، و ئاسۆیەکی فراوانە. گومانم نییە**

**کە بەدیلی دووەم تەنها بەدیلە، هەر ئەویش باڵدەکێشێ لە ڕەحمەتی خوادا بە بەندەکانی، و بۆ پاراستنی عەقیدەی، بەڵام دەترسم چاوەڕوانیمان درێژ بکێشێ، پیاوچاکان جورئەت نەکەن، دەسەلاتداران ترسنۆکی بیانگرێ، موزایەدەچییەکان سەرکەوتوو بن لە پاڵدانی ڕەورەوکە بەرەو دواوە، هەتا بۆ ماوەیەکیش بێ، چونکە هەموو کۆمەڵگا نرخی ئەوە دەدات، نرخێکی پڕ بەها.**

**هەشتەم: ئەوەی بە درێژی خستمانە ڕوو، و ئەوەی گفتوگۆمان دەربارەی کرد لەو ڕووداوانە، مەبەست نەبوو لە خودی خۆیدا، بەڵکو مەبەستمان خستنە رووی مەنهەجێک بوو بۆ بیرکردنەوە، کە ڕێگا بدات بە بەکارهێنانی عەقڵ لە تەحلیلدا، و لۆژیک لە دەرهێنانی ئەنجامەکان، و ئازایەتی لە خستنەڕووی هەقیقەت بێ زیاد وکەم، وابزانم لەوەشدا ئێمە داهێنەر نەبووین، بەڵکو ئێمە شوێن کەوتەی پاڵنەری دڵسۆزیمان بووین بۆ عەقیدە، و وەلامان بۆ نیشتیمان، و بۆ دواڕۆژ بووین.**

# بەشی کۆتایی: ئیتر چی؟...ل١٣٧–١٤٧

ڕەنگە خوێنەر ناهەقی نەبێ جارس بووبێ، چونکە جاڕسبوون بە هەق بە باشترە لە سەرسامبوون بە باتڵ، هۆکارەکەی جاڕس بوونیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەروون حەزی لە خوێندنەوەی ئەوەیە کە حەزی پێیە، و عاشقی ئەوەیە کە دەیەوێ گوێی لێ بێ، بێ ڕەچاوی هەڵوێستی لە هەق و هەقیقەت.
هەق ئەوەیە کە ئیسلامی دەوڵەت بارگرانیە و کەمایەسییە بۆ ئیسلامی دین

چونکە ئیسلام دین وعەقیدەیە بەپێی ویستی خوا و حوکمڕانی و شمشێر نییە، هەقیقەت ئەوەیە مرۆڤ هەر مرۆڤە لە سەردەمی ڕاشیدی یان ئەمەوی یان عەباسی یان لە سەردەمی نوێماندا، و قسەکردن لەسەر بەهەشتی سەر زەوی زۆرەبڵێیەکی بێ ئەرزشە، کەفێکی بێ سوودە، باسێکی بەتاڵە..

فۆدە دەڵێت: من لەو باسانەی مێژوودا وەک کەسانێکم نەکردوە کاتێ هەزار ساڵی ڕەش و پڕ کێشەی خەلافەتەکان فەرامۆش دەکەن، تەنها باسی دوو ساڵ وقسوری حوکمی عمر بن عبدالعزیز، یان کاتێ چەند شتێک لە سەردەمی ڕاشدینەکان هەڵدەبژێرن بۆ سەرسامکردنی گەنجان و هاندانیان بۆ تێکشکاندنی کۆمەڵگاکانیان، لە پێناو گەڕاندنەوەی سەردەمەکەیان! بەڵام ئەگەر لەسەرخۆ بڕوانینە تەواوی ماوەی حوکمیان، زۆر لەسەرخۆ دەبین، وحیسابی زۆرتری بۆ دەکەین، بەڵکو ڕەنگە شوکر وحەمدی خوا بکەین لەوەی تێیداین... ئێمە لە گۆشەی سیاسەت، بە تەرازووی حوکمڕانی پێوەریان دەکەین، لەو پێوەرەش ئەوانیش مرۆڤن قابیلی ڕەخنە و هەڵەن...بەسە خوێنەر بزانی کە ماوەی حوکمرانی ڕاشدینەکان سی ٣٠ ساڵ بوو بۆ چوار خەلیفە، سێیان بە شمشێر وخەنجەر دەکوژرێن. یەکیان بە دەستی گەنجێکی مەجوسی دەکوژرێ، یەکێکیتریان بە دەستی موسڵمانێکی توندڕەو، سێیەمیان عەلی هەموو ماوەی

**حوکمڕانی بە شەڕ وشۆڕی نێوان موسڵمانان بەسەر دەبات بەبێ هودە تا دەکوژرێ!**

**ئەوە کارەساتی ئیسلامی دین نەبوو، بەڵکو کارەساتی ئیسلامی دەوڵەت بوو و تاماوەش دەبێت، ئەوە چارەنووسی هەر دەوڵەتێکی دینییە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بە قسەی عاتیفی و شیرین فریومەخۆ لە سەرەتاییەکان، چونکە گرنگ کۆتاییەکانە، کۆتاییەکانیش هەمیشە تاڵ بوون، لەوەش تاڵتر ئەوەیە دەرسی لی وەرناگرین، سوود لە ئەزموونەکانی وەرناگرین، بانگەشەکردنی کەسانێکیش بۆ دووبارەکردنەوەی گەمژەییەکە ئێرەیی پێ نابردرێ، وەک بڵێی خوێندنەوەی مێژوومان پێدەکەن بۆ ئەوەی هەلەکانی دووبارە کەینەوە.**

**ئەگەر ئەوە وەزعی خەلافەتی ڕاشدین بێ، دەبێ وەزعی هاوچەرخەکان چۆن بێ، کە تیرۆریزمان نەناسی لەسەر دەستی ئەوان نەبێت، کۆمەڵگای ئێمە ڕووداوەکانی ڕەشکوژی سیاسی نەزانیوە لەسەر دەستی سوارچاکەکانیان نەبێ، خوێن تەنها لەسەر دەستی موجاهیدە چاونەترسەکانیان نەبێ نەڕژاوە؟!**

**فۆدە دەڵێت من دژی ئازادی بیرکردنەوە نیم، بەلام دژی ئەو فکرەم کە توندوتیژی لێ بەرهەم دێت، دیموکراتیترین دەوڵەت بەوپەڕی توندیەوە ڕووبەڕووی تیرۆریزم دەبێتەوە، ببینن چۆن دژی توندوتیژیەکانی ئێرلەندیەکان و لوایە سورەکانی ئیتاڵیا و بادەرنهۆفی ئەڵمانیا دەجەنگێن.**

**ئەوە گرنگترین ناوەرۆکی ئەو کتێبە مەزنەی الحقیقة الغائبة ی فەرەج فۆدە بوو لە ڕوانگەی من، بەڕای من ئەوە گرنگترین کتێبەکانیەتی، ڕەنگە ئەوەی خۆی بیەوێ کتێبەکە بە عەرەبی بخوێنیتەوە سوودی زیاتریشی هەبێ، بەلام دڵنیام ئەوە باشترین کتێبیتی، هەرچەندە ئەو ڕایە لە نرخی کتێبەکانیتری کەمناکاتەوە.**

## کتێبی دووەم

# حوار حول العلمانية[5] [گفتوگۆ دەربارەی سێکیولاریزم] دوا کتێبی فەرەج فۆدە پێش ڕەشکوژکردنی

لە پێشەکیدا فەرج فۆدە دەڵێت: زۆر شانازی بەو کتێبە دەکەم، چونکە وردەکاری دوو ساڵی جەنگی فیکری بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، لەوانەیە زۆر شت بۆ خوێنەر لێکداتەوە، بەڵام بۆمن نهێنی ئەو تاڵە مووە سپیانەی کە دزەیان کرد بۆ سەرم، و ئەو خۆڕاگرییە بەهێزەی هەڵوێستەکان، و ڕوونی فیکریم بۆ لێکدەداتەوە! هەورووەها دیاردەی شەڕە فیکرییەکانی بیستەکان وسییەکان و چلەکان دەهێنێتەوە یاد، کە دیاردەیەکی پۆزەتیڤ بوون لە کەشی فیکری گشتیمان.

ئەو کتێبە لەگەڵ الحقيقة الغائبة وچەند کتێبی تر، تەنها پەیوەندیەکیان هەبێ ئەوەیە کە کتێبی جاڕسکەرن، خەڵکێکی زۆر دەوروژێنێ، دنیا هەڵدەستێنێ ونایننشینێتەوە، زۆرجار وام لێدەکەن نەفرەت لەو ڕۆژە بکەم کە قەڵەمم گرتە دەست، ئەگەر ئەرک نەبێت، وڕاستگۆیی لەگەڵ خۆمدا نەبێت، و یەقینم بە ئیندە نەبێت.

دەمەوێ بە ڕاشکاوانە بە خوێنەر بڵێم ئەو کتێبە لام پەسندترینی کتێبەکانمە، نەک لەبەرئەوەی دواهەمین کتێبمە [هەر بەڕاستیش بووە دواهەمین کتێبی،

---

[5] - حوار حول العلمانية، کتابێکی pdf بەڵام شوێن و ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە. لە مەودوا لەناو نووسینەکە ئاماژە بۆ ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دەکەین.
لەو لینکە دەتوانی دایبەزێنیت:
http://www.sooqukaz.com/index.php?option=com_edocman&view=document&id=2303&catid=155&Itemid=538

**دەستی تیرۆر و بیری تاریکی مۆڵەتی نەدا بەرهەمیتری ناوازە پێشکەش بکات] بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرهەمی کۆشس و جیهاد و عینادە.**

**ئینجا باسی نووسەری ئیسلامی ئیخوانی فەهمی هوەیدی دەکات، کە رۆژنامەی الاهرام سێ وتاری فۆدەی بۆ دەنێرێ، هیچیان بڵاو ناکاتەوە! هەروەها ڕۆژنامە قەومی وعەلمانیەکان بە بیانووی حیساباتی ئاسایش و هەستیاری وترسەوە وتارەکانی منیان بڵاونەدەکردەوە.**

# شەڕی شەخسی ئیسلامییەکان لەجیاتی شەڕی فیکری

ئەگەر کارەکە هەر لەسەر بڵاونەکردنەوەی وتارەکان وەک وەلام یان ڕادەربڕین بوەستابا بەرگەی دەگیرا، پێویست بەو کۆمێنتەشی نەدەکرد، بەڵام پەڕیەوە بۆ وردە شەڕی وا کە شایانی ئەوە نییە خوێنەری پێ مەشغول بکەین، چۆنکە [شەڕی فیکری نەبوون]، بەڵکو شەڕی شەخسی بوون، تیایدا نزمترین شێواز و هۆکاری تێدا بەکارهێنرا، لە سەرووی هەمووشیانەوە شێوازی تەشیر و ناوزڕاندن بوو، قێزەونترین چەکی کە درۆیە لە دژی مندا بەکاریان هێنا، لە نمونەی ئەوەشدا ئەوەی ڕۆژنامەی حزبی الوفد، الاحرار بڵاوی کردەوە گوایە من دکتۆرام نییە هەتا [لە زانکۆی بخ بخ یش وەک ڕۆژنامەی الوفد وای گوتبوو!] الاحرار لەسەر شێوازی مەتەڵ تۆمەتەکەیان داڕشتبوو، بەڵام ڕۆژنامەی [الشعب]هەمان باسی کردبوو بەڵام بە ڕاشکاوی ناوی منی هێنابوو بەبێ نازناوی دکتۆر!

بۆ چەندین هەفتە بە وێنەی خۆمەوە ئەو تۆمەتەی دەدایە پاڵم، گوایە من قۆڵبڕم بانگەشەی نازناوێک دەکەم کە هەڵگری نیم! خۆم لە هەڵوێستێکی سەخت دۆزیەوە ئەگەر وەڵامی ڕۆژنامەی الشعب دەدەمەوە بە ناردنی کۆپیەک لە شەهادەکەم، بە خۆڕایی بەرزیان دەکەمەوە، وبایەخێکی ناموستەهەقانەیان پێدەدەم، ئەگەریش نایئێریت بەردەوام دەبن لەو تەفاهەتە!

ئینجا لەکەیەوە پێویستی کردوە خاوەن شەهادە، شەهادەکەی لەسەر پشتی هەڵگرێت، تا خەڵک پێی بزانێ! ئینجا پەیوەندی ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ توندڕەوی و تیرۆریزمی دینی سیاسی چییە بە وەرگرتنی دکتۆرا؟! ناچار بووم وەڵامی ئەو ئیفترایە بدەمەوە لە ڕۆژنامەی آخر ساعة] و وێنەیەک لە بڕوانامەکەم لەگەڵ چاوپێکەوتنەکە بڵاوکەمەوە، سوپاس بۆ خوا کە

بڕوانامەکەشم لە زانکۆی [عین شمس] میسری ئەنجامداوە، بێگانە نەبوو ئەگینا دەیانگووت کرێویەتی!

خوێنەر چ ناوێک لەو جۆرە شەڕانە دەنێ، تەنها باجێک نەبێ شەڕەفمەندەکان دەیدەن، و نرخێکە دەبێت دڵسۆزانی خودا و نیشتیمان بە ئاسوودەیەوە بیدەن، و بەڵگەیەکیشە لەسەر ئەو ئاستی دواکەوتنەی کەشی فیکری تێیکەوتووە!

جارێکیتر دەیانگووت هاوکاری [زانستی ومادی توندوتۆڵ] هەیە لە نێوان من و ئیسرائیل! بێ ئەوەی یەک بەڵگەشیان هەبێ، چونکە ڕاست نەبوون، تەنها دیماگۆجیەت بوو کە باڵی کێشابوو بەسەر کەش ودۆخی فەرهەنگیمان، کە بەتەواوی دەگونجێ لەگەڵ توندڕەوی و دواکەوتوویی، کە دوو شتی هاوواتان! هەروەها هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی سادە وساویلکەکان بۆ شوێنێکی دوور لە مەیدانی جەنگە بنەڕەتیەکە، لەبەر زەبوونیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە، و فەشەلیان لە وەڵامدانەوە، بۆیە ناچار بوون ئەو شتە نزمانە هەڵبەستن. هەر بە بۆنەی نزمیەوە

خراپ نییە نمونەیەک نیشانی خوێنەر دەین لەو ڕەفتارە نزمانەی کەسایەتیە ئیسلامییە سیاسیەکان، کە لە کتێبەکەش وەڵامم داوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شێخ صلاح ابو اسماعیل لە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی ئەحرار بڵاوی کردەوە، کاتێ بە خەیاڵی داهات من لە کتێبی [قبل السقوط] بانگەشە دەکەم بۆ ئیباحەی یان حەڵالکردنی ئافرەتان، بۆیە داوای لە من کرد [ژن و ئافرەتانی خێزانەکەمی بۆ بهێنم تا زینایان لەگەڵ بکات، ئەگەر هێنامن ئەوە من بێ شەرەف وکەرامەتم، ئەگەریش نەمهێنان ئەوە من ئەنانی و خۆپەرستم!]

ئەوەیە ڕەوشتی نزمی ئەو ئیسلامیانە، کە هەمیشە ئەخلاق وڕەوشت وێردی سەر زمانیانە، کەچی لە زمترین ئاستی ڕەوشتیدان، تۆس ئەی خوێنەری

**بەڕێز، جا یار بیت یان نەیار، لەو کتێبە بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە من نیم بچەمێمەوە لەبەرامبەر ئەو هەوڵە نزم و دیماگۆجیانە.**

**لە کۆتاییدا دەڵێم...**

**ئەوە دەردێکە بەرۆکمان هەر دەبێ بەردا...**

**ئەوە تەڵەزگەیەکی مێژووییە هەر لێی دەپەڕینەوە بە ئیزنی خوا...**

**ئەوە هەڵگەڕانەوەیەکی شارستانییە هەر زاڵ دەبین بەسەریدا...**

**ئەوە تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئازایەتی ئازاکان و هەلپەرستی هەلپەرستان...**

**ئەوە قەدەری کەسانێکە تەحەدای هەمووان بکەن، لە پێناو هەمووواندا...**

# بەشی یەکەم

## گفتوگۆیەک لەبارەی عەلمانیەت

## ئیسلامییەکان وفریودانی خەڵک بەناوی دین!

کاتێ ئوستادی نەوە احمد لطفي السيد خۆی کاندید کرد بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، مونافیسەکەی حیلەیەکی عەنتیکەی بە مێشک داهات، دەستی کرد بە سوڕانەوە لە گوند و شارۆچکەکان و دەیگووت احمد لطفي السيد، خوا پەنامان بدات دیموقڕاتییە.

لەبەرئەوەی نەزانی بەو زاراوانە باو بوو، ئەوانەی گوێیان لێدەبوو لە دوای ئەودا دەیانگووت: اعوذ بالله، استغفرالله، کەچی لایەنگرانی احمد لطفي السيد یش نکوڵیان لێدەکرد دیموکراتی بێت، دەیانگووت لە خێزانێکی ديندارە، قەت لە دین وشەریعەت لایان نەداوە!

هەڵوێسی بەرگریکاران لە احمد لطفي السيد زۆر لاواز بوو بەرامبەر قسەکانی مونافیسەکەی کە دەیگووت: من بە گوێی خۆم گوێم لێی بووە دەڵێ دیموکراتیم، سوێند بە خوا ئەگەر لە کەسێکیترم گوێ لێبوایە نکوڵیم لێدەکرد، بۆیە من ئەو بابەتە دەخەمە بەر چاوی ءیوە، ئەگەر دەتانەوێ ئیسلام جێبهێڵن و ببنە دیموکراتی ئەو هەڵبژێرن، ئەوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە، خودایە من پێم گووتن شاهێد بە!

جا چونکە احمد لطفي السيد لەوێ نەبوو لە قاهیرە بوو، کاتێ گەڕایەوە کۆنگرەیەکی جەماوەریان بۆی بەست، یەکەم پرسیا کە لێیان کرد گووتیان: ڕاستە تۆ دیموکراتی؟!

**ئەويش بە هێمنى زانايەک و ويقارى ئوستادێک وەڵامى دايەوە:  بەڵێ من ديموكراتيم، هەر باوەڕيشم بە ديموكراتى دەبێ تا ماوم! ل٨**

**باقى چيرۆكەكە زانراوە، كە ئەو وتەيە بووە هۆ سوتاندنى ڕەشماڵگەى هەڵبژاردنەكە! و بڵاوەكردنى خەڵكەكە!**

# بە شەیتانی کردنی زاراوەی عەلمانیەت لای ئیسلامیەکان

**ئەوە لە بیستەکان روویدا، کە دوایی لەبەر ئەوەی دیموکراتیەت ببوە خواستێکی گەل، وەک نوکتەیەکی سیاسی لێهاتبوو، احمد لطفي السيديش لە دەرگای فراوانی دیموکراتیەوە چووە ناو مێژووی سیاسی مسریەوە، لە کاتێکدا مێژوو ناوی مونافیسەکەی سڕیەوە!**

**شتێکی وەک ئەوە ڕوودەدات ئێستا دەربارەی عەلمانیەت، و ئەو ناو ناتۆرانەی کە لایەنگرانی تەوژمی سیاسی دینی دەیدەنە پاڵی! عەلمانیەت -پەنا بە خوا- ڕوەکێکی شەیتانییە لە دەرەوە هاتووە، چەمکێکی ئیلحادی بێگانەیە، ئامانجێکی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە پێکەوە، کوفرێکی پەنهانییە لای میانڕەوەکان، و کوفرێکی راشکاوە لای غەیری ئەوان، بەڵکو فەسادگێڕییە لە زەوی لای میانڕەوان، هەڵگەڕانەوەیەکی بێ گومانیشە لای تەرەفی دووەم، هیچ چارەسەریشی نییە بە تەنها بە کوشتن و تۆبەدان نەبێ، یان بە دەست وپێ بڕین یان لە خاچدان بە تۆمەتی الافساد في الارض!**

**لە ترسی ئەو تەکفیرکردنە لایەنگرانی عەلمانیەت لە سیاسیەکان پاشەکشەیان کرد لە بەکارهێنانی ئەو لەفزە و دەستگرتن پێیەوە، لایەنگرانی عەلمانیەت بە چاکیان زانی تێڵاکە لە نێوەڕاست بگرن، لایەکی عەلمانیەت بوو کە ڕەتیان کردەوە، لاکەی تریشیان ناونا بە تیوقراتیەت [فەرمانڕەوایی پیاوانی دینی] ئەویشی ڕەتکردەوە، بە چاکیان زانی لەو نێوانە بوەستن، بەڵام ناوەرۆکی ئەوە نێوانە، شتێکی لێڵە، وەک شەربەتەکەی [حاجی محمودە] کە حەلاقەکانی تەندروستی لە لادێکان سوێندی لەسەر دەخۆن کە کرم کوژە، ڕێگرە لە نەخۆشی، ڕوو سوورکەرە! ئەگەر بەڵگەیەکت ویست لەسەر پاشەکشەی گەورەی کەشی فیکری لە میسردا، بڕوانە حزبی وەفدی نوێ، بەراورد کە لەنێان**

ئەوەی مستەفا النحاس جاڕی دا لە ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی دینی یان عەسکەری، و داواکردنی دەوڵەتێکی عەلمانی، ولەنێوان زمانی دینی حزبی وەفدی نویێ...

فۆدە دەڵێت وەک چۆن دیموکراتیەت جۆری هەیە و دەیەها ئەزموونی سیاسی ئیدیعای دیموکراتیەت دەکەن، وەک ئەڵمانیای دیموکراتی [بلۆکی سۆشیالستی] ئەڵمانیای خۆرئاوایی، یان دیموکراتیەتی شەعبی لیبیا، واتە هەر یەکەی چەمکی خۆی هەیە بۆ دیموکراتیەت، هەتا دیموکراتیەتی ئەمریکا جیاوازە لەگەڵ دیموکراتیەتی بەریتانیا لە ڕووی پراکتیسی حزبی ودیموکراتی، هەرچەندە هەردووکیان سەر بە جیهانی ئازادن. ئەو حالەتە بە هەمان شێوە جێبەجێ دەبێت لەسەر عەلمانیەت..عەلمانیەتی فەرەنسا جیایە لە حەلمانیەتی شانشینی یەکگترتوو، لە کاتێکدا دین بە تەواوی جیادەکرێتەوە لە دەوڵەت، لە بەریتانیا سەرداری کەنیسە لە هەمان کاتدا سەرداری دەوڵەتیشە لە کەسی پاشا یا شاژن، هەرچەندە جیاوازیەکی شکلیشە بەڵام هەر جیاوازییە!

لە میسریش دیموکراتیەت جیایە، بەمانای جیاکردنەوەی دین دێت لە سیاسەت، بەڵام بە مانای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت نایەت! ڕوبەرێک هەیە بۆ تێکەڵبوونی دین ودەوڵەت، دەوڵەت ریعایەتی دەزگا دینییەکان دەکات، بەرپرسانی هەڵدەبژێرێت، ڕوبەرێکی چاکی پێدەدات لە میدیا و پەروەردە وخوێندن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بە جۆرێ میسر دەرناکات لە عەلمانیەت و ناشیخاتە چوارچێوەی دەوڵەتی دینی. ل١١

لایەنگرانی عەلمانیەت ئەو جوداکردنەوەیەی دین و دەوڵەت بە تەواوی یان تەنها جوداکردنەوەی لە سیاسەت و کاروباری حوکم بە پێویستی دەزانن، لە

بەرامبەردا دوژمنانی عەلمانیەت ئەو جوداکاریە بە ئەستەم و موستەحیل دەزانن، بەڵکو دەڵێن تێکەڵکردنی دین ودەوڵەت فەرزێکی دیننە، ئەوەی باوەڕنەکات کە ئیسلام دین ودەوڵەتە، واتە دینیشی قبوڵ بێ، بەڵام پێیوانەبێ ئیسلام دەوڵەتیشە، ئەوە نکوڵی لە زانیاریەکی دینی زەروری [معلوم من الدين بالضرورة] دەکات.

فۆدە دەڵێ هەر شێوازێک لە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنگرانی دین و دەوڵەت بەرەو قەناعەتیان نابات، ناتوانی بە لۆژیک گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت چونکە شمشێری تەکفیری هەمیشە ئامادەیە... سەیر لەوەدایە دەرکەوتنی بانگەشەکەرانی جێبەجێکردنی شەریعەت و دەوڵەتی دینی دوای دۆڕان و نوشستی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٦٧ دێت! بەڵام ئەو بەدیلەی ئەوان پێیانە بۆ هەڵسانەوە مامەڵە لەگەڵ شارستانیەت دەکات بە هەستی دۆڕاو، لەگەڵ پێشەکەوتن بە هەستی دواکەوتوو، لەگەڵ زانست بە هەستی عاجز دەسوسان، لەگەڵ سەرکەوتن بە یارمەتیدانی فریشتە، لەگەڵ سیستمی حوکم بە هێنانەوەی خەلافەت! لەگەڵ برا قیبتیەکانمان بە سەرانە وجزیە لەسەردانانیان... پێیانوایە ئەگەر لە ئاینشتاین ناگەین با لە ابن حيان بگەین، ئەگەر ناتوانین لە ڤۆلتێر بگەین، بە دەست وکەڵبە لە ابن تيمية گیرکەین، ئەگەر لەبەدەم ڕۆکێتدا دەلەرزین با دەست بە شمشێرەوە بگرین! ل١٥

# چۆن کەم عەقڵە دینیە سیاسیەکان جێگای لوتکەکانیان گرتەوە!

کەوابوو جێگای سەرسوڕمان نیە ئەگەر هەمان پرسیارگەلێکمان خستەڕوو، کە لە سەرەتای ئەو سەدەیە خستمانە ڕوو، کەوامانزانی ئیتر تەواو جارێکیتر ناگەڕێینەوە بۆی. سەیریش نییە ئەگەر سەرلەنوێ خەونمان بینی بە سەعد زەغلول وەک پەیامهەڵگری یەکێتی نیشتیمانی، بە قاسم ئەمین وەک ڕزگارکەری ئافرەت، و بە مستەفا کامل وەک بێدارکەرەوەی میسریبوونمان، بە تەڵعەت عەرب وەک ڕزگارکەری ئابووریمان، و بە محمد عبدە وەک ئیمامێک لە ئیجتیهاددا، محمد فرید وەک لوتکەیەک لە جیهادا...

کەوابوو سەیریش نییە، کە ئیجتیهادی سەردەم لەسەر دەستی حافظ سەلامەوە بێ، جیهادی هاوچەرخیش لەسەر دەستی عمر عبدالرحمن بێت، ئابووری هاوچەرخیش لەسەر دەستی بازرگانانی دراو بێت، سیاسەتی هاوچەرخیش لەسەر دەستی الصباحي بێت، ئازادکردنی ئافرەتانیش لەسەر دەستی سافیناز کازم بێت!

هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو ئەوە سەیرە پێمان سەیر نەبێ. ل١٦

هیچ جارەسەرێکمان نییە بلە شکاندنی لایەنێکی ئەو ئەڵقەیە نەبێ

نا بۆ بێدەنگی بەرامبەر نەزانی...

نا بۆ نێگەتیڤی بەرامبەر دواکەوتوویی..

نا بۆ پارچەپارچەیی بەرامبەر گەلەکۆمەیی..

**نابۆ گەڕانەوە دواوە لەبەردەم توندوتیژی..**

**یەک لە لاکانی ئەو ئەڵقەیە بەتاڵە مەبەستم لە نەزانییە...**

**نکوڵی کردن لە عەلمانیەت نەزانییە بە شارستانیەتی نوێی هاوچەرخ..**

**وەسفکردنی عەلمانیەتیش بە کوفر، نەزانییە بە عەلمانیەت..**

**بانگەشە کردنیش بۆ دەوڵەتی دینی نەزانییە بە مافەکانی مرۆڤ..**

**داواکردنی گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیش نەزانییە بە مێژوو..**

# کۆمەڵگای دینی قەت ناتوانێ لێبوردە بێ بۆ هەمووان

بانگەشەکردنی دەروازەمان بۆ لێبوردەیی لە ڕێگای دەوڵەتی دینییەوە دەبێت نەزانییە بە ڕاستیەکان، چونکە سروشتی دەوڵەتی دینی پێچەوانە دەکات لەگەڵ چەمکی لێبوردەیی دینی، چونکە خاوەن دین دینی خۆی وەک هەقێکی ڕەها دەبینێت، ئەوانەشی لەسەر دینی وعەقیدەی ئەو نین بە گومڕای ڕەهایان دەبینێ، بە ئەرکێکی پیرۆزی دەزانێ هەوڵدات بیانهێنێتە ناو دینەکەی خۆی، ئەگەر پێی نەکرا بە خۆشی، وتوانی ناچاریان بکات بێنە سەر عەقیدەی ئەو بارتەقای بە خۆشی هێنانەکە پیرۆزە!

دەبێت بزانین کە لێبوردەیی ئایینی، ئەوەش ڕاستیەکە لەوانەیە کەسانێک داچڵەکێنێ، لێبوردەیی دینی چەمکێکی شارستانییە زیاتر لەوەی چەمکێکی دینی بیت، بۆ نمونە تەواڕات گەلی جوو بە گەلی هەڵبژاردەی خودا دەبینێت، ئینجیل پڕاوپڕە لە سەرزەنشت کردنی جووەکان وسەرکۆنەکردنیان، و قورئانیش ڕاشکاوە لە تۆمەتبارکردنی ئەوانەی دەڵێن مەسیح کوڕی خوایە، و سێیەمی سێیەمەکانە، بە کوفری ڕاشکاو، کاتێ دەبێتە دەوڵەتی دینیش قەت لێبوردە نابێت لەگەڵ کافرەکان..

با دوور بۆناو قوڵایی مێژوو نەڕۆین یان بۆناو لاپەڕەکانی کتێبە فیقهیەکان، کە ڕووبەرێکی گەورەی تەرخان کردوە لەوەی ناوی ناوە: بە مەرجی پەسندکراو لە مامەڵەی ئەهلی زیمەت، ئەو مەرجانەی هیچ بنەمایەکی نازانم ونازانم لە چ سەرچاوەیەکەوە هاتووە، سەرەڕای دژایەتیکردنی بۆ ڕوحی دین، گەنجانمان لە ئیسلامییەکان ئەوانەی ڕۆژنامەکانمان پڕیەتی لە بەرگری لێکردنیان، یەکێکیان دەنووسێ دەربارەی مامەڵەکردنی غەیرە دینەکان:

" زۆر لە فەقیهەکان باسی چەندین مەرجیتری پەسندکراو دەبینن سەرەڕای مەرجە پێویستەکان، لەوانەش لەبەرکردنی جلی جیاواز لە جلی موسڵمانان، نابێت دەنگی ناقوسی کەنیسەکانیان و خوێندنەوەی کتێبەکانیان بەرز بکەنەوە، نابێت خانووەکانیان لە خانوو و بینایەی موسلمانان بەرزتر بێ، نابێت بە ئاشکرا ئەرەق بخۆنەوە و خاچ و بەرازیان نیشان بدەن، دەبێت بە خاکسپاردنی مردووەکانیان بشارنەوە و بە ئاشکرا دەنگیان هەڵنەبڕن بۆ پێداهەڵگووتن بەسەر مردووەکە و سەردولکە گووتن، دەبێت قەدەغە بکرێن لە سواری ئەسپ بوون" ئەو دەقەی لە کتێبی نووسەرێکی ئیسلامی عبدالجواد یاسین وەرگرتووە بە ناونیشانی [مقدمة في فقه الجاهلية المعاصرة][6]

دەبێت ئەوەش بڵێین کە عبدالجواد یاسین ئێستا زۆر گۆڕاوە، یەکێکە لەو نووسەرە ئیسلامیانەی کە بە زۆر لە قەناعاتەکانی پێشووی داچۆتەوە، ڕەخنەی زۆری هەیە لە کۆی لایەنەکانی ئیسلام و عەقڵیەتی سەلەفی، ئەوەش بە تایبەتی لەو دوو کتێبەی دەردەکەوێ:

- السلطة في الإسلام نقد النظرية السياسية
- السلطة في الإسلام العقل الفقهي السلفي بين النص والتاريخ

بەڵام فەرەج فۆدە لەو سەردەمە ڕەخنەیەکی توندی لێدەگرێت، چونکە کتێبەکەی عبدالجواد یاسین، ڕوخسارێکی فول داعشیەتە دژی یەکێتی نیشتیمانییە و داوای جیاوازی دەکات لەسەر بنەمای دینی، هەتا گاڵتە بەو دروشمە نیشتیمانیەی سەعد زەغلول دەکات دەڵێت دروشمێکی ساویلکانەیە کە

[6] - [مقدمة في فقه الجاهلية المعاصرة – دار الزهراء للاعلام العربي، الطبعة الاولى عام ١٩٨٦ ص ٩٨-٩٩]

دەڵێت: الدين لله و الوطن للجميع. دین بۆ خوایە و نیشتیمان هی هەمووانە، و دەڵێت خاوەنی ئەو دروشمە نەزانە بە ئیسلام و سەرەتاکانی!

چونکە لە دەوڵەتی ئیسلام هەر ناوەکی هەبێت، خەڵک دابەش دەبن: موسڵمان و ناموسڵمان، موسڵمانان خاوەنی دەوڵەت و سوڵتان و بەڕێوەبەری خەڵکن بە دادگەری، غەیری موسڵمانیش ئەهلی پەیمان و زیمەتن ئەگەر پێی ڕازیبوون

پەیمانیان هەیە و موسڵمان دەبێت لەگەڵیان چاکبن کاتێ لە ژێر دەسەڵاتیان بوون، ئەگەریش ڕازی نەبوون ئەوە دەبنە ئەهلی شەڕ و دوژمنکاری....] ل٢٠-٢١

# دینپەسەندی و جیاکاری لە دەوڵەتی ئیسلامی!

ئایە بەڵگەیەکی لەوە بەهێزتر هەیە لەسەر دینپەسەندی و جیاوازی رەگەزپەرستی لەو دەوڵەتەی ئیسلام کە بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەی تەنها هەق بە موسڵمانان دەدات ببنە خاوەن دەوڵەت و سوڵتان و سەرداری خەڵک، بەڵکو داوا لە خوێنەر دەکەم وردبنەوە زیاتر لە بیروڕاکانی نووسەر کاتێ دەڵێ: " بۆیە کەمینەی نەسڕانی مەسیحی لە میسر زۆر قسە دەکات دەربارەی [یەکێتی نیشتیمانی] چونکە ئەوان لە سایەیدا لەگەڵ موسڵمانان یەکسانن، نەجزیە وسەرانە دەدەن بە زەلیلی، نە هەست بە بە ژێردەستەیی حوکمی ئیمانداران دەکەن، بەڵام لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامدا هەر ناوێکی هەبێت، هیچ دەرەتانیان نییە لە جزیەدان، و بەژدارنابن لە حوکم، پشتیان پێ نابەسترێ بۆ شەڕی بەرگری وجیهاد، بەڵکو ئەوان هەمیشە لە حالەتێک دەبن تیایدا دەبێت هەست بە هێزی ئیسلام، و مەزنی و بەرزی و چاکی وخێر و جوامێری و لێبوردەیی بکەن، واتە لە حالەتێکدا بە کۆمەڵ پاڵیان پێوە دەنرێ بۆ چوونە ناو ئیسلام بە ئختیار وخواهشتی خۆیان" سەرنج بدە و وردبەوە لە مانای لەفزی [ئختیار وخواهشتی خۆیان] بەراوردی بکە بەو قسانەی پێشە خۆی!

ئایە ئەوە ماقوڵە؟ ئایە ئەو نووسەرە لە سەدەی بیستەم دەژێت؟! ئەگەری ڕوودانی هەندێ لەوانە زۆر دوورە، لەسەر لاشەی ئێمەی موسڵمان بەر لە لە لاشەی قیبتەکان مەگەر تێپەرێ، سەردەم بەربەستە لەبەردەمیان کەوا دەزانن دەتوانن لێی ڕاکەن، شارستانیەت بەربەستە کە لێی ڕایان کردووە، فەرهەنگ ورۆشنبیری بەربەستە کە ناوی دەنێن بە داگیرکردنی فیکری لەبەر دەسەوسانیان... مافەکانی مرۆڤ بەربەستە لەبەردەم خەیاڵە نەخۆشەکانیان. ل٢١

لەوەی دیتمان بۆمان بە ڕاشکاوی و ڕوونی دەردەکەوێت، کە دەوڵەتی دینی دەبێتە دەروازەیەک بۆ پارچەپارچەکردنی نیشتیمان، بە جۆرێک فیتنەی تایفی دەبێتە خەونێک ئەگەر بەراوردی بکەیت بەو وەزعە خراپەی کە بۆی هەیە ڕووبدات ئەگەر لایەنگرانی دەوڵەتی دینی دەستیان بەسەر میسردا گرت..

# دەروازەی دووەم

لە دەروازەی دووەمدا باسی شەڕە فیکریەکانی دەکات لە هێماکانی بەناو ڕابوونی ئیسلامی، لە سەرەتادا ساتیرەیەکی نووسیوە دەربارەی شێخ حافظ سلامة، گوایە دەتوانێ بە موعجیزەیەک ئابووری میسر ڕزگارکات لەو بارە خراپەی تێیدایە! دەڵێ خەڵکی ساویلکە چیرۆکێکیان بۆ دروست کردوە، گوایە لە مزگەوتێک بووە، کارتۆنێکی بچووکی کێکی پێبوە، بەشی هەزاران نوێژخوێنی داوە، هەر کارتۆنەکە تەواو نەبووە ولێی نەبڕاوە!

فۆدە دەڵێت شێخ سەلامە دەتوانێت لە جیاتی کێک با گەنم و ئاردی ئاساییمان بۆ والێبکات تەواو نەبێ، ئێمە قیرسیا کێکمان ناوێت!

لە وتارێکیتردا بە ناوی [ومازال الحوار مستمرا] باسی دەرچوونی کتێبێکی گرانبەهای لە رووی کاغەز وچاپ و هەرزان لە نرخەوەی موفتی جەماعەی ئیسلامی عمر عبدالرحمن دەکات، تیایدا بە ڕاشکاوی کۆمەڵگا و حوکمەت و یاسا و دەوڵەت تەکفیر دەکات، و دەڵێ ئەوەی بۆ ئەو حوکمەتەش هەتا فەرمانبەری بکات کافر دەبێ، چونکە حوکم تیایدا جاهیلیەتە و شەریعەت شەریعەتی هەوا و نەفسە، فەرمانڕەوایانی هەڵگەڕاوە و کافر وفاسق و زاڵمن!

شێخ عومەر عەبدولرەحمان ڕێچکەی ڕوون وئاشکرایە، لەو کتێبەدا داوادەکات [بجەنگن بۆ بەرزکردنەوەی وتەی خوا لەسەر زەوی، و جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لە ژیان، و پاراستنی ئیمانداران لە فریوخواردن ولادان لە دینیان یان گومڕایی و گەندەڵی ڕایان ماڵێ] ل١٢٣

لەو کتێبەدا شێخ عومەر عەبدولرەحمان بە ڕاشکاوی داوای لەناوبردنی هەموو کەسایەتیەکی نا ئیسلامی و حزبێکی سیاسی دەکات، و دەڵێت دەبێ هەموو

ئەوانەی ڕەخنەیەک، تەوسێک، گاڵتەیەک بە شتێکی دین و ئیسلام دەکەن دەبێ بکوژرێن وەک هەڵگەڕاوەیەک!

لەباسی سەرۆک سادات دا دەڵێت کافری ئەو پیاوە لەوە دەردەکەوێت کە سوڵحی کرد لەگەڵ وەچەکانی مەیمون و بەرازەکان، مەبەستی جووەکانە!

فۆدە دەڵێت من دژی قەدەغەکردنی کتێبم بەڵام چۆن دەبێت کتێبێک لە ژێر ناوی الجماعة الاسلامية ی تیرۆرست دەرچێت، کە دەوڵەت بە مەترسی دەزانێت؟!

ئینجا دەڵێت چۆن دەبێ کتێبێ وا دەرچێت، وبەر لەوەش کتێبی الفريضة الغائبة ی عبدالسلام فرج دەرچێت کەس نە حوکمەت و نە ڕۆشنبیران وەڵامیان نەدەنەوە تا کاریگەری تێکدەرانەی خۆیان دەکەن؟!

نەترسی وبوێری فەرەج فۆدە لەوە دەردەکەوێت کە چۆن ئازایانە لە دژی ئەو تەکفیریانە هاتبووە وەڵام، هەر ئەوەش بووە هۆی کوشتنی بە فەتوایەکی نهێنی شێخ عومەر عەبدولرەحمان، وەک عبدالشافي رمضان لە لێکۆڵینەوەکانی نیابەی دەوڵەت دانی پێدا هێناوە!

فۆدە لە کۆتایی وتارەکەی بە شێخ عومەر عەبدولرەحمان دەڵێت:

"گرم وهۆڕی چەک و بۆمبەکانت ئەی شێخی جەلیل کەس ناترسێنێ، ڕێگەش لە هاوڵاتیەک ناگرێ وەڵامت داتەوە، بێ ئەوەی لە تۆمەتبارکردنت بە کوفر و هەڵگەرانەوە بترسێ، ئیمان چەکێک نییە شێخ عومەر عەبدولرەحمان دەریکات بۆمان، بڕوانامەش نییە جەماعەی ئیسلامی دەریکات...لە وتاری داهاتوو بەدرێژی وەڵامت دەدەمەوە لەبارەی شتێک کە لە کتێبەکەتدا بوونی نەبوو، ئەویش لۆژیک و گفتوگۆی هێمن و بانگەوازیکردنە بە چاکترین شێوە! ل٦٧

# عەلمانیە پووچەکان!

یەکێ لەو شتانەی کە فەرەج فۆدە لە نووسینەکانی بێزاری تیادا دەردەبڕێ، هەندێ بەناو عەلمانیەکانە کە بە قەد ئیسلامیەکان ئیسلامین ئەگەر زیاتر نەبێ! وباسی سەرۆک حزبە هەلپەرەستەکان دەکات کە چۆن ڕیشیان بەرداوە بۆ فریودانی شەقامی ئیسلامی! ئینجا باسی سیمنارێک دەکات کە لەگەڵ کەسێکیتر بەژداری کردوە، وەک موجاهید وبەرگریکەر لە شەهیدی مەزن خالد ئیسلامبۆلی بکوژی سەرۆک سادات پێشکەشی خەڵکەکە کراوە!

فۆدە دەڵێت کە نۆرەی قسەکردنم هات گووتم: ئێمە هەر ناکۆکیەکمان لەگەڵ سادات بوو بێت، نابێ بگاتە ئەو ڕادەیەی ڕازی بین بە ڕەشکوژکردنی، نابێ بە بکوژەکەی بڵێین شەهیدی پایەبەرز، بەڵکو ئەو تیرۆرستە!

چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی هەوەسی نەخۆشانەی دینی بەرپرسیارەتی هەموو حزبێکە...

هەر لەو بابەتەوە لە وەڵامێکی فیکریدا بەناونیشانی [رد هادئ علی استاذ جلیل]ل٧٢، وەڵامی نووسەری ئیسلامی ناودار خالد محمد خالد دەداتەوە کە لەوالأمێکی بۆ یوسف ادریس، داوای جێبەجێکردنی شەریعەت دەکات! سەیر لەوەدایە خالد محمد خالد هەتا کاتێ ئیسلامی و ئەزهەریش بوو کتێبێکی نووسی بەناوی [من هنا نبدأ] تیایدا بانگەشەی بۆ دیموکراتیەت دەکرد، وداوای گونجاندنی ئیسلامی دەکرد لەگەڵیدا، هەتا شێخ محمد الغزالی ئیخوانی وەڵامی دایەوە بە کتێبێک بە ناوی: [من هنا نعلم!] کەچی لەجیاتی سووربوونی خالد محمد خالد لەسەردووربینیەکەی وبەربەرەکانێی ئەوانەی دەیانەوێت زەمەن

بگێڕنەوە بۆ دواوە، خۆشی بەر شەپۆلە هیستریاکەی ئیسلامیەکان کەوت، و ببوە بانگەشەکەری جێبەجێکردنی شەریعەت!

فۆدە دەڵێت: ئوستاد خالد یەکێ بوو لەبانگەشەکەرانی دیموکراتیەت، چاکیش دەزانێ لە شەریعەتدا فەرمانرەوا لەسەریەتی پرس وڕا بکات، بەڵام پابەند نییە بە وەرگرتنی بیروڕاکانیان هەتا بە ئیجماع وکۆدەنگیش بێ! هەر ئەوەندە بەسە بۆ پێچەوانەی دیموکراتیەت!

دەمەوێ لە ئوستادی پایەبەرزم بپرسم، جێبەجێکردنی شەریعەت مانای چییە؟ ئایە سنوورەکان چۆن جێبەجێ دەکرێن تەنها ئەو سنوور وسزایانە دەبن کە لە قورئاندا هاتوون، یان حەدیس وجێبەجێکردنی پێغەمبەریش دەگرێتەوە، لەوەش زیاتر جێبەجێکردنی خەلیفە راشدینەکان و ئیجتیهاداتی فەقیهەکانیش دەگرێتەوە؟! وەڵامی من بۆ ئوستاد ئەوەیە کە جێبەجێکردنی شەریعەت هاوڵاتی مەسیحی دەکاتە هاوڵاتی پلە دوو کە شایەتی قبوڵ ناکرێت، بەڵکو هەندێ دەڵێن هیچ ویلایەتێکی نییە، گۆرانی گووتن دەبێتە بانگەشەکردن بۆ زینا، سەما دەبێتە داوێنپیسی، نواندن دەبێتە فاسقی، ئارایشکردنی ژن دەبێتە تەبەروجی جاهیلیەتی یەکەم، پەیکەرتاشین دەبێتە کوفر وبتپەرستی! ل٧٥

لە وەڵامێکیتردا فەرەج فۆدە بەرپەچی ئەو مەلایانە دەداتەوە کە فەتوای حەڕامکردن مادە تلیاکیەکان دەدەن و ویەکسانی دەکەن بە حوکمی شەڕاب لە ئیسلامدا!

فۆدە دەڵێت لە جیاتی گەڕان بەدوای چارەسەری نوێ بۆ کێشەی نوێ، هەڵەیە حوکمی شەڕاب جێبەجێ بکەیت بەسەر موخەدەرات وتلیاک! چونکە شەڕاب سزای لە نێوان ٤٠ بۆ ٨٠ جەڵدەیە، کەوابوو تاجیرە گەورەکانی تلیاک قازانجیانە لە جیاتی دەیەها ساڵ زیندانی بکرێن، ٤٠ بۆ ٨٠ جەڵدەیان لێدەن!

هەروەها لە وتارێکیتر وەڵامی ڕۆژنامەنووس صلاح منتصر، خاوەنی ستوونی ڕۆژانە لە ئەهرام دەداتەوە کە داوای گەڕانەوەی ئافرەتی میسری دەکات بۆ ماڵەوە، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بە مەرجێک دەوڵەت مووچەیەکی بۆ بڕێتەوە! فۆدە دەڵێت بەداخەوە کە داوایەکی وا دەکرێت لە پاش نیو سەدە لە دەرکەوتنی ئافرەت بۆناو ژیانی گشتی و زۆربەی بوارەکان، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە ئەو داوایە ئاڕاستەی هێزێکی بەرهەمهێنەری پێنج ملیۆنی بکرێ، لە کاتێکدا ئێمە پێویستمانە ژمارەی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرە زیاد بکەین، بۆ زیادکردنی توانای بەرهەم هێنان لە ڕووی چەندی وجۆریەوە.

سەیر لەوەدایە ئەندام پەرلەمانێکی ژن ئەو بانگەوازە تەبەنا بکات و بانگەشەی بۆ بکات بەناوی ئیسلام، لە جیاتی بەرپەچ دانەوەی! لە حەیفان دەڵێت دیارە المتنبي شاعیر ڕاستی گووتوە کاتێ گووتی:

لک الحمد اما ما نحب فلا نری

ونسمع مالا نشتهی...فلک الحمد

ل٨٨

# لە وتارێکیتردا بە ناونیشانی

# [حديث الطناش و الجلاش]

**وەڵامی شێخێکی ئەزهەر و وەزیرێکی ساداتی پێشوو بە ناوی عبدالمنعم النمر دەداتەوە، کە چۆن لای داوەتە لای بەرەی دەسبەجێ جێبەجێکردنی شەریعەت!**

**دەڵێ زۆر لە نووسەر و بیرمەندان فێربوونە وتارەکانیان بەو چەشنە دەست پێدەکەن: "کەس ناکۆکی نییە، لە حوکمەت و ئۆپۆزسیۆنی موسڵمان و قیبتە مەسیحییەکان، لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، ئەو مەسەلەیە کۆتایی هاتووە و کێشەی لەسەر نییە!"**

**فۆدە دەڵێت ئەو جۆرە قسانە هیچ بنەمایەکی نییە و خوێنەر بە گێل دەزانێت، دەنا مەسەلەیەکی وا گەورە وهەستیار وا بە ئاسانی نابڕێتەوە.**

**فۆدە بەو زانایە دینییە دەڵێت: تۆ خۆت ڕزگارت نەبووە لە کافرکردنت لەبەر بەژداریت لە دەرکردنی چەند یاسایەکی تایبەت ئەحوالی مەدەنی! چۆن دەتوانی مسۆگەری کەیت کە ئەوانەی دەبنە فەرمانڕەوا دوای جێبەجێکردنی شەریعەت لەو تەکفیریانە نابن؟! چ زەمانەتێک هەیە کەسانی عاقڵ و میانڕەو لەو دەوڵەتە حوکمان کات؟!**

**لێمگەڕێ با شەڕی وشترت الجمل بیربهێنمەوە، لە نێوان عەلی و هاوەڵانی وەک عەاری کوڕی یاسر و عبداللەی کوڕی عەباس لەلایەک، عائشە وتەڵحە وزوبێر لەلایەکی تر!چۆن کوژراوەکان ژمارەیان لە دەهەزار کەس نزیک بوەوە، لێت دەپرسم کێ لەسەر هەق بوو؟ کێ ڕاست بوو؟**

بپرسە لە خۆت ئەوە لەسەر دین بوو یان لەسەر سیاسەت وحوکم؟ لێم بپرسە ولە خۆشت بپرسە ئەگەر ئەوە حاڵ ینزیکترین کەسانی پێغەمبەر بێت، ولە هەموو موسڵمانان تێگەیشتووتر لە قورئان و سوونە، ئەی دەبێ حاڵمان چۆن بێ بەدەست ئەو سێ حزبە ئیسلامییەی میسر؟! بۆیە چاکترە بەڕێزم واز لەو بانگەشانە بهێنین کە هیچ پێش ناخات و باشترە باسی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵک بکەین، و چۆن داهاتیان بەرزکەینەوە چۆن نیو ملیۆن کەس کە قەبرستانەکان ژیان بەسەر دەبن، چۆن ژیانێکی لایق بە ئادەمیزادیان بۆ دەستەبەر کەین. ل٩٤

## لە وەڵامی ئیسلامیەکی فرەڕەنگ وحەرباسیفەتی وەک فهمی هویدی لە وتارێکدا بەناوی [الاستقلال التام و الموت الزؤام]

فەهمی هویەیدی لە وتارێکدا لە الاهرام بیرۆکەیەکی نوێ دەخاتەڕوو ودەڵێت: جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی پێویستە بۆ هێنانەدی دوو ئامانج یەکەم سەربەخۆیی نیشتیمانی و دووەم ڕزگاربوونی فەرهەنگی و شارستانی! فۆدە دەڵێت ئەوەی نوێ بوو بۆ ئێمە کە ئێمە داگیرکراوین، ئینجا ئەوەی داگیری کردوین بە پێی داهێنانی ئوستاد هوەیدی بریتییە لەو یاسا هاوەردەکان، و داگیرکردنێکە زۆر خراپترە لە داگیرکردنی سوپای بێگانە، کە لای هوەیدی تەنها شەڕێکی ڕێژەییە و بەراورد ناکرێت بەو شەڕە ڕەهایەی داگیرکردنی تەشریعی ویاسایی! ئەو قسەیەش ئەگەر بەلاغەتەکەی لێ دەرکەین وەک قسەی عبدالسلام فرجە لە کتێبی [الفریضة الغائبة] کە وەسفی خۆمان ویاساکانی کردین بە تەتار، و یاسای ئێستمانی بە یاسای الیاسق ی تەتارەکان چوواند. بە قسەی هوەیدی بێ ئێمە کۆیلەی فەرهەنگ و شارستانی ڕۆژئاواییین، وەک بڵێی دەیەها سەدە لە کەڵەکەبوونی فەرهەنگ و شارستانیەت بەس نییە بۆ قەناعەت

**پێکردنی کەسانێک کە فەرهەنگ ورۆشنبیری ڕەگەزنامەی نییە، و شارستانیەتیش نیشتیمانی نییە، تەنها نیشتیمانی لە زهنی ئەو ئینسانانەیە شوێنێکیان بۆی هەیە. ل ٩٩ من الکتاب**

**وەک دیتت بەشی دووەمی ئەو کتێبە زیاتر وتارگەلێکن دەربارەی شەڕە فیکرییەکانی فەرەج فۆدە، تا بە وردی نەیخوێنیتەوە نازانیت، ئەو پیاوە بیرمەندە گەورەیە، چۆن لە خەمی نیشتیمان و وهاونیشتیمانەکانی و دۆزی دیموکراسیەت و هیوای پێشکەوتنی نیشتیمان بوە. ئەوە گرنگترین باسەکانی ئەو کتێبە بوون کە دوا کتێبی فەرەج فۆدە بوون، خۆشی وەسفی دەکات بە کتێبێکی شیرین بۆ دڵی، هیوادارم ئەوەی دەیەوێ زیاتر سوودی لێ ببینێت ئەسڵی کتێبەکە بخوێنێتەوە.**

# بەشی سێیەم

# غەزالی و فەرەج فۆدە ڕەشکوژی میانڕەوی

# سەرسامی من بە غەزالی وەک میانڕەوێک

## ١

هەرچەندە لەو دۆسییەدا باسی سەرەکی من بیرمەندی ناودار وسێکیولاری میسری فەرەج فۆدەیە، بەڵام بەرلەوەی بێینە سەر وردەکاری کوشتنی فەرەج فۆدە، پێمباش بوو ڕۆڵی بەناو میانڕەوان لە ئەزهەر و ئیخوان ومحمد غەزالی باس بکەین، بە تایبەتی محمد غەزالی کە یەکێکە لەوانەی من پێی سەرسام بووم لەو کاتانەی کە لە زیندانێکی فیکری دینی بووم، هەتا کڵاو ڕۆژنەیەکیشمان شک نەدەبرد، تیشکێکی خۆری لێ بێتە ژوورەوەی مێشکی زیندانی کراوماندا!

یەکەم کتێبی ئەو زاتە کە دەستم کەوت و خوێندمەوە کتێبی [السنة النبوية بين اهل الفقه و اهل الحديث] ئەو کتێبە بوومە لەرزەیەک بوو بە نسبەت منەوە، زۆر قەناعاتی جێی گومان و جێگیری لای من یەک لا کردەوە، بە تایبەتی لە بواری زانستی حەدیسدا، هەروەها لە هەڵوێستی ئیسلام و ئەهلی حەدیس دەربارەی ئافرەت و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و گەلێک بابەتی تر. لەو بوومەلەرزە زانیم کە ئەو ئیسلامەی ناو دەنرا سەحوەی ئیسلامی، ئیسلامی حەدیس بوو تا ئیسلامی قورئان بەپێی تەسنیفی جۆرج تەڕابیشی.

لە پاش ئەو کتێبە دەیەها کتێبیم خوێندەوە، هەتا دەستم کردە وەرگێڕانی کتێبی: (قضايا المرأة بين التقاليد الراكدة والوافدة) و بەشێکی زۆریشم لێی وەرگێڕا بەڵام تەواوم نەکرد. چەندین توێژینەوە و وتاریشم لەسەر نووسی وەک ڕیفۆرمخوازێک و ڕزگارکەرێکی ئافرەتی موسڵمانم پێناس کرد گرنگترینیان وتاری قضية المرأة في فكر محمد الغزالي بوو کە بە عەرەبی لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بڵاوم کردەوە، دوایی لە کوردستانیش بڵاوکرایەوە.

بەڕاستی ئێستاش دەڵێم ئەو پیاوە محمد الغزالي یەکێکە لە هەرە بوێر و بە جورئەتەکانی ناو بازنەی ئەوەی ناوی دەنێن بە ڕابوونی ئیسلامی، و بیروڕاکانی تەکانێکی گەورەیان دایە نیوەندە ئیسلامیەکان بۆ بەخۆداجوونەوە و ڕاستکردنەوەی زۆر لە وەهمەکانی سەحوەی ئیسلامی.

ئێستاش من پێموایە غەزالی گرنگی خۆی لە دەست نەداوە بە تایبەتی بۆ ئەو توونرڕەوانەی هێشتا ڕاست و چۆپ دەست دەکووتن لەناو تاریکایی توونرڕەوی و بیری شمولیەتی ئیسلامی سیاسی. بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت ببێتە قۆناغێک و پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو دنیایەکی فراوانتر لەوەی غەزالی لە بۆچوونەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە!

سەرسامی من بە غەزالی دەگەڕایەوە بۆ سیفەتی جورئەتی وتنی تێدا بوو لەناو گۆڕەپانێکی ترسناک کە بە بچوکترین قەولی جیاواز خوێنیان حەڵال دەکردی! من خۆشم خۆڕسکیانە ئەو سیفەتەم تێدا بوو، کە هەڵوێستەکانیم دەخوێندەوە دەرهەق بە ئیخوان و خودی بەنا و قیاداتی ئیخوانی پاش حەسەن بەنا، و لە هەمووش گرنگتر بوێری و جورئەتی لەسەر توراس و دەقە دینییەکان و قەناعات و بنەما دینییەکان، ئەو بوێریەی ئەو بوێریەکی زیاتری پێ دەدام.

# کەی ڕای من گۆڕا لەسەر غەزالی؟!

ئەوەی خاڵی دەستپێکی گومان و دڵگۆڕانی من بوو لە غەزالی ئەو ڕۆژە بوو کە فەرەج فۆدە کوژرا، هەر لە پاش مونازەرە بەناوبانگەکەی لەگەڵ محمد الغزالي و مەئمون هوزەیبی لە ١٩٩٢/١/٨! فەرەج فۆدە سەرەڕای ئەوەی کە جەماوەرەکە زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامی بوون، نزیکەی ٣٠ هەزار کەسیان کۆببوونەوە، هەر هوتافی الله اكبر و لله الحمد، والجهاد سبيلنا و الموت في سبيل الله اسمى امانينەیان دەگووت، و سوکایەتیان دەکرد بە فەرەج فۆدە، بەڵام هێشتاش فۆدە وەک باڵایەکی فکری بەرز هاوسەنگی خۆی لە دەست نەدا، و بەوپەڕی ڕەوشتی بەرزەوە گفتوگۆی لەگەڵ غەزالی و هوزەیبی دەکرد، بەڵکو چەندین جار گووتی: غەزالی بە مامۆستای خۆمی دەزانم! دەیگووت ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە لە سیاسەتی بگلێنی!

باوەڕتان بێت من خۆم ئەو کاتە کە کاسێتەکەی لە هەولێر بەناو ئیسلامیەکاندا بڵاوبۆیەوە، ئەو کاتە نە ئینتەرنێت و نە یوتیوب و نە فەیسبوک نەبوو، بە کۆمەڵ لێمان دەڕوانی، بیرمە کە مونازەرەکەم دیت، سەرەڕای خۆشەویستی زۆرم بۆ محمد الغزالي، بەڵام هەستم بە جۆرێ هاوسۆزیەکی قووڵی خەفەکراو دەکرد بۆ لۆژیک و ڕەوشت و ڕەفتاری فەرەج فۆدە، ڕقێکی زۆرم لە جەماوەرە ئیسلامیەکەی ئەوێ هەڵسا بوو، کە جەوێکی پڕ لە تۆقاندنیان لە هۆڵەکە دروست کردبوو، لەبەر چەپڵە و فیکە و الله اكبر و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ، مەجالی گفتوگۆکەشیان نەدەدا! ئێستا دەزانم ئەو کاتەش تۆزێ لە عەقڵانیەتم تێدا بوو کە لە کۆتایی دەستی گرتم و پەڕاندیمیەوە لەناو ئەو وەهمە موقەدەسانە!

بێگومان غەزالی یش بە ڕەوشتێکی باش مامەڵەی فەرەج فۆدەی دەکرد، هەرچەندە ڕق و توڕەییەکی پەنهانی بە زمان و ڕوخساریەوە دیار بوو. بەڵام ڕەفتاری مەئمون هوزەیبی کە پێشەوانی ئیخوانی ئەو کاتە بوو، زۆر بە دڵم نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاستی ڕەفتارباشی غەزالی نەدەگەیشت بە ئاستی بەرزی ڕەفتار فەرەج فۆدە، هەستم دەکرد غەزالی لەناخەوە توڕەیە لە پرسیار و پرسەکانی فەرەج فۆدە، و جۆرێک لە شڵەژان و ڕقی پەنهانی پێوە دیار بوو، کە دوایی لە شاهادەدانی مەحکەمە زیاتر بەدیار کەوت! غەزالی بە هەڵوێستی لە کوشتنی فەرەج فۆدە نەک هەر تۆڵەی شکستەکەی کردەوە، بەڵکو خیانەتی لە پرنسیپەکانی خۆشی کرد، کە دەیگووت دژی توند وتیژی و هەتا سزادانی هەڵگەڕاوەشە.!

## ٢

بۆیە کە پاش ماوەیەک زانیم فەرەج فۆدە ڕەشکوژ کرا بە دەستی تیرۆرستێکی ئیسلامی، سوێند بەخوا سەرەڕای ئیسلامی بوونی ئەو کاتەشم بەڵام، لە دڵەوە خەمێکی قووڵ دایگرتم، و زۆرم پێ ناخۆش بوو، مرۆڤێکی هەڵکەوتوو لەبەرەی سێکیولاریزم و فکری مەدەنی، بەرامبەر سەدان و هەزاران شێخ و مەشایخ و نووسەر و بیرمەندی بەناو سەحوەی ئیسلامی هەڵکەوێت، کەچی بەو هەموو کەسانەوە بەرگەی تەنها کەسێک نەگرن، کە تەنها بە وشە ولۆژیک گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات! دەمزانی ئەگەر فەرەج فۆدە بەو لۆژیکە نەرمە و گفتۆگۆیە هێمنانەوە بەرگەی نەگرن و بکوژرێت، کەوابوو تازە تا مردن دەبێ هەر گوێمان لە یەک ئاوازی سەحوەی ئیسلامی بێت! من پێمخۆش بوو گوێم لە هەموو ئاوازە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکان بێت، هەر بە سروشت لە ناخەوە وا لیبڕاڵ هەڵکەوتبووم، زۆر نەمتوانی بەرگەی ئەو داپلۆسینە فیکرییە بگرم کە دین لێمی داوا دەکرد.

ریچارد دۆکینز دەڵێت: دیندارە میانڕەوە چاکەکان جیهانێکی پڕ لە ئاسایشیان بۆ توندڕەوان دەستەبەر کردوە لە ڕێگای ناچارکردنی کۆمەڵگا بۆ ڕیزگرتن لە بیروباوەڕی توندڕەوان! ئەوەی لە هەمووی زیاتر منی زۆر پەست کرد لە غەزالی و دەتوانم بڵێم بۆ چەندەها ساڵ خاڵی دڵگۆڕان و دوورکەوتنەوەی هێدی هێدی زیاتری من بوو لەو و لە ئیسلامی سیاسی بە گشتی، هەڵوێستی غەزالی بوو لەمەر ڕەشکوژکردنی بیرمەندی گەورە فەرەج فۆدە! زۆر هەوڵم دا خۆم لە گێلی بدەم و ئەو هەڵوێستەی غەزالی فەرامۆش بکەم، لە جیاتی سەدەها هەڵوێستی باش و کراوەکانی بێنمە بەرچاوم، بەتایبەتی لەبواری مافەکانی ئافرەت.

**تا سالأنێک بەو شێوەیە گوزەرام، بەلأم لە کۆتاییدا هەر دەنگی عەقڵم سەرکەوت، کەنابێ مرۆڤ لە ڕووی تیوریەوە میانڕەو بێت، بەلأم لەکاتی پراکتیکدا هەمان تێڕوانینی توندڕەو و تیرۆرستانی هەبێت!**

**هەر لە کوردستان بووم تووشی گفتوگۆیەک بووم لەگەڵ نوسەر و شاعیرێکی گەورەی عێراقی خالد المعالی لەسەر کۆمەڵێ بابەتی دینی، و ئەو هەڵویستەی محمد الغزالی، چونکە من وەک نموونەی زانایەکی میانڕەو باسم کرد تا ڕابکەم لە توندڕەوی ابن تیمیە، کەچی ئەو ئەو هەڵویستەی غەزالی هێنایە پێشەوە، کە من تەنها توانیم نکوڵی لێبکەم کە شتی وا ڕووی نەداوە!**

# غەزالی خۆشحاڵ بوو بە کوشتنی فۆدە!

ئەوە هیچ غەزالی هیچ لێدوانێکی نەدا بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانە قێزەونە بە دەستی ئەو تیرۆرستانەی هەتا خودی غەزالیشیان تەکفیر دەکرد لەسەر بیروڕاکانی، لە جیاتی غەزالی بەوپەڕی هێزەوە ئیدانەی ئەو کوشتنە و ئەو تاوانە گەورەیە بکات، نقەی لە خۆی بڕی، بەڵکو پێخۆشبوونیشی پێوە دەبینم لەو بەڵگانەی کە ئێستا بەدەستەوەن!

هەر لە دوای مونازەرەکە غەزالی بە چەند هەفتەیەک لە تەلەفزیۆنی میسری گووتی: " ئەوەی داوەتی خەڵک دەکات بۆ سێکیولاریزم هەڵگەڕاوەیە و پێویستە سزای هەڵگەڕانەوەی لەسەر جێبەجێ بکرێت! ئەولێدوانەش لە ژێر کاریگەری مونازەرەکە و بەبۆنەی دەرچوونی کتێبی "حوار حول العلمانية" فەرەج فۆدە بوو، کە خوێندنەوەیەکمان لەو کتێبە بۆی کردوە!

هەر لە ٢٧/٥/١٩٩٢ بەر لە ١٠ ڕۆژ لە کوشتنی فەرەج فۆدە، شێخ غەزالی لە نەدوەیەکدا لە زانکۆی قاهیرە دەربارەی فەرەج فۆدە و د. فوئاد زەکەریا گووتی: ئەوانە قسە و قسەلۆکی دوژمنانی ئیسلام لە دەرەوە دووبارە دەکەنەوە، خوا هیدایەتیان بدات، ئەگەریش هیدایەتیان نادات لەناویان بات![7]

---

[7] http://arabatheistbroadcasting.com/books/111631265043

# غەزالی وکارە tووندڕەوەکانی

# پاش کوشتنی فەرەج فۆدەش!

پاش کوشتنەکەشی غەزالی بە خۆبەخشانە داوای کرد شایەدی بۆ بکوژەکان بدات، لە تەک شایەدی دانی د. محمود مزروعة، سەرۆکی بەشی عەقیدە و ئایینەکان لە کۆلێژی ئسولی دینی زانکۆی قاهیرە، کە کارێکی شەرعییان کردوە ونابێت سزا بدرێن لەسەر کوشتنەکە، بەڵکو تەنها تاوانێکیان بێ ئیزنی دەسەڵات ئەو کارە شەرعییەیان کردوە!

ئینجا غەزالی کە فشاری زۆری خرایە سەر لەلایەن ڕۆشنبیران، داوای لە شێخ محمود مزروعة کرد، کە موحەریزی یەکەمی دژی فرج فودە بوو، بەیانێکی هاوسۆزی لەگەل خۆی و نەدوەی زانایانی ئەزهەر دەربکات لەگەڵ کۆمەڵێ زانای ئیسلامی، کە هەقی خۆیانە ڕای خۆیان بڵێن، بێ ئەوەی تۆمەتبار بکرێن لەسەر هاندان و دنەدانی کوشتن! ئەو بەیانە محمد عمارە و کاهینی هەر گەورەی میانڕەوی و شەعبی شێخ محمد متولی شەعراویش واژۆیان کردبوو!

غەزالی بەوەندەش نەوەستا لەگەڵ دکتۆر محمود مزروعة کتێبێکی دوو قۆڵیان دەرکرد بە ناونیشانی: "أحكام الردة والمرتدين من خلال شهادتي الغزالي ومزروعة" حوکمی هەڵگەڕانەوە و هەڵگەڕاوەکان بەپێی شایەدی دانی غەزالی و مزروعە!

لەو کتێبە کە ٣٠٠ لاپەڕ زیاترە بە بۆنەی کوشتنی فەرەج فۆدە بە دوو قۆڵی دەریان کردوە، بە درێژی باسی ئەحکامی قورئان و سونە دەکەن لە کوشتنی هەڵگەڕاوەکان، لە کاتێکدا دەیان دەقی غەزالیم دیوە بە دووڕوویی باسی دژایەتی خۆی دەکات بۆ حوکمی کوشتنی هەڵگەڕاوە، و لایەنگری ئازادی بیروباوەڕی کردوە لە ئیسلامدا!

# غەزالی قورئانی

## لە کاتی شایەدی دادگادا بووە سەلەفی وفیقهی!

**غەزالی لە شایەدی دادگادا گووتی:**

**" ئەوان کەسێکی خوێن حەلاڵکراو و هەڵگەڕاوەیان کوشت، کە موستەهەقی کوشتن بوو، ئەوان گوناهی شەرعیان لەسەر شانی ئومەت لادا، حوکمی خوا کەس ناتوانێ بیسڕێتەوە، هەتا ئەگەر تاکێکیش جێبەجێی کرد، تەنها تاوانی ئەو کەسە دەبێتە پێشێلکاری سنووری دەسەلاٚت [افتئات على السلطة ]، مانەوەی هەڵگەڕاوە لە کۆمەڵگا وەک میکرۆبێکە ژەهری بڕێژێ و هانی خەڵک بدات بۆ بەجێهێشتنی ئیسلام، پێویستە فەرمانڕەوا بیکوژێ، ئەگەر فەرمانڕەوا نەیکوژێ، ئەو کاتە دەبێتە ئەرک و واجبی تاک تاکی خەڵک"**

**"کاتێ نوێنەری داکۆکیکار لێی پرسی هیچ سزایەک هەیە لە ئیسلام بۆ پێشێلکاری سنووری دەسەلاٚت، غەزالی گووتی: باوەڕناکەم هیچ سزایەکی هەبێت!**

**لە وەلاٚمێکیتردا غەزالی گووتی:**

**" ئەگەر فەرمانرەوا وازی لە جێبەجێکردنی حوکمی خوا هێنا لەسەر هەڵگەڕاوە، بەردەوام دەبین لە ئامۆژگاری کردنی فەرمانڕەوا بۆ جێبەجێکردنی سنووری خوا و جێبەجێکردنی بۆ ئەو جێ دەهێڵین! بەلاٚم ئەگەر ئەو کەسەی فەرمانڕەوا سزای لەسەر جێبەجێ نەکرد و وازی لێ هێنا، کەسێکی فتنەچی و سەرچاوەی گومڕایی خەڵکانی تر بوو، پێویستە لەسەر ئومەت کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک هەڵبژێرێت، بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەو شەڕ و خراپییە و حەد**

لێ دەرکردنی، چونکە وازلێهێنانی وەک وازهێنانە لە ئاگرێکی بە بڵێسەی ناو کۆمەڵ، بە تایبەتی ئەگەر بانگخواز بوو بۆ گومڕایی، و بڵاوکردنەوەی فەساد، و ژیانی خۆی تایبەت کردبوو بۆ لەکەدارکردنی ئیسلام و بانگەوازی بۆ گومڕایی، ئەوە ئەو کەسە ڕێگا خۆشکەرە بۆ کەسانی تر بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام"!!

محمود مزروعة دەقی شایەدی دانی غەزالی و خۆی لە دادگا تۆمار کردوە لەو کتێبە وەک نمونەیەک بۆ ئەو زانایانەی لە پێناو خوادا لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسێن و فەرمانی مەرگ دژی نەیارانیان دەدەن!

غەزالی خۆبەخشانە چووە دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتی میسری، لای داواکاری گشتی، بۆ شایەدی دان لەسەر بابەتی هەڵگەڕانەوە [الردة]، ئەو غەزالی یەی کە هەموو ژیانی دژی توراس و ئەحکامی فیقهی و حەدیس و تەفسیری ناماقول دەجەنگا، داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ قورئان، دەتوانم بڵێم تارادەیەکی زۆر هەر قورئانی بوو! کەچی لەو بابەتە هەستیارە پشتی لە قورئان و عەقڵ و ئینسانیەت کرد، و پشتی بەست بە هەمان ئەو ئەحکامە فیقهییە دواکەوتوانەی کە لای غەزالی ببوونە هۆی دواکەوتنی موسڵمانان! غەزالی گووتی: حوکمی مورتەدەد [هەڵگەڕاوە] کوشتنە! نازانم غەزالی هەستی بە دۆڕان دەکرد لەو مونازەرە ناوبانگە، حقدی ئەو کاتە بوو یان هەر بەڕاستی وەحشی توراس و فیقهی نائینسانی لە ناخیدا بە ئاگا هات! ئەوە دەقی پرسیار پارێزەری تاوانباران و وەڵامی غەزالیە لە دادگا، محمود مزروعة لەو کتێبەدا بەو نەفەسە تیرۆرستیە دەدوێ:

فەزیلەتی ئیمام و بانگخواز شێخ محمد غەزالی چووە پێش دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتی میسری، لە بەیانی کاتژمێر ١١ ی ١٩٩٣/٦/٢٢ بۆ شاهێدی

دان بۆ خوا – سبحانه و تعالی– وەک شاهێدی نەفی لە دۆزی کوشتنی هەڵگەڕاوە فرج فۆدە، کە سێزدە گەنج تیایدا تۆمەتبار کرا! ل ٢٩١

ئەو مەزروعەیە گوایە ئەزهەری وئیخوانییە، کەچی وەک دەبینن لە بەغدادی داعش مەلعونترە!

سەرۆکی دادگا: بڵێ سوێند بەخوای مەزن هەق دەڵێم!

شاهێد [غەزالی]: بەخوای مەزن هەق دەڵێم!

[یانی غەزالی سوێندیشی بەدرۆ خواردوە کە هەق دەڵێ، چونکە لای تەها عەلوانی، دەڵێ باوەڕم بە حوکمی کوشتنی هەڵگەراوە نییە، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی شەلاتیە تیرۆرستەکان وا شەهادەم دا!]

پارێزەری تاوانبارەکان: ئایە ئیسلام دین و دەوڵەتە؟ ئەو گۆتەیە مانای چییە؟

غەزالی خۆبەخشانە دنیایەک ئایەت وحەدیس دەهێنیتەوە، بۆ سەلماندنی کە ئیسلام دین ودەوڵەتە!

پارێزەری تاوانبارەکان: ئایە تەتبیقی شەریعەی ئیسلام فەرز و واجبە؟

غەزالی: من ئەو وەڵامە بۆ خودی قورئان بەجێ دەهێڵم، خودای تەعالا بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ النساء ٦٥

[نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.]

لە ئایەتێکیتر دەڵێ: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ المائدة ٥٠

[ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و بەجێ بێت، بۆ ئەوانەی یەقینیان هەیە.]

پارێزەری تاوانبارەکان وغەزالی دەڵیی ڕێککەوتوون لەسەر ئەو پرسیارانە، ئەو پرسیارەکان دەکات ودەزانێ غەزالی چۆنی دەنەخشێنێ!

پارێزەری تاوانبارەکان: حوکمی ئەوە چییە بە ئاشکرا دژی جێبەجێکردنی شەرعەتە؟

غەزالی: پوختەی "ئەو کەسە بەهیچ شێوەیەک ئیماندار نییە کە نایەوێ شەریعەت جێبەجێ ببێ لە جحودەوەبێ یان لە گاڵتەوە، وەک خودا لە وەسفی ئەو کەسانە دەڵێ: [ومن لم يحكم بما انزل الله فاولئک هم الكافرون] [واولئک هم الفاسقون] مرۆڤی مونافیق ودوو ڕوو لە ڕەتکردنەوەی بۆ شەریعەتی ئیسلام دەناسرێتەوە!

پارێزەری تاوانبارەکان: حوکمی ئەوانە چییە کە داوا دەکەن حوکمی خودا بە یاسایەکی دانراو بگۆڕدرێ، کە حەڕام حەلال دەکات و حەلال حەڕام دەکات؟

غەزالی: بە یەقینی موسڵمان نییە. خودا دەربارەی ئەوانە دەڵێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ النساء ٦٠

[ئایا نەتڕوانیووەتە ئەو (دووڕووانەی) لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوە و بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە (بۆ پێغەمبەران)! کەچی دەیانەوێت ڕووبکەنە زۆردارو جادووگەرو خوانەناسان تا

دادوەریان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لەکاتێکدا بە ڕاستی فەرمانیان پێدراوە کە باوەڕیان بە (تاغوت) نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بەگومڕاییەکی دوورو بێ سنوور.]

وەک دەبینیت پرسیارەکان هەمووی دژی فەرەج فۆدە دەکرێت! لێرەدا غەزالی هەتا هەقی موسڵمان بوونیش لە فۆدە وەردەگرێتەوە، کە دەیان جار دەڵێت من پارێزەری تاوانبارەکان: ئایە دەبێ مرۆڤێ شایەتمان بینێ و بڵێ موسڵمانم، بە ئاشکرا ڕەتی جێبەجێکردنی شەرعەت بکاتەوە، داوای گۆڕینی شەرعی خوا بکات بە شەریعەتەکانی تاغوتە بەشەریەکان؟!

تۆ ببینە ئەو زمانە ئیسلامی وتووندڕەویەی بەکار دێ لە دادگایی وڵاتێک گوایە عەلمانیە، دەڵێی لە دادگای ڕەقە و موسڵی داعش بەکاردێ، وەڵامەکانی غەزالیش لە وەڵامی داعشێکی تازە پێگەیشتوو دەچێ!

غەزالی: خودا دەڵێ: [ومن الناس من يقول آمنا بالله و اليوم الاخر وماهم بمؤمنين!] [خەڵکانێک هەن دەڵێن باوەڕمان بە خودا وقیامەت هەیە، کەچی ئیماندار نین!] چەندین ئایەتیتر دەهێنێتەوە لەو بارەیە!

## پارێزەری تاوانبارەکان: حوکمی هەڵگەڕاوە چییە؟

**غەزالی: حوکمی هەڵگەڕاوە لە شەریعەت ڕوونە، من ڕای تایبەتیم هەیە. بە پێی ڕای گشتی ئیسلام هەڵەیە...لەوانەیە فەرمانڕەوا پێیوابێ لە جیاتی بکوژرێ زیندانی بکرێ بۆ هەتا هەتایێ...ڕای تایبەتی خۆم ئەگەر یەک تاکە مرۆڤ هەڵگەڕاوە بەدوای داناچم، بەڵام ئەگەر هەڵگەڕاوە لە کۆمەڵگا مایەوە وەک میکرۆبێک ژەهری بڕێژێ و هانی خەڵک بدات بۆ بەجێهێشتنی ئیسلام، پێویستە فەرمانڕەوا بیکوژێ "**

## پارێزەری تاوانبارەکان: کێ هەقی سزادانی هەڵگەڕاوەی هەیە؟

**غەزالی: مەفروزە دەسەڵاتی دادگایی بەو کارە هەڵسێ...نابێ بۆ تاک تاکی خەڵک بێ چونکە دەبێتە پاشاگەردانی.**

**پارێزەری تاوانبارەکان: ئەی ئەگەر یاسا سزای هەڵگەڕاوە نەدا، و سنوور وسزا جیبەجێ نەکات/**

**غەزالی: ئەوە عەیبی دەسەلاتی یاساییە، وعەیبی بەرپرسیارەکانیەتی..**

**پارێزەری تاوانبارەکان: چی دەبێ ئەگەر یاسا سزاکە جێبەجێ نەکا، سزاکە هەر وەک خۆی دەمێنێ لە پێویستی و زەرورەتی جێبەجێکردنی؟**

**غەزالی: کەس حوکمی خوا ناسڕێتەوە، دەبێت جێبەجێ بکرێ.**

**پارێزەری تاوانبارەکان: باشت ئەگەر تاکە کەسێکی خودا جێبەجێی کرد، ئایە ئەوە تاوانێکی کردوە یان پێشێلی دەسەڵاتی کردوە؟**

**غەزالی:  بە پێشێلی دەسەڵات  دادەنرێ، ئەو کارەی ئەنجام دا کە دەبێت دەسەڵات ئەنجامی دا.**

**پارێزەری تاوانبارەکان: ئەو پێشێلەی دەسەڵات، با وای دابنێین دەسڵات سنورەکان جێبەجێ دەکات، هیچ سزایەکی هەیە لە ئیسلامدا؟**

**غەزالی: لەبیرم نایەت سزای هەبێ.**

# غەزالی بەو شاهێدییەی جارێکی تر فۆدەی کوشتەوە!

ئەو شاهێدییە کە جارێکی تر کوشتنی فەرەج فۆدە بوو، بووە هۆی دڵخۆشی جەماعاتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆرستە توندڕەوەکانی، کە بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر غەزالیش و بە کافر و دژی سونەی نەبەوەی و زانای دەسەلاتیان ناوزەد دەکرد!

هەتا تاوانبارێکی سەرەکی دۆزی کوشتنی فەرەج فۆدە و رفعت المحجوب، بەناوی صفوت عبدالغني، گووتی کە شانازی بەو گەواهیدانەی غەزالی دەکات، وهەتا ئەگەر حوکمی لە سێدارەدانیشیان بۆ دەرچوو لە دۆزی ڕەشکوژکردنی فەرەج فۆدە، تەنها ئەو شەهادەتەیان سەروزیادە! نەک هەر هێندە هەتا یەکێک لە بکوژەکانی فەرەج فۆدە، ابو العلا عبد ربە، کە مورسی لە زیندان ئازادی کرد لە سەردەمی حوکمی ئیخوان، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەیگووت: ئێستاش پەشیمان نیم لە کوشتنی فۆدە، گاڵتە بە سۆزی خانەوادەی فەرەج فۆدە دەکات!

## ٣

سەرەڕای ئەو شایەدییە کارەساتیە بە خوێن حەڵاڵکردنی فەرەج فۆدە، غەزالی بەوەندەش نەوەستا، بەڵکو بەیانێکی نووسی و بڵاویکردەوە بۆ پشتگیری محمود المزروعة جێگری سەرۆکی بەرەی زانایانی ئەزهەر، ئەو مەزروعییەی کە بە ئاشکرا داوای کوشتنی فەرەج فۆدەی کرد، بەرلەوەی ڕابکات بۆ سعودیە پاش کوشتنی فەرەج فۆدە بە دوو مانگ، ئەو بەیانامەیەی پشتگیری و لایەنگیرییە لەلایەن شێخ متولی الشعراوی و محمد عمارەی ئیسلامی، و کۆنە مارکسیش پشتگیری لێکرا.

بەو شێوەیە غەزالی بە هەمان زاراوە و لۆژیکی فیقهی ئیسلامی توونڕەو دەستخۆشی لە بکوژانی فەرەج فۆدە و هەر شەهیدێکی تری فیکر و وشە و قەڵەم کرد، ئەو غەزالییەی من دەمناسی و پێی سەرسام بووم، کەسێکی تر بوو کە لە یەکەم کتێبی کە خوێندمەوە: [السنة النبوية بين اهل الفقه و اهل الحديث] دەربارەی حوکمی هەڵگەڕانەوە دەڵێ: کە لە قورئاندا ٢٠٠ ئایەتی ژماردوە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئازادی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا، و دین بە زۆرەملێ نییە!

و هەروەها لە کتێبەکەی دەڵێت کە نابێت پشت بە حەدیسی ئاحاد ببەستین بۆ مەسەلەی گەورەی وەک خوێن! بەڵام وادیارە لەبەر هەڵوێستی دەروونی خۆی لە دژی فەرەج فۆدە، هەموو ئەو نووسینە تیۆریانەی لە بیر کردوو و بە چەقۆیەکی کولی توراس و فیقهی بەدەوی کە خۆی ناوی دەنێت، جارێکیتر فەرەج فۆدەی کوشتەوە!

ئێستاش هەندێ نووسەر و کەسایەتی ئیسلامی دەیانەوێت پاکانە بۆ هەڵوێستەکەی بکەن، وەک فەهمی هوەیدی کە خۆشی نازانێت چ دەڵێت، و دەڵێت غەزالی لە پایەی شایەد بوو نەک موفتی!

بەڵام طه جابر العلواني، کە سەرۆکی پەیمانگای فکری ئیسلامی بوو، بەر لە مردنی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گووتی: غەزالی کە دوو بە دوو بووین لێیم پرسی چۆن ئەو شایەدیەت دا لە دۆزی فەرەج فۆدە، و پاکانەت کرد بۆ کوشتنی؟! دەڵێ غەزالی گووتی: منیش وەک تۆ باوەڕم بە حوکمی ڕەدە و هەڵگەڕانەوە نییە، بەڵام بۆیە وامگووت تا ئەو گەنجانە لە پەتی سێدارە ڕزگار بکەم!!!

لە چ مێژوویەک ڕوویداوە زانایەکی بەناو میانڕەو، ئەو ڕۆژەی کە پێویستە بیسەلمێنیت تۆ باوەڕت بە تیۆر و قسە قەڵەوەکانی ناو کتێبەکەت هەیە، بچیت خیانەت لە بیروباوەڕت بکەیت و درۆ بکەیت بۆ ڕزگارکردنی چەند تیرۆرستێکی ڕشکن؟! سەید قوتب قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: وشەکانمان وەک بوکەڵەی مۆم بێ گیانن، تا لە پێناوی نەمرین، گیانیان پیادا ناکرێت و ناژین!.

هەر خودی شێخ غەزالی یش دەڵێت: زانیاری تیۆری ئەگەر کارپێکردنی نەیگوازێتەوە لە بازنەی بیر بۆ واقیعی ژیان، وەک ئەو خۆراکە وایە کە هەرسکردن نەیتوانیوە بیکاتە جووڵە و گەرمی و هەست!

کەوابوو غەزالی خۆی تیۆرەکانی لەسەر دۆزی هەڵگەڕانەوە و حوکمی هەڵگەڕانەوە فەرامۆش کرد، نەیخستنە بواری کرداری، بەوەش نەک زیانی لە خۆی و ڕێبازی میانڕەوی خۆی دا، بەڵکو بووە نموونەیەک بۆ سڵەمێنەوەی خەڵکانێک کە هێشتا هیوایەکیان بە جۆرێک لە میانڕەوی مابوو لە ناو مەیدانی ئیسلامی سیاسیدا. ئێستا غەزالی بۆتە نمونەیەک توندڕەوان و تیرۆرستان نمونەی پێ دەهێننەوە لە هەموو مەیدانێک کە باسی ئازادی دەربڕین دەکرێت!

**وەک ئاماژەم پێکرد بکوژەکانی فەرەج فۆدە تا ئەمڕۆش سەرخۆشن بە نەشئەی پاکانەکردنەکانی غەزالی بۆ کارە قێزەونەکەیان، نەک هەر ئەوە هەتا لەناو بازنەی ئەزهەر و ئیسلامی ژێرچاودێری حکومەتیش، هێشتا بیروڕای غەزالی لەسەر کوشتنی فۆدە وەک چەکێک بەکاردەهێنن بۆ دەمکوتکردن و هەڕەشەکردن لە هەر بیرێکی ئازاد!**

**کاتێ بەر لە هەشت ساڵ ڕاوێژکاری فەرهەنگی وەزیری ئەوقافی میسری، د.محمد عبدالغني شامة، لە فەتوایەکدا گووتی: ئەو ڕایەی دەڵێ ئەوەی لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە دەکوژرێ، ڕایەکی لاوازە و هیچ دەقێک لە قورئاندا نەهاتووە پشتگیری بکات، بەڵکو ئەوەی هەڵگەڕێتەوە دەبێ دەسەڵاتدار بیپارێزێت و بەرگری لێبکات و ژیانی مسۆگەر بکات. یەک لێشاو نارەزایی لەو لێدوانە کەوتەوە، و نارەزاکان لە بەیان و لێدوانەکانیان شایەدیەکەی زانای پایەبەرز محمد الغزالي یان لە دۆزی ڕەشکوژکردنی فەرەج فۆدەیان بە نموونە هێنایەوە، کە غەزالی بە کافر و هەڵگەڕاوە و موستەهەقی کوشتنی وەسف کرد لەپای لێدوان و قسە و بیر و نوسینەکانی![8]**

**من دڵنیام لە ڕاستگۆیی تەها جابر عەلوانی کە بڕێکی باشی نووسینی ئەویشم خوێندۆتەوە، و بە سیفەتی شەخسیش لە نزیکەوە لە لەندەن دیومە. بەڵام بەرگریەکەی لە غەزالی خراپتر دەشکێتەوە بەسەر غەزالی و دەیسەلمێنیت هاوسۆزی لە بەرزترین پایەی میانڕەوی هەیە لەگەڵ توندڕەوان و تیرۆرستان.. ئینجا من پێموایە غەزالی ڕاستگۆ نەبووبێت لە کردنی ئەو قسەیە بۆ عەلوانی، بەڵکو لە ئیحراجیەوە وای گوتبێت![9]**

---

[8]http://www.alanba.com.kw/ar/world-news/143323/14-10-2010-%D9%87%D9%84-%D8%A7%D9%87%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B4%D9%8A%D8%AE-%D8%A7%D9%84%D8%BA%D8%B2%D8%A7%D9%84%D9%8A-%D9%81%D8%B1%D8%AC-%D9%81%D9%88%D8%AF%D8%A9

[9] https://www.youtube.com/watch?v=lDxkZP8NLD8

## غەزالی ئازادیخواز داوای شاردنەوەی بیروباوەڕ دەکات!

**ئینجا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی گووتی: فەرەج فۆدە لە ڕۆژگارێکی سەخت هات! من لە یەکیک قبوڵ دەکەم بڵێ: من ئیسلامم خۆش ناوێ. باشە لەماڵەوە وابڵێ، و تەنها بۆ خۆتی بڵێ، بەڵام نەکەی نزیک کەویەوە لە ئیسلام، هێرش نەکەیتە سەر ئیسلام، کافر بە بە تەنها بۆ خۆت، هەقمان لێت نییە، بەڵام ئەگەر هاتییە لای مزگەوت گووتت: ئەو بانگدانە چییە؟ واز لەو هات و هۆریایە شێتانەیە بهێنن... پێویست ناکات، سوودی نییە... نەخێر، نەخێر، نەخێر لەو حالەتە بە چاوێکی تر سەیرت دەکەم!**

**کەوابوو تۆ دەتەوێ ئەو ئومەتە بڕوخێنی بۆ خاتری ئیسڕائیل، کە پەڕاوەکانی تەلمود و تەوڕات بە خوڕافات و تەماعیەکانی لە وڵاتەکانمان زیندوو کردۆتەوە، و دەوڵەتێکی بە ناوی ئیسڕائیل قووت کردۆتەوە، ناتەوێ دەوڵەتێکیش هەبێت بە ناوی محمد و دەوڵەتێکت ناوێ بەناوی خوا دامەزرێت، ئەوە کێشەیە! من لە یەکێ قبوڵی ناکەم پێم بڵێ واز لە نوێژ بهێنن، واز لە حەج بهێنن، واز لە ڕۆژووگرتن بهێنن، واز لەوە و لەوە بهێنن، نەخێر، نەخێر، نەخێر ئەوە قبوڵ ناکەم... قبوڵ ناکەم ئەگەر کەسێ هات ویستی بە گاڵتە و بە زۆرلێکردن من بگوازێتەوە بۆ ئەو شارستانییە نوییە [مەبەستی شارستانی ئەوروپییە] ئەو تەنها لایەنە پیس و گلاوەکانی وەرگرتووە و**

دەيەوێت لای ئێمە جێبەجێی کات، و هیچ دەربارەی لایەنە زانستیەکانی نازانێ"![10]

بۆیە دەڵێم ئەو هەڵوێست و قسانەی غەزالی بەرلەوەی بووبێتە هۆکاری تیرۆری فەرەج فۆدە، بۆتە تیرۆر و ڕەشکوژی بانگەشەی میانڕەوی ئیسلامی سیاسی، لەو دەقەی سەرەوە غەزالی وەک هەر توندڕەوێکی بێ ویژدان کۆمەڵێ ئەگەر و تۆمەت و سیناریۆی نا دروست بۆ فەرەج فۆدە بڕیار دەدات کە گوایە فۆدە هاتووە دژی بانگدان و نوێژ و ڕۆژوو و حەج قسەی کردوە! ئینجا غەزالی باسی یەک ئازادی دەکات بۆ مرۆڤ کە هیتلەریش کۆنترۆڵی ئەو ئازادیەی پێ نەدەکرا، ئەویش ئازادی نارەزایی و ڕەخنە و بێ باوەڕی تەنها لەناو ماڵەکەی خۆت و هەر بۆ خۆت!

ئەوە ئەو غەزالیەیە کە من کتێبەکەی (الإسلام والاستبداد السياسي) م دەخویندەوە کە تیایدا دەڵێ: (أن الإسلام لم يعرف حكم الفرد أو الحكم الدكتاتوري، بل كانت تعاليمه ومبادئه تدعو إلى الشورى والرأي الجماعي...) [ ئیسلام قەت حوکمی تاک و دکتاتۆری نازانێت، چونکە تەعالیمەکانی داوای شورا و ڕای گشتی دەکات!]

ئەی کاتێ لە [هموم داعية] دەڵێ: سەیرم بە ئیسلامخوازان دێت زۆرەبڵێیی لەسەر بابەتی بێ کەڵک و ناوەرۆک پووچ زۆر دەکەن و لەزەتی پێوە دەکەن، بابەتگەلێک هیچ پەیوەندی بە ئێستا وئاییندەمان نییە، تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کوشتنی کاتە! هەموو شتێک بە مێشکیان گوزەر دەکات تەنها

[10] http://www.arabtimes.com/portal/article_display.cfm?Action=&Preview=No&ArticleID=35595

**دۆزگەلێکی وەک ئازادی فیکری و سیاسی و مافی تاک و کۆمەڵ نەبێت!" هموم داعیة ل ٤٦**

**ئەی کتێبی: (حقوق الإنسان بين تعاليم الإسلام وإعلان الأمم المتحدة) [مافی مرۆڤ لە نیوان تەعالیمی ئیسلام و جاڕی نەتەوە یەکگرتوەکان] چی لێدەکات کە تیایدا دەلێت: کۆتایی ئەوەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە لە بنەما و زەماناتی پاراستنی کەرامەتی ئینسانی لە ئەلف وبێی ئیسلامە، و جاری مافی مرۆڤی [نەتەوە یەکگرتووەکان] یش تەنها دووبارەکردنەوەیەکی ئاسایی ڕاسپاردە جوانەکانی پێغەمبەری ئینسانیەت محمدە"!**

**ئەو قسانە چۆن دەگونجێنیت لەگەل قسەکانی پێشوو کە دەڵێی تەنها ئازادی مرۆڤ لە ماڵەوە و ناو دڵی خۆیەتی؟! جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان وادەڵێ؟ ئەو جاڕنامەیەی کە تۆ پێت وایە دووبارە کردنەوەی ناوەرۆکی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر و ئیسلامە؟!**

**ئەوە بوو چیرۆکی غەزالی و فەرەج فۆدە کە دەتوانم بڵێم دە ساڵ زیاترە لە زیهنم دەخولێتەوە، بەڕای من هەر فەرەج فۆدە ڕەشکوژ نەکرا، بەڵکو خودی میانڕەوی ئیسلامی ڕەشکوژ کرا، ئەزموونەکان دەیسەلمێنن کە هیچ میانڕەویەک نییە بە مانای وتە و تا سەر بێت، لە قەڕەزاوی پێدا وەرە بۆ غەزالی و ئەردۆگان و دەیانی تر! من کەمێک هیوام بە غەنووشی بوو، کەچی ئەویش جاروبار ناخی خۆی بەیان دەکات، کە تەنها ترس و بێ دەسەڵاتی هەندێ کاری پێدەکەن، دەنا وەک غەزالی لە ڤیدیۆیەک باسی زەڕوڕەتی کوشتنی هەڵگەراوان دەکات! کە کوشتن هەبوو لەسەر باوەڕ، میانڕەوی قسەی قۆڕە.**

# ڕۆڵی سەرەکی ئیخوان لە کوشتنی فەرەج فۆدە!

**عومەر فاروق لێکۆڵەر لە کاروباری گروپە تیرۆرستەکان و گورپەکانی ئیسلامی سیاسی دەڵێ هاندەری سەرەکی کوشتنی فەرج فۆدە، سەرکردەکانی ئیخوان بوون کە لە باگراواندی ڕووداوەکە کاریان دەکرد، جێبەجێکەری سەرەکی کوشتنەکە عمر عبدالرحمن ی موفتی الجماعة الاسلامية بوو!**

**بەڕای من ئیخوانەکان هەر لە باگراوندا بەژداریان نەکرد لە تەحریزکردن لەسەر کوشتنی فۆدە، بەڵکو بە ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ڕەشکوژکردنی فەرەج فۆدە. هەڵمەتێکی گەورە لە میسر لە نێو ئیسلامیەکانی دەسەڵات و دەرەرەوەی دەسەڵاتیش دەستی پێکرد بۆ تەکفیر کردن و حوکمی بە مورتەد کردن و بەکوژدانی فەرەج فۆدە، کە ڕۆڵی سەرەکی ڕۆژنامەی [النور] ئیسلامی ئیخوانی و سەرنووسەرەکەی حمزة دعبس دەیبینی! وەک پیشەی هەمیشەیی ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیان کرد بە ناوزڕاندنی ڕەوشتی فەرەج فۆدە و دەیان نووسی: گوایە فەرەج فۆدە فیلمی ڕووت نیشانی پیاو و ژنەکان دەدات و ئاهەنگی سێکسی بە کۆمەڵ دەکات لە بارەگای ڕێکخراوی [هاریکاری ئافرەتی عەرەب]!**

**ئینجا بەیانامەی نەدوەی زانایانی ئەزهەری بلاوکردەوە کە بانگەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ کوشتنی فەرەج فۆدە! بێ ڕەوشتی حمزة دعبس و ڕۆژنامەی النوری ئیسلامی بە ڕادەیەک گەیشت کە فەرەج فۆدە بەوە تۆمەتبار کەن گوایە کچی خۆی [یاسمین] ی داوە بە باڵوێزی ئیسرائیل، هەرچەندە یاسمین ئەو کاتە تەمەنی ٩ ساڵان بوو!**

**دیارە دەیانزانی شووکردنی کچی منداڵی ٩ ساڵی سوونەتە لای ئیسلامییەکان، بۆیە دوور نییە باوەڕ بەو درۆیەش بکەن! دەنا چۆن مرۆڤێکی تێگەیشتووی**

**وەک فەرەج فۆدە بیر لە شتێکی وا هیچ دەکاتەوە؟! من کە خیبرەیەکی باشی کرداریم هەیە لەگەڵ تۆمەت و درۆ و بوختانی ئیسلامییەکان تێدەگەم کە زۆربەیان و میانڕەوانیان بەر لە توندڕەوانیان، هێندە بێ ویژدان وبێ ڕەوشتن پێیان ئاساییە باسی کچی پێنج ساڵەشت بکەن نەک ژن و خوشک و کچی گەورەت!**

**هەر لە مونازەرەکە کاتێ فەرەج فۆدە ڕەخنەی لە کردەوە تیرۆرستەکانی ئیخوان گرت بە ناوی ڕێکخستنی تایبەت، ئەو ئیخوانەی ئێستاش نکوڵی دەکەن لەو کردەوانە، کەچی مەئمون هوزەیبی گووتی: ئێمە لە خوا نزیک دەبووینەوە بە کردەوەکانی ڕێکخستنی تایبەتێ ئیخوانی موسلمین! واتە توند وتیژی و کوشتن و تەقاندنەوە لوتکەی عیبادەتە بۆ سەرخستنی ئیسلامی سیاسی! ئەوەش پەیامێکی ئاشکرا بوو و هەڕەشەش بوو بۆ فۆدە!**

**ترسناکی ڕۆڵی عبدالغفار عزیز سەرۆکی نەدەوەی زانایانی ئەزهەر لەو بارەیەوە ناکرێ فەرامۆش بکرێ، کە حیسابکراو بوو لەسەر ئیخوان، کاتێ لە ١٩٨٤ لە لیستی ئیخواندا بەژداری کرد لە هەڵبژاردندا، کاتێ ڕاشیکرد لە دادگا بۆ دەرەوەی میسر، سەلماندی کە ئیخوانیەکی دێرینە و بەژداریکەرێکی سەرەکی بوو لە دامەزراندنی ناوەندی ئیسلامی لە میونخ بوو. کە گەورەترین قەڵای ئیخوانە لە ئەوروپا**

**ئینجا جێگرەکەی عبدالغفار عزیزیش واتە دکتۆر محمود مزروعة، لە ١٩٥٦ لەسەر ئیخوانیەت گیرا بوو، لە زیندان چاوێکی لە دەست دا، کاتێ مورسی هەڵبژێردرا بە تەواوی خۆی ئاشکرا کردەوە، وگووتی هەڵبژاردنی مورسی وەک بەیعەتدان بوو بە ابوبکری سدیق!**

شێخ وجدی غنیم ئیخوانی بەناوبانگیش گووتی [تەنها چارەسەری کوشتنە]!

ئینجا ئەوە لەبیر نەکەین کە بەر لە ٥ ڕۆژ لە کوشتنی فۆدە، بەرەی زانایانی ئەزهەر، کە ناوی [نەدوەی زانایانی ئەزهەر] بوو ئەو کاتە، دکتۆر عبدالغفار عزیز و دکتۆر محمود مزروعة بەیانێکیان دەرهێنا و فۆدەیان بە ڕاشکاوی کافر کرد، و بە هەڵگەڕاوەیان لە قەڵەم دا، واتە پێویستە بکوژرێ!

ئەوەش پوختەی شاهێدیەکەی محمود مزروعەی ئیخوانییە لە دادگا لە دژی فەرەج فۆدە!

لە شاهێدیەکەی محمود مزروعەدا بە کورتی هاتووە:

ئەوەی بڕوانێتە شەرعی شەریف، کیتاب وسونە، دەبینێ فەرمانەکان، لە نێویاندا فەرمانی جێبەجێکردنی سنوورەکانی خوا لەسەر موستەهەقەکان، ئاڕاستەی هەموو ئومەت کراوە، و لەلایەن خوداوە تایبەت نەکراوە بە تەنها بە وەلی ئەمر یان فەرمانڕەوا.

لە سزای دزین خودا ئومەت دەدوێنێ و دەڵێ: ٢٠٣ –

﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ المائدة 38

[دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی کاری ناڕەوایاندا ئەمەش تۆڵەیەکە لە لایەن خواوە، خوا باڵادەست و دانایە].

لە سزای زیناش دەڵێت:

﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ ۖ﴾

[سەد قامچی لەهەریەک لە ئافرەت و پیاوی زیناکەر بوەشێنن]

لە سزای بوختانکردن دەڵێت:

﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ النور ٤

[ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاک و خاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبارو فاسقەکاندان]

لە سزای جەنگان لە دژی خوا و پێغەمبەر دەڵێت:

﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ المائدة ٣٣

[ بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دەنجێگن و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و بە گەرمی هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەسادو بەد ڕەوشتی لە زەویدا هەر ئەوەیە، دەبێت بکوژرێن، دەبێت لە خاچ بدرێن، دەست و قاچێکیان بەپێچەوانەوە ببڕدرێت، ئەوە دوور بخرێنەوە لە وڵات، ئەوسزایە خەجاڵەتی و سەرشۆڕیە بۆیان لەدنیادا، لەقیامەتیشدا سزای سەخت و گەورەیان بۆهەیە.]عیانەی قورئان وسونەت بۆمان دەردەکەوێت

لە سزای هەڵگەڕانەوە پێغەمبەر دەڵێت:

[من بدل دينه فاقتلوه]

[ئەوەی دینی گۆڕی بیکوژن]

لەو دەقە شەرعیانەی کتاب وسونە بۆمان دەردەکەوێت، کە وتارەکە ئاڕاستە نەکراوە بۆ کەسێ یان دەستەیەک، بەڵکو خیتابەکە ئاڕاستەی ئومەتی ئیسلامی کراوە.... ئومەتی ئیسلام بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی سزاکانی خودا لە ڕاستیدا، و ئومەت وەلی ئەمری کردۆتە نوێنەری خۆی لە جێبەجێکردنی شەرعی خوا، و سنوور وسزاکانی.

وەلی ئەمر یان سەرۆکی وڵات نوێنەری ئومەتە لە جێبەجێکردنی سزاکانی خودا، ئەگەر جێبەجێی نەکرد و سەرپێچی کرد لە ویست وئارەزووی ئەوەی بە نوێنەری خۆی دایناوە، دەبێت و واجیبە خەڵکەکەی ئومەت بەخۆیان جێبەجێیان کەن بەپێی بەرژەوەندی دنیا وئاخیرەت!یانی هەر سستیەک ە تەمەڵیەک لە جێبەجێکردنی سزای خودا، دەبێتە واجب لەسەر ئومەت خۆی جێبەجێی کات بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ لە ڕێگای ئەهلی پرس وڕا لە زانایانی متمانەدار ...جا ئەگەر کەسانێک هەستان بە جێبەجێکردنی سنور و سزایەک وەلی ئەمر ڕەتی کردەوە جێبەجێی بکات، ئەو کەسانەی جێبەجێی دەکەن هیچ گوناهێکیان لەسەر نییە، بەڵکو لەوانەیە پاداشتی جێبەجێکردنی ئەوەی فەرمانڕەوا ڕایگرتووە لە سزاکانی خودای هەبێ!

دەبێت ئەوەش بزانین کە کاتێک دەسەڵات ئەرکی سزادان دەخاتە سەر شانی خۆی، ئەوە کاتە تاکەکان ئەنجامی دەن دەچنە خانەی پێشێلکردنی دەسەڵات [الافتئات على السلطة] بەڵام ئەگەر دەسەڵات گوێ بە سزا شەرعیەکان نەدا، ئەوە ئەگەر کەسانێک سزایەکی شەرعیان جێبەجێ کرد، ئەو کارەیان ناچێتە ژێر تاوانی پێشێلکردنی دەسەڵات [الافتئات على السلطة] ئەو ڕایەش لە ڕایەکی فیقهی عبدالقادر عودەی ئیخوانی وەردەگرێت، کە فەقیهەکانی داعشیش هەر ئەوەندە دەڵێن! عبدالقادر عودە دەلێت:

"مەرجی سزادانی بکوژی هەڵگەڕاوە لەسەر پێشێلکردنی دەسەڵات، وسوکایەتی کردنی پێی، ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە سزادانەکەی کردبێتە بەرپرسیارەتی خۆی، ئەگەر سزا نەدات لەسەر هەڵگەڕانوە وەک لە میسر وولاتانیتری ئیسلام ڕوودەدات، لەو حالەتە بۆی نییە سزای ئەو بکوژانە بدات بەتۆمەتی پێشێلکردنی دەسەڵات، چونکە دەسەڵات پێشێلکردن کاتێ ڕوودەدات کە دەست تێوەردەدەن لە کاریکی تایبەت بە خۆی! ئەگەر خۆی شەریعەت جێبەجێ ناکات نابێ سزایان بدات بە تۆمەتی پێشێلکردنی دەسەڵاتی خۆی. " ئەوە قسەی ئەو عبدالقادر عۆدەیە ئیخوانیەیە کە جمال عبدالناصر لە سێدارەی دا، ئیخوان ئەو بیر تیرۆرستەی لێکردوینەتە گیڤارا!

یانی بە کورتیەکەی ئەگەر دەوڵەت یەکێک نەکوژێ بە سزای هەڵگەڕانەوە، ئەوە هەر گەجەر وگوجەرێکی دەمارگرژی بێ عەقڵ بۆی هەیە لەسەر شەقام بیکوژێ، بەبێ یاسا و بێ دادگا، تەنها بە هاندانی مەلایەک! ل٣٠٩

## ٤

ئینجا عومەر عبدالرحمن، دامەزرێنەری جەماعەی ئیسلامی جیهادی فەتوای کافربوونی، و هەر ئەندامەکانی خۆشی کوشتنەکەیان جێبەجێ کرد!

بەو شێوەیە ئیسلامیە توندڕە و میانڕەوەکان، و ئیسلامی دەرچوو دژی دەوڵەت و ئیسلامی سەر بە دەوڵەت و ئەزهەر، هەتا شیخ شەعراویش گەلەکۆمەیان کرد بۆ بە کوژدانی فەرەج فۆدە، لە ئەنجامدا لە ١٩٩٢/٦/٨ سەعات ٦ی ئێوارە فەرەج فۆدە تیرۆرکرا بە یەک دەنگی توندڕەو میانرەوان!

| ژمارەی لاپەڕە | بابـەتــەکان | |
|---|---|---|
| 3 | پێشەکی | |
| 5<br>5 | بەشی یەکەم<br>دەروازەیەک بۆ ژیان و بیری فەرەج فۆدە | |
| 12 | بەشی دووەم<br>دوو کتێبی هەرە گرنگی | |
| 13<br>13 | الحقيقة الغائبة [هەقیقەتی ونبوو]<br>ئەو کتێبەی فەرەج فۆدەی لەسەر کوژرا! | |
| 23<br>28<br>37<br>42<br>44<br>51<br>52<br>54<br>60<br>61<br>65<br>67<br>72 | فۆدە چۆن بەرێزەوە باسی بکوژەکانی دەکات!<br>عومەر سەرکەوتوو بوو، عوسمان نوشوستی هێنا<br>خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی ڕاشدینیەکان<br>خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی ئومەویەکان<br>پەڕینەوە لە دەوڵەتی دینی بۆ دنیەوی!<br>جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لای ئەمەویەکان!<br>دژایەتی دەوڵەتی دینی بۆ هونەر وژیان!<br>خوێندنەوەیەکی نوێ لە پەڕاوی عەباسییەکان<br>لەناوبردنی ابن المقفع بە دڕندانەترین شێوە!<br>شەڕاب و جاریە و بەندایەتی و بەچەبازی!<br>بێ ڕەوشتی خەلیفەکان!<br>مەرایی و ترسنۆکی زاناکانی ئیسلام!<br>بەشی کۆتایی: ئیتر چی؟ | |
| 74<br>74<br>74 | کتێبی دووەم<br>حوار حول العلمانية [گفتوگۆ دەربارەی سێکیولاریزم]<br>دوا کتێبی فەرەج فۆدە پێش ڕەشکوژکردنی | |
| 76<br>79<br>81<br>84<br>86<br>89<br>93 | شەڕی شەخسی ئیسلامییەکان لەجیاتی شەڕی فیکری<br>ئیسلامییەکان وفریودانی خەڵک بەناوی دین!<br>بە شەیتانی کردنی زاراوەی عەلمانیەت لای ئیسلامیەکان<br>چۆن کەم عەقڵە دینیە سیاسیەکان جێگای لوتکەکانیان گرتەوە!<br>کۆمەڵگای دینی قەت ناتوانێ لێبوردە بێ بۆ هەمووان<br>دینپەسەندی و جیاکاری لە دەوڵەتی ئیسلامی!<br>عەلمانیە پووچەکان! | |

| | | |
|---|---|---|
| | **بەشى سێیەم**<br>**غەزالى و فەرەج فۆدە ڕەشکوژى میانڕەوى** | 99<br>99 |
| | **سەرسامى من بە غەزالى وەک میانڕەوێک**<br>**کەى ڕاى من گۆڕا لەسەر غەزالى؟!**<br>**غەزالى خۆشحاڵ بوو بە کوشتنى فۆدە!**<br>**غەزالى وکارە توندڕەوەکانى پاش کوشتنى فەرەج فۆدەش!**<br>**غەزالى قوڕئانى لە کاتى شایەدى دادگادا بووە سەلەفى وفیقهى!**<br>**غەزالى بەو شاهێدییەى جارێکى تر فۆدەى کوشتەوە!**<br>**غەزالى ئازادیخواز داواى شاردنەوەى بیروباوەڕ دەکات!**<br>**ڕۆڵى سەرەکى ئیخوان لە کوشتنى فەرەج فۆدە!** | 100<br>102<br>106<br>107<br>108<br>115<br>119<br>122 |

# بەرهەمەکانی نووسەر

**تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە: زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان**

## دۆسێی:

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا [دۆسێی ژمارە ( 1 )]

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!
[دۆسێی ژمارە ( 2 )]

ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی [دۆسێی ژمارە ( 3 )]

پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک [دۆسێی ژمارە ( 4 )]

ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب [دۆسێی ژمارە ( 5 )]

ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا [دۆسێی ژمارە ( 6 )]

فەرهاد پیربال: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! [دۆسێی ژمارە ( 7 )]

کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! [دۆسێی ژمارە ( 8 )]

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150630225203124659&lng=1

# بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=20150630225203124659&qr=true&report=relateditems

## اغتيال فرج فودة
# تفكيك خرافة الاعتدال الاسلامي

## Assassination of Faraj Fouda
# Dismantling the myth of Islamic moderation

Written by: Mohammed Hariri

First Edition: November 2019



فەرەج فۆدە کەسێکی هەستیار بوو لە ناو نێوەندێك لە هیستریای دینی، دەیزانی ئەو هیستریایە دینیە بە کۆمەڵە وڵاتەکەی بەرەو چ کارەساتێك دەبات، لە هەندێ لە پێشبینییەکانی فۆدە دەتوانی هەموو توندوتیژیەکانی قاعیدە و داعش بدۆزیتەوە، کە چۆن فۆدە پێشبینی کردووە.

بەڵام فۆدە هەر موعاناتی لە دەست ئیخوان وئیسلامییەکان نەبوو، بەڵکو بە دەست حزبە بەناو عەلمانیەکان و دەسەڵاتی عەلمانیش دەینالاند، کە لەبەر گەندەڵیان زۆر یاریدەدەر بوون بۆ دەرکەوتن وبەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی و دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانەکە.

دیاردەی ڕاستگۆیی و ئەستۆ پاکی فەرەج فۆدە، هێندە گەورە بوو، نیگەرانی خستبووە دلی سەرتاسەری ئیسلامییەکان، بە ئیسلامی حکومیشەوە، جونکە ئەزهەر و شەعراوی ومحمد غەزالی نزیك لە حکومەتیش دژایەتیان دەکرد بەر لە ئیخوان و الجماعة الاسلامية و جماعة الجهاد و باقی توندڕەوەکانی تر. بۆیە بەرلەوەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی فەتوای کوشتنی بدەن، احمد مەزروعەی جێگری سەرۆکی بەرەی زانایانی ئەزهەر فەتوای تەکفیر و هەڵگەڕانەوەیان دا!

بەو شێوەیە ئیسلامی سیاسی بە عمر عبدالرحمن و سەلاح ئیسماعیلی جیهادی و بەناو ئیخوانە میانڕەوەکان، لەگەڵ ئیسلامی ڕەسمی حکومی بە ئەزهەر و غەزالی وشەعراویش، هەماهەنگ بوون و گەلەکۆمەیان لێکرد، نەیانتوانی بەرگەی فیکری فەرەج فۆدە بگرن، و وەلامی دەنەوە بە وشە، لە جیاتی چەندین گەمژەی ساویلکەی دینیان فریودا بە گوللە وەلامی فۆدەی شەهید بدەنەوە.

فەرەج فۆدە هەموو ئامانجی پێکەوە ژیان و دەوڵەتی هاولاتی بێ فەرق وجیاوازی، و نیشتیمانێکی دیموکراتی و پێشکەوتوخواز بوو.

کاتێ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەبیتەوە، مەگەر بڕیاری پێشوەختەت دابێ، دەنا دەگەیتە قەناعەتی تەواو، کە ئەوەی پێی دەگووترێت ئیسلامی میانڕەو تەنها وەهم و ئەفسانەیە. چونکە کەسێکیان لەوپەڕی میانڕەویەوە تا ئەوپەری توندڕەویەوە نەیانگووت، ئەو کابرایە نابێ تەکفیر بکرێ، ونابێ بکوژرێ و فەتوای کوشتنی بدرێ. هەموویان بەژداربوون لە ڕشتنی خوێنی فەرەج فۆدەی مەزن.

Design: hadi hunar